RÛDAW

# رووداو

ژمارە (520) دووشەممە 2018/9/17 - 26ی گەلاوێژ 2718 (750) دینار

## پاسەوانەکانی قاسم شەشۆ فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی دارکاری دەکەن

**رووداو- شنگال**

نیوە شەوی 2018/9/13 پاسەوانەکانی قاسم شەشۆ، کاتێک خاڵ عەلی، فەرماندەی فەوجی لالشی سەر بە حەشدی شەعبی، لە ماڵی بێوەژنێک لە گوندی بورک-ی سەر بە ناحیەی سنوونێ دەگرن و دەیبەنە شەرفەدین. شێخ ئیسماعیل بەحری، کە مجێوری پەرستگەی شەرفەدینە، بە (رووداو)ی گوت :"خاڵ عەلی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گیرابوو، چووبووە ماڵی بێوەژنێکی گوندی بورک، کە پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ هەبووە". بەڵام خال عەلی ئەو تۆمەتانەی رەتکردنەوە کە خراونەتە پاڵی و دەڵێت بابەتەکە سیاسییە نەک کۆمەڵایەتی "بابەتەکە سیاسییە، چونکە ئێستا بارەگای فەوجەکەی من لە شوێنی پێشووی فەرماندەی شنگالە لە سەنتەری شنگال، بۆیە رقیان بەرامبەر من هەڵگرتووە".

قاسم شەشۆ، فەرماندەی فەرماندەیی شنگال، سەبارەت بە کێشەکەی خاڵ عەلی بە (رووداو)ی گوت: "کێشەی ئەمجارەم لەگەڵ خاڵ عەلی کێشەی سیاسی نەبوو، بەڵام خاڵ عەلی راستییەکە دەشارێتەوە. ئەو لەلایەن کەسوکاری ژنەکەوە دەستگیرکراوە". شەشۆ گوتیشی "بەنیازم بووم لەسەر ئەو کارە گوێ و لووتی خاڵ عەلی ببڕم، ئازادیشی نەکەم، بەڵام مجێوری شەرفەدین و فەرماندەی لیوای 73ی سوپای عێراق بۆی پاڕانەوە، بۆیە ئازادمکرد".

«2



**پارتی بۆ یەکێتی:**
## پۆستی سەرۆککۆمارتان نادەینێ
3

**گۆرانی ئینزیبات:**
## ببمە پەرلەمانتار واز لە گەعدە دەهێنم
10

**بەپێی رووپێوییەک**
## داهاتی خەڵکی هەولێر زیاترە لە داهاتی خەڵکی سلێمانی
6

**بەهێزترین کاندیدی سەرۆکوەزیریی عێراق بۆ (رووداو):**

# قەت دژی فیدراڵی نەبووم



کورد پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق یەکلایی دەکاتەوە

فیدراڵی شتێکی زۆرتر نییە لەوەی لە ئیمارات هەیە و کۆنفیدراڵییە

5

کۆمەڵایەتی 13

### سوێدییەک کوردێک دەکوژێت



راپۆرت 7

### "ژمارە شوومەکە" بەربژێرەکان ناترسێنێ

ئابووری 8

### سزای سەرخۆشی یەک ملیۆن دینارە



ژنان 12

**دکتۆر شایان عەسکەری:**
### هیچ لە سیاسەت نازانم



**(رووداو) پێشبینیی 5 پارتی بەشدار لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بڵاودەکاتەوە** 3

| کۆمەڵ | بەرەو ئیصلاح | گۆڕان | یەکێتی | پارتی |
|---|---|---|---|---|
| 9 | 10 | 24 | 26 | 40 |
| کورسی | کورسی و زیادتر | کورسی | کورسی | کورسی و زیادتر |

رووداو
ژمارە (521) - دووشەممە 2018/9/17



## کۆمەڵ بەربژێری بۆ پۆستی سەرۆککۆمار دەبێت

**رووداو- بەغدا**

ئەحمەدی حاجی رەشید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، بە (رووداو)ی راگەیاند :"دوور نییە کۆمەڵی ئیسلامی بەربژێرمان هەبێت بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بڕیاری لێدەدەین". گوتیشی "ئامادەکاریمان بۆ ئەم بابەتە کردووە، خۆکاندیدکردنی منیش سەرەتایەک بوو بۆ ئەو قۆناخە". ئەحمەد حاجی رەشید کە خۆی بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەربژێر کرد و سەرنەکەوت، رەتیدەکاتەوە بەو کارەی نێومالّی کوردی لێکترازاندبێت و گوتی :"ئەوەی نێو ماڵی کوردی ترازاند، ئەوەبوو بەبێ گەڕانەوە بۆ ئێمە، بەناوی کوردەوە رێککەوتنی سیاسی ژێربەژێری کردووە بۆ دابەشکردنی پۆست و ئیمتیازاتەکان".

## پاسەوانەکانی قاسم شەشۆ دارکاری دەکەن

# فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی لە ماڵی بێوەژنێکدا دەگیرێت



فەرماندەی فەوجی لالشی سەر بە حەشدی شەعبی رەتیدەکاتەوە لە ماڵی بێوەژنەکە گیرابێت

**کاروان عەلی**
**رووداو- شنگال**

پاسەوانەکانی قاسم شەشۆ، فەرماندەی پێشمەرگەی شنگال دەڵێن فەرماندەیەکی حەشدی شەعبیان لە ماڵی بێوەژنێکی ئێزدی لە گوندێکی سەر بە شنگال دەستگیرکردووە، قاسم شەشۆ دەڵێت لەبەر خاتری مجێوری شەرفەدین ئازادمکرد، فەرماندەکەی حەشدی شەعبیش ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە کە دراوەتە پاڵی.

نیوە شەوی 2018/9/13 پاسەوانەکانی قاسم شەشۆ، کاتێک خاڵ عەلی، فەرماندەی فەوجی لالشی سەر بە حەشدی شەعبی، لە ماڵی بێوەژنێک لە گوندی بورک-ی سەر بە ناحیەی سنوونێ دەگرن و دەیبەنە شەرفەدین، دوای دوو کاژێر قاسم شەشۆوە ئازادی دەکات.

شێخ ئیسماعیل بەحری، کە مجێوری پەرستگەی شەرفەدینە، بە (رووداو)ی گوت "کاژێر 12ی شەوی 2018/9/13 خاڵ عەلی، فەرماندەی فەوجی لالشی سەر بە حەشدی شەعبی لەلایەن پاسەوانەکانی قاسم شەشۆوە لە گوندی بورک-ی سەر بە ناحیەی سنوونێ دەستگیرکرا و هێنرایە شەرفەدین".

شێخ ئیسماعیل ئاماژەی بە هۆکاری دەستگیرکردنی خاڵ عەلی کرد و گوتی: "خاڵ عەلی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گیرابوو، ئەو بەبێ پاسەوان چووبووە ماڵی بێوەژنێکی گوندی بورک، کە پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ هەبووە". گوتیشی "بەهۆی ئەوەی خاڵ عەلی پێشتر گومانی لەسەر هەبووە، بۆیە خرابووە ژێر چاودێریی پاسەوانەکانی قاسم شەشۆ. بۆیە هەر کە چووبووە ماڵی ئەو بێوەژنە، لەنێو حەوشەی ماڵەکە دەستگیرکرابوو".

بە گوتەی شێخ ئیسماعیل، خاڵ عەلی دەمانچەیەک و دوو رومانەی پێبووە، چەند فیشەکێکیشی تەقاندووە، بەڵام پاسەوانەکان و کەسوکاری ژنەکە، هەر لەوێ خاڵ عەلییان دەستگیرکردووە و لێیانداوە و سەریان شکاندووە، پاشان هێنابوویانە مەزارگەی شەرفەدین.

ئەو کاتەی خاڵ عەلی لە شەرفەدین لەلایەن قاسم شەشۆوە دەستبەسەر بووە، گرووپێکی فەوجی لالشی سەر بە حەشدی شەعبی هاتوون بۆئەوەی خاڵ عەلی ببەنەوە، بەڵام رێگەیان پێنەدراوە نزیک شەرفەددین بکەونەوە. پاشان فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی لە شنگال هاتووە و خاڵ عەلیی لەگەڵ خۆی بردووەتەوە. شێخ ئیسماعیل دەڵێت: "پۆلیس خاڵ عەلیی بە دەستی کەلەپچەکراوەوە خستە نێو مێکزەمینێک و بردیەوە بۆ نێو شنگال".

> **بەنیازبووم گوێ و لووتی ببڕم و ئازادیشی نەکەم**
>
> قاسم شەشۆ

خاڵ عەلی کە دوای ئازادکردنی قسەی بۆ (رووداو) کرد ئەو تۆمەتانەی رەتکردنەوە کە خراونەتە پاڵی و گوتی "ئەوانە تەنیا بیانوون. من دەمویست بچمە گوندی بۆرک و سەردانی مەزارگەی شێخ بەرەکات بکەم، بەڵام چەند پاسەوانێکی قاسم شەشۆ هاتن و رێگەیان پێنەدام بچمە مەزارگەکە. پاشان سەعات 8 نەک 12ی شەو چوومە میوانداریەک لە گوندەکە".

خاڵ عەلی پێیوایە بابەتەکە سیاسییە نەک کۆمەڵایەتی و گوتی "بابەتەکە سیاسییە، چونکە ئێستا بارەگای فەوجەکەی من لە شوێنی پێشووی فەرماندەی شنگالە لە سەنتەری شنگال، بۆیە رقیان بەرامبەر من هەڵگرتووە".

سەبارەت بە دەستگیرکردنی لە ماڵی ئەو بێوەژنە، خاڵ عەلی گوتی "من لەو ماڵە نەگیراوم، کاتێک لە میوانداریەکە تەواو بووم، دەمەویست بگەڕێمەوە شنگال، پاسەوانەکانی قاسم شەشۆ رێگەیان لێگرتم، هەرچەندە ئەوان بێڕێزیان بەرامبەر من کرد، بەڵام من نەمویست ببێتە شەڕی براکوژی، بۆیە لەگەڵیان چوومە شەرفەدین".

> **لەبەر شەڕی براکوژی خۆم تەسلیمی پاسەوانەکانی شەشۆ کرد**
>
> فەرماندەکەی حەشدی شەعبی

خاڵ عەلی دەڵێت ئێستا 600 چەکداری هەیە و بارەگای فەوجەکەی لە شوێنی پێشووی فەرماندەیی شنگالە کە بەرپرسەکەی قاسم شەشۆیە، بۆیە قاسم شەشۆ رقی بەرامبەر هەڵگرتووە و تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستێ. تاوەکو بارەگاکەی بۆ چۆڵ بکات. قاسم شەشۆ، فەرماندەی فەرماندەیی شنگال، سەبارەت بە کێشەکەی خاڵ عەلی بە (رووداو)ی گوت: "کێشەی ئەمجارەم لەگەڵ خاڵ عەلی کێشەی سیاسی نەبوو، بەڵام خاڵ عەلی راستییەکە دەشارێتەوە. ئەوە من نیم سەعات 12ی شەو بچمە نێو ماڵی خەڵک بۆ بەدڕەوشتی".

قاسم شەشۆ ئاماژەی بەوەدا خاڵ عەلی سەرەتا لەلایەن کەسوکاری ژنەکەوە دەستگیرکراوە، ئینجا پەیوەندی بە پاسەوانەکانی ئەوەوە کراوە. قاسم شەشۆ بەنیازبووە سزایەکی توندی خاڵ عەلی بدات، بەڵام نەیانهێشتووە. شەشۆ گوتی "بەنیازم بووم لەسەر ئەو کارە گوێ و لووتی خاڵ عەلی ببڕم، ئازادیشی نەکەم، بەڵام مجێوری شەرفەدین و فەرماندەی لیوای 73ی سوپای عێراق بۆی پاڕانەوە، بۆیە سەعات دووی شەو ئازادمکرد".

# 18 بەربژێری کریستیان شەڕ لەسەر 5 کورسی دەکەن

**ناسر عەلی**
**رووداو - دهۆک**

تا رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنیش، 23 بەربژێر خۆیان ئامادە کردبوو بۆئەوەی کێبڕکێ لەسەر 5 کورسیی کۆتای کریستیانەکان بکەن لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام رۆژی بانگەشە پارتی ئەبنائولنەهرەین بە پاساوی دەستتێوەردانی حیزبە کوردستانییەکان لە کورسیی کۆتاکان، بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن. ئێستا کێبڕکێیەکە لەنێوان 18 بەربژێری کریستیانە، کە زۆربەیان لە سنووری پارێزگای دهۆکن.

پێشتر پارتی و یەکێتی تۆمەتبار دەکران کە بەربژێر بۆ کورسیی کۆتاکان دادەنێن و هەوڵ بۆ دەرچوواندنی دەدەن، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە بزووتنەوەی گۆڕانیش هاتە ریزی پارتی و یەکێتی، دوای ئەوەی توانی لیستێک بۆ کریستیانەکان دروست بکات.

> **بزووتنەوەی گۆڕانیش لیستی بۆ کریستیانەکان دروستکردووە**
>
> سەرۆکی لیستی رافیدەین

لیستی رافیدەین، 5 بەربژێر، لیستی دیموکراتی مەسیحی 3 بەربژێر، ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری 5 بەربژێر، هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی 5 بەربژێریان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیە.

ئەنجوومەنی گەلی کلدانی ئاشووری سریانی، ئێستا دوو پەرلەمانتاری هەیە، چاوی لەوەیە ئەمجاریش لانیکەم دوو لە بەربژێرەکانی بگەنە پەرلەمان. شەمسەدین گورگیس، سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی کلدانی ئاشووری سریانی بە (رووداو)ی گوت: "شاری دهۆک بۆ ئێمە زۆر گرنگە، بۆیە لە کۆی پێنج بەربژێر سێیان خەڵکی پارێزگای دهۆکن، ئێمە متمانەمان بەخۆمان هەیە کە ئەم هەڵبژاردنەش دەنگێکی باش بهێنین".

بەگوتەی گورگیس، گەرمترین بانگەشەی لیستە کریستیانەکان لە شاری دهۆک دەبێ، چونکە نزیکەی 70%ی بەربژێرەکانی لیستی کریستیانەکان خەڵکی پارێزگای دهۆکن.

لەم هەڵبژاردنەدا، تا ئێستا دهۆک گەرمترین بانگەشەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەچێت، لیستە کریستیانەکانیش بانگەشەیان لەو شارەدا چڕکردووەتەوە.

فەرید یەعقوب کە بەرپرسی بزاڤی دیموکراتی ئاشوورییە لە دهۆک و سەرۆکایەتیی لیستی رافیدەین دەکات بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بە (رووداو)ی راگەیاند لیستەکەی ئەوان ئەمجارە کەسی بەتوانای تێدایە کە 3 لەوان خەڵکی پارێزگای دهۆکن و ئامادەکاریی باشیشیان کردووە.

بزاڤی دیموکراتی ئاشووری، کە فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی کوردستان ناوی رافیدەینە، ئێستا خاوەنی 2 کورسین، فەرید یەعقوب لەو باوەڕەدایە ئەگەر تەزویر نەکرێ، 4 کورسی بەدەستدەهێنن.

فەرید رەخنە لە پارتی دەگرێ و دەڵێت: "پارتی چاوی لە کورسیی کۆتاکانیشە. ئێمە تەنیا 5 کورسیمان هەیە، دە وازبێنن با نوێنەری راستەقینەی کریستیانەکان بگاتە پەرلەمان".

گوتیشی "پێشتر تەنیا پارتی پشتگیری لە ئەنجوومەنی گەلی کلدانی ئاشووری دەکرد بۆئەوەی بگەنە پەرلەمان، ئەمجارە بزووتنەوەی گۆڕانیش لیستی بۆ کۆتای کریستیانان دروستکردووە و پشتگیرییان دەکەن".

ئەو لیستەی کە بزووتنەوەی گۆڕان پشتگیریی دەکات، لیستی دیموکراتی مەسیحییە کە بە 3 بەربژێر بەشداریی هەڵبژاردن دەکات. فەرید یەعقوب دەڵێت "ئەو لیستەی گۆڕان پشتگیرییان دەکات، لە کریستیانەکانی هەولێر و سلێمانین، گۆڕانیش دەیەوێ وەکو پارتی کۆتاکان لە پەرلەمان پشتگیریی هەڵوێستەکانیان بکەن".

لیستی ئەبنائولنەهرەین کە 5 بەربژێری هەبوو و ئێستا کورسییەکیان لە پەرلەمان هەیە، رۆژی 2018/9/11 بڕیاریدا بایکۆتی هەڵبژاردن بکات، دوای ئەوەی رەچاوی داواکارییەکەیان نەکرا کە داوایانکردبوو، یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە و تەنیا کەمینەکان بۆیان هەبێ دەنگ بە لیستی کۆتاکان بدەن.

فەرید دەڵێت: "کۆتای کریستیانان دەبێ بۆ کریستیانەکان بێ و نوێنەری راستەقینەی ئەوان بچنە پەرلەمان. ئێمە نامانەوێ هەر هەڵبژاردنێک لایەنێک بێ لیستێکمان بۆ ئامادە بکات و بۆئەوەی ئەجێندای ئەوان لە پەرلەمان جێبەجێ بکەین".

> **گەرمترین بانگەشەی ئێمە لە شاری دهۆکە**
>
> سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی کلدانی ئاشووری سریانی

## 9 قەوارە و بەربژێری سزاداوە

# داهاتی هەفتەیەکی کۆمیسیۆن 22 ملیۆن دینار بووە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو - هەولێر**

بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و رێنماییەکانیان، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان سزای دارایی ژمارەیەک قەوارە و بەربژێری بەشدار لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی داوە. بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمیسیۆنیش دەڵێت چەندین سەرپێچیی دیکەی قەوارە و بەربژێرەکانی دیکەیان بۆ هاتووە و ناردوویانە بۆ ئەنجوومەنی کۆمسیاران، بۆئەوەی لێیان بکۆڵنەوە.

شۆڕش حەسەن، بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند تاوەکو ئێستا سزای 7 قەوارە و 2 بەربژێریان داوە، ئەو پارەیەی لێشیانوەرگرتوون 21 ملیۆن و 500 هەزار دینار بووە.

شۆڕش حەسەن وردەکاریی پێشێلکارییەکان و سزادانەکانی ئاشکراکرد و گوتی: "نەوەی نوێ بە 10 ملیۆن دینار سزادراوە، چونکە لەکاتی بانگەشەدا زۆرترین سەرپێچیی کردووە. پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەربژێرێکی بە چوار ملیۆن دینار سزادراون. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سێ ملیۆن دینار، هەریەکە لە قەوارەی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح، پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، پارتی چاکسازی تورکمانی، ئەنجوومەنی گەلی کلدانی، سریانی، ئاشووری بە یەک ملیۆن دینار سزادراون. هەروەها یروانت نیسان، سەرۆکی قەوارەی ئەرمەن، بە 500 هەزار دینار سزادراوە".

> **نەوەی نوێ زۆرترین سزا دراوە**

بەگوتەی شۆڕش حەسەن، سەرپێچییەکانی لیستەکان تەنیا ئەوەندە نین کە سزادراون، بەڵکو لەماوەی هەفتەی یەکەمی هەڵبژاردندا زۆر سەرپێچیی دیکە کراون: "رۆژانە سەرپێچیی قەوارە و بەربژێرەکانمان بۆ دێت و بەشێکیمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی کۆمیسیاران، تاوەکو لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت و ئەوانەی سەرپێچین سزابدرێن".




500 ملیۆن دیناری قەوارەکان لەلای کۆمیسیۆنە

### دەستیان لەژێر سەری کۆمیسیۆندایە

لەکاتی تۆمارکردنی ناوی قەوارەکان، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان بڕێک پارە وەک بارمتە لە قەوارەکان وەردەگرێ، تاوەکو لەکاتی کشانەوە یان پابەندنەبوون بە رێنماییەکانیان سزایان بدەن. ئەو پارەیەش 500 ملیۆن دینارە، شۆڕش حەسەن دەڵێت "لەکاتی تۆمارکردنی قەوارەکان لەلامان، کۆمیسیۆن 30 ملیۆن دینار لە هەر قەوارەیەکی گشتی کورستانی و 15 ملیۆن دینار لە قەوارەی پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحی و کلدان و ئاشووری و 5 ملیۆن دیناری لە قەوارەی ئەرمەنەکان وەکو بارمتە وەرگرتووە".

24 قەوارەی سیاسی ناویان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجی پەرلەمانی کوردستان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیدا تۆمارکراوە، کە 10 قەوارەیان گشتیی کوردستانین و 13 قەوارەی پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحی و کلدان و ئاشوورین. قەوارەی ئەرمەنیش بەجیا لە کۆمیسیۆن تۆمارکراون.

### پارەی سەرپێچییەکان بۆ کۆمیسیۆن نییە

ئەو پارەیەی لەبەرامبەر سەرپێچیی قەوارە و بەربژێرەکان وەردەگیرێت بۆ کۆمیسیۆن نییە، شۆڕش حەسەن دەڵێت "کۆمیسیۆن سزای سەرپێچیی قەوارە و بەربژێرەکان لەو پارەیە دەگێڕێتەوە کە وەکو بارمتە لە قەوارەکان وەرگیراوە. دوای پرۆسەی هەڵبژاردنیش کاتێک دیاریدەکرێت بۆ لابردنی ئەو فلێکس و پۆستەرانەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن هەڵیانواسیوە. دواتر ئەگەر لە پارە بارمتەکانیان مایەوە بۆیان دەگێڕدرێتەوە، ئەگەر سەرپێچییەکانی قەوارەیەکیش زیاتر بوو لە پارەکە، دەبێت پارە زیادەکە بداتە کۆمیسیۆن بەرامبەر ئەو پێبژاردنەی وەکو سزایەک بۆی دەرچووە". گوتیشی "ئەو پارەیەی کە بەهۆی سزادانی قەوارە و کاندیدەکان وەردەگرێت، دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت و هیچی بۆ کۆمیسیۆن نییە".

### یەکگرتوو رازییە و پارتیش تانەی لێدەدات

لەبەرامبەر سزادانیان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، قاسم گەلاڵی، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئێمە شتی یاسایی قبوڵ دەکەین، چونکە شایەت و بەڵگەی وێنەییان هەیە، بۆیە ئێمە قبوڵی دەکەین و هیچ تانەیەکمان لەسەری نییە". بەڵام دەزگای هەڵبژاردنی پارتی تانە لە بڕیارەکە دەدەن و پێیانوایە کۆمیسیۆن جیاوازی لەنێوان لایەنەکان دەکات. هاوار محەممەد، بەرپرسی بەشی یاسایی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (رووداو)ی گوت :"پێمانوایە لەپێناو رازیکردنی چەند لایەنێکی دیکە سزای ئێمەیان داوە. هەموو لایەنەکان پێشێلکارییان کردووە، بەڵام کۆمیسیۆن لێی بێدەنگە، بۆیە دوای ئەوەی بەفەرمی ئاگادارکراینەوە لە سزادانەکە، بڕیارماندا تانە لە بڕیارەکەی کۆمیسیۆن بدەین".

## یەکێتی بە مەرج بەرهەم ساڵح دەکاتە بەربژێری سەرۆککۆماری

# "بەرهەم ساڵح ئامادەیە گەرەنتی بداتە بافڵ تاڵەبانی"

نەوزاد مەحموود
ڕووداو– سلێمانی

کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ یەکلاکردنەوەی یەکێک لەو 5 بەربژێرانەی دەیانەوێ ببنە سەرۆککۆماری عێراق، بەردەوامە. تاوەکو ئێستا، کێبڕکێکە لەنێوان مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی یەکێتی و بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریدا ماوەتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت: "لەنێو مەکتەبی سیاسیدا مەلا بەختیار دەنگی زۆرینەی هەیە، بەڵام ئەوە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا دوا بڕیاری لەسەر دەدرێ".

بڕیارە ڕۆژی 2018/9/25 پەرلەمانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار کۆببێتەوە. دواتر سەرۆککۆماری نوێ، سەرۆکی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت ڕادەسپێرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە 4 کەس لەناو یەکێتیدا ململانێ لەسەر ئەوە دەکەن ببنە بەربژێری حیزبەکەیان بۆ ئەو پۆستە. حیزبەکەشیان دەیەوێ بە کورسییەکەی فوئاد مەعسوم، چەند کورسییەک بەدەستبهێنێتەوە کە بەرهەم ساڵح بە بەشدارینەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا لەدەستیان دەدات، ئەمە جگە لە ڕازیکردنی پارتی.

ڕۆژی 2018/9/16 مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە سلێمانی کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا بەرهەم ساڵح و مەلا بەختیار، وەک دوو ڕکابەر بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە تاوتوێکران. بەپێی ئەو زانیاریانەی ڕووداو لە ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی و کەسێکی ئاگاداری نێو کۆبوونەوەکە وەریگرتوون "تاوەکو پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە، چانسی بەرهەم ساڵح بەهێزتر بوو، بەڵام بەشێکی زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەوە بوون مەلا بەختیار ئەو پۆستە وەربگرێ".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، زانیاریی زۆرتر باسدەکات و دەڵێ: "بەڵام باڤڵ تاڵەبانی پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی کە بەرهەم ساڵح دەستنیشان بکرێت و ئامانجەکەشی ئەوەیە لەڕێگەی ئەو پۆستەوە هاوپەیمانی بە بەرهەم ساڵح هەڵبوەشێنێتەوە و کۆسپەکانی بەردەم یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کەمتر بکاتەوە".

ئەو گوتیشی: "دوای کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی، هەریەکە لە ئەرسەلان بایز و عیماد ئەحمەد و باڤڵ تاڵەبانی چوونەتە لای بەرهەم ساڵح و پێیانڕاگەیاندووە پێویستە بەفەرمی گەڕانەوە بۆ نێو یەکێتی ڕابگەیێنێ، ئەوکات دەبێتە بەربژێری یەکێتی بۆ سەرۆککۆماری عێراق و دواتریش لەگەڵ پارتی لەوبارەیەوە گفتوگۆ دەکەن".

محەممەد سابیر و لەتیف ڕەشید، هەردووکیان ئاوەڵزاوای تاڵەبانین و هێشتا سوورن لەسەرئەوەی بەربژێری حیزبەکەیان بن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری عێراق. هاوکات د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، داوایکردووە لە ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی و سەرکردایەتی، چوارساڵی دیکە لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا ئامانجە گەورەکەی یەکێتی گەڕانەوەی بەرهەم ساڵحە، بۆئەوەی لە قۆناخی داهاتوودا کار لەسەر بزووتنەوەی گۆڕانیش بکات.

سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە کۆبوونەوەی دوێنێی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا بڕیاریان لەبارەی پۆستی سەرۆککۆمارەوە نەداوە و دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ پارتی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی یەکلایی دەکاتەوە ئەو پۆستە کام بەربژێری یەکێتی وەریبگرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) بەرهەم ساڵح پێشتر ڕازی بووە لەبەرامبەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری عێراق بگەڕێتەوە نێو یەکێتی، بەڵام گرفت لەسەر میکانیزمی گەڕانەوەکەی هەبووە. چونکە بەرهەم ساڵح ئامادەبووە گەرەنتیی نووسراو بداتە باڤڵ تاڵەبانی کە لە کۆنگرەدا بەشداری دەکات: "بەڵام یەکێتی پێیانگوتووە پێویستە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا گەڕانەوەی خۆی ڕابگەیێنێ".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێ "لە کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتیدا، ئێمە نەچووینە نێو ئەو وردەکارییانە و تەنیا بڕیارماندا شاندێک بچنە لای و گفتوگۆ بکەن بۆئەوەی بگەڕێتەوە ناو یەکێتی، بۆئەوەی بکرێتە بەربژێری یەکێتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار". ئەسەسەرد گوتیشی "شێوازی گەڕانەوەکە زۆر کێشە نییە، دەکرێ ڕاگەیێندراوێک بڵاوبکاتەوە و گەڕانەوەی بۆ ناو یەکێتی ڕابگەیێنێ، یان دەکرێ یەکێتی خۆی ئەوە بکات و بە ڕاگەیێندراوێک گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح بڵاوبکاتەوە".

دوای ئەوەی هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵح بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کرد، هەموو هەوڵێکی باڤڵ تاڵەبانی، ئەوەیە بەرهەم ساڵح بهێنێتەوە ناو کێشمەکێشمی بەربژێرانی سەرۆککۆمار تاوەکو بەوهۆیەوە دوو ئامانج بپێکێ. یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی و ڕاکێشانەوەی دەنگە ڕۆیشتووەکانی ئەو حیزبە، هەرچەندە هاوپەیمانی تا ئێستا هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەیان و چوونە ناو یەکێتییان لە دەمی گوتەبێژەکەیانەوە ڕەتکردووەتەوە. دووەمیش پێشکەشکردنی کاندیدێکی بەهێز بۆ سەرۆککۆمار، چونکە وا دەردەکەوێت کە زۆرینەی لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان هێڵی سووریان لەسەر بەرهەم ساڵح نەبێت، ئەوە جگە لە ئارەزووی خودی بەرهەم ساڵح، بۆ ئەو پۆستە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، زانیاریی زۆرتر لەوبارەیەوە باسدەکات و دەڵێ، ڕاستە بەرهەم ساڵح گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی بە کێشە نازانێ "بەڵام یەکێتیش پێیانگوتووە، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیدا ناوی تۆ و مەلا بەختیار و محەممەد سابیر دەخەینە نێو گفتوگۆوە و ئەگەر زۆرینەی بەشداربووان دەنگیان پێدایت، دەبیتە بەربژێری یەکێتی بۆ ئەو پۆستە"، گوتیشی "پارتی لاری نییە لەوەی بەرهەم ساڵح بپاڵێورێ، چوونکە یەکێتی پێشتریش پێیانگوتووە ئەگەر یەکێتی پشتگیریت بکەن بۆ ئەو پۆستە، ئێمەش پشتیوانیت لێدەکەین".



ئەم سێلفییە کە باڤڵ تاڵەبانی بڵاویکردووەتەوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ هەواڵی گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح بۆ نێو یەکێتی بڵاودەکرێتەوە

> **باڤڵ تاڵەبانی سوورە لەسەر هێنانەوەی و مەکتەبی سیاسیش پشتیوانیی مەلا بەختیار دەکات**

> **گەڕانەوەی د.بەرهەم تەنیا پێویستی بە ڕاگەیەنراوێک هەیە**
> فەرید ئەسەسەرد

### پارتی داوای سەرۆککۆماری دەکات

ئاستەنگەکانی بەردەم بەرهەم ساڵح بۆ بەربژێرکردنی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار هەر ئەوە نییە کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی مەلا بەختیاریان بەربژێر کردووە، بەڵکو پارتیش چاوی لەو پۆستەیە. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لە کۆبوونەوەی ئێوارەی 16/9/2018ی نێوان شاندێکی باڵای پارتی و یەکێتی لە هەولێر، پارتی بەڕاشکاوی بە شاندی یەکێتیی ڕاگەیاندووە کە ئەمجارە چاوی لە پۆستی سەرۆککۆمارییە و لەبەرامبەردا ئامادەیە لە پۆستەکانی دیکەی وەک پارێزگاری کەرکووک و جێگری سەرۆکوەزیران و پۆستێکی دیکەی وەک وەزارەتێکی سیادیدا پشتیوانی لە بەربژێرەکانی یەکێتی بکات. هەرچەندە کۆبوونەوەکە بەبێ ڕێککەوتن کۆتاییپێهاتووە، بەڵام ڕووداو زانیویەتی کە شاندە باڵاکەی پارتی بە شاندەکەی یەکێتییان گوتووە: "لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناهێڵین هیچ شتێک کاریگەریی لەسەر یەکریزیمان لە بەغدا هەبێت".

## پێشبینیی حیزبەکان و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان تێکناکەنەوە

# لەم هەڵبژاردنەدا سلێمانی کێ سزادەدات؟

نەوزاد مەحموود
ڕووداو– سلێمانی

هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا دیاریکردنی 111 پەرلەمانتاری نوێ نییە، بەڵکو دیاریکردنی ڕیزبەندی سیاسییە بۆ چوارساڵی داهاتووی هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەو پێشبینییەی بۆ دەنگەکانیان دەکەن، هیچ حیزبێک لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوول حاڵی خراپتر نییە.

بەرپرسی دەزگا و ناوەندی هەڵبژاردنی حیزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، پێشبینی خۆیان بۆ ژمارەی کورسییە نوێیەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان دەدەنە (ڕووداو). لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی پێشبینی دەکات، بەهۆی هەندێک هەڵوێست و ڕەوشی نێوخۆیی ئەمدواییەی هاوپەیمانی و گۆڕان و یەکگرتووەوە، حیزبەکەی ئەو وەبەرهێنانی زۆرتر لە نێو دەنگە خۆڵەمێشییەکانی سلێمانی بکات و ژمارەی کورسییەکانیان زۆرتر ببن. هەرچەندە یەکێتی گەشبینتر چاوی لەسەر دەنگەکانی سلێمانی جێگیرکردووە و بەرپرسێکی یەکگرتووش دەڵێ "یەکگرتوو هەڵەیەکی نەکردووە، تاوەکو خەڵکی کوردستان سزای بدەن".

### سلێمانی ئەمجارە سزای کێ دەدات؟

سلێمانی هەمیشە هاوکێشەی سەختی نێو هەڵبژاردنەکانە. بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە لەدەستدانی سلێمانی، واتە لەدەستدانی شکۆ و هەیمەنەی سیاسی خۆی و هاوتای دەکات بە لاوازبوونی خۆی. یەکێتی پێیوایە بەبێ بەدەستهێنانەوەی سلێمانی، ناتوانێ ببێتەوە هێزی دووەم. هەموو ئەم ململانێ و هاوکێشە و لێکدانەوە سیاسییانە وایانکردووە سلێمانی لەنێو هەڵبژاردنەکاندا وەک قووڵایی ستراتیژی سەیری بکرێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە لە 30ی ئەیلوولدا سلێمانی، کێ سزادەدات؟ زیاد جەبار، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکی سلێمانیی یەکێتی و بەربژێری ئەو حیزبە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دانی پێدادەنێت کە لە ساڵی 2009دا دانیشتووانی سلێمانی حیزبەکەی ئەویان بەتووندی سزاداوە "بەڵام خۆشبەختانە ئاوتیان نەکردین، ئێمەش بەخۆماندا چووینەوە و لە هەڵبژاردنی 12ی ئایاردا بەرهەمی بەخۆداچوونەوەکەمان ئەوەبوو کە دەنگەکانمان بەشێوەیەک بەرز بووەوە لە پارێزگای سلێمانی هەستاینەوە".

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕوونتر لەو بەربژێرەی حیزبەکەی قسەدەکات و دەڵێ "سوپرایزی چاوەڕوانکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەرزبوونەوەی دەنگەکانی یەکێتییە و لە بەرامبەردا دەنگی بزووتنەوەی گۆڕان لەم ناوچەیە کەم دەبێتەوە".

سوپرایزی گەورەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی 2009 ڕوویدا، کاتێک لیستە نوێیەکەی نەوشیروان مستەفا، بەشێکی زۆر دەنگەکانی یەکێتی برد و 25 کورسی پەرلەمانی بردەوە. لە هەڵبژاردنی 2013شدا، سلێمانی ڕێگەیدا بزووتنەوە نیللییەکە لەسەر ئاسەواری هەمان سەرکەوتنی پێشوو ئاهەنگ بۆ بردنەوەی 24 کورسی پەرلەمانی سازبداتەوە، بەڵام ئێستا بەرپرسانی یەکێتی، بە هێماکردن بۆ کێشە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەکە و مردنی نەوشیروان مستەفای ڕێبەری گۆڕان، خۆیان ئامادەکردووە بۆ ڕاکێشانەوەی دەنگەکانی خۆیان. زمناکۆ جەلال، ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕەتیدەکاتەوە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 12 ی ئایار بکرێتە پێوەر بۆ هەڵکشان و داکشانی سیاسی "ئەوە لای ئێمە بەهەند وەرناگیرێ و پێشتر قسەی خۆمان لەسەر کردووە". ناوبراو دەپرسێ بۆچی خەڵک سزای گۆڕان دەدەن؟ "گۆڕان هێزێک نییە کە لە ڕووداوی شنگال بەرپرسیار بێت و 16 ئۆکتۆبەری کردبێ، هێزێک نییە خەڵکی برسی کردبێت، سزای خەڵکمان نەداوە تاوەکو سزا بدرێینەوە".

ئیسلامییەکان: ئێمە بەر تەوژمی تووڕەیی ناکەوین

لە دوو هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا، هەماهەنگی و تەبایی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بەرگەی ئەوەی گرت هێرش نەکەنە سەریەکدی و کار لەسەر حەوشەی ماڵی یەک نەکەن، بەڵام ئێستا، ڕووداوەکان وا نەماون.

هاوژین عومەر، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، گلەیی لە پەرلەمانتارانی گۆڕان دەکات لە بەغدا کاتێک ئامادە نەبوون پشتیوانی پاڵێوراوەکەی ئەوان بکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق. هەروا جیاوازیی بۆچوونەکانیشیان باسدەکات "لە سەرەتاوە ئێمە تەنیا هێز بووین وەک پارتی سووربووین لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا، هاوپەیمانی بایکۆتی کرد و یەکگرتووش دۆخی نێوخۆیی زۆر بەهێز نییە، ئەوەش وادەکات، ئێمە سوود لەو دەنگانەی ئەو لایەنانە وەربگرین".

بەڵام بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی، وەرەی لیستە هاوبەشەکەیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی، بەرز نیشان دەدات و دەڵێ، چوار ساڵی ڕابردوو زۆر تۆمەتبارکران بەوەی بەبیانووی ئاشتی و سەقامگیرییەوە ناچنە پاڵ لایەنەکانی دیکە: "دەرکەوت ئەوەی ئێمە لەسەرەتاوە داوامانەکرد، ئێستا حیزبەکانی دیکەش تێگەیشتوون چەندە سەقامگیری و ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان پێویستە، شانازی بەو هەڵوێستانەمان دەکەین".

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ڕەتیکردەوە مەیلی دەنگدانی خەڵک بۆ ئەوان کەم بووبێتەوە و دەڵێ "ژمارەیەک کادری دەستپاک و ڕەوشتبەرز و لێهاتوومان وەک سەرمایەی نیشتمانی پێگەیاندووە. ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبووینەتە باری قورس بەسەر شانی خەڵکەوە، بۆیە ناترسین و گەشبینین".

### پێشبینیی حیزبەکان چۆنە؟

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، هەموو حیزبەکان لای خۆیانەوە ڕاپرسییان کردووە بۆئەوەی تێبگەن چییان لە 30 ئەیلوول دەستدەکەوێ؟ بەپێی پێشبینییەکان بێت، یەکێتی زیاتر لە هەر حیزبێک چاوەڕوانی سوپرایزی سلێمانییە.

بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێ ڕووداوەکانی چوار ساڵی ڕابردوو بوونەتە ئیلهامی ئەو گەشبینییەی کە ئومێدی گەورەیان لەسەر هەڵچنیوە. خەسرەو گۆران، دەڵێ "دەستکەوتەکانی پارتی زۆرن و خەڵک تێگەیشتوون پارتی چۆن ڕووبەڕووی قەیران و کێشەکان بووەوە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە پێشبینیان بۆ کورسییەکانیان. خەسرەو گۆران دەڵێت :"پێشبینیمان لەسەر بنەمای ئەو ڕاپرسییانەیە کە کردوومانن، ژمارەی کورسییەکانمان زیاتر دەبن لەوەی ئێستا هەمانە".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی، نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت دەڵێ" "پارتی چاوی لەوەیە لە سەرووی 40 کورسیی مسۆگەر بکات".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەریگرتوون، ئەو حیزبە چاوی بڕیوەتە 26 کورسی پەرلەمان. بڕیار ڕەشید، گوتەبێژی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی، ڕەتیکردەوە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییانە ئاشکرابکات بۆ کورسییەکانیان کردوویانە و دەڵێ "گەنجێکی بەتوانا سەرۆکی لیستەکەمانە و بەرنامەیەکمان پێشکەشکردووە بۆ هەڵبژاردن، هەموو کێشەکانی خەڵکی تێدا ڕەچاوکراوە".

نەوەی نوێ، یەکەمجارە بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات و هەرلەئێستاوە سەرۆکی قەوارەکەیان وەک بەربژێری پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەستنیشانکردووە. ئەم هێزە نوێیەش چاوی لەوەیە لە سلێمانی، درێژە بە داڕنینی دەنگەکانی گۆڕان بدات. (ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە بەرپرسانی نەوەی نوێ کرد، بەڵام نەیانویست لەو بارەیەوە لێدوان بدەن.

زمناکۆ جەلال، ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، گوتی "کار بۆ ئەوە دەکەین کورسییەکانمان لە پەرلەمانی کوردستان بمێننەوە و کار بۆ زیادکردنیشی دەکەین".

کۆمەڵی ئیسلامی کە ئێستا خاوەنی 6 کورسییە لە پەرلەمان، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکەیان دەڵێت کۆمەڵ چاوی لەوەیە ژمارەی کورسییەکانی بۆ 9 کورسی زیاد بکات. هەرچی یەکگرتووی ئیسلامییە، باسی زیاتر لە 10 کورسی دەکات.




یەکێتی پێیوایە بەبێ بەدەستهێنانەوەی سلێمانی، ناتوانێ ببێتەوە هێزی دووەم (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (521) - دووشەممە 2018/9/17



## ئەڵمانیا 1.63 ملیار دیناری لە عێراق خەرجکردووە

**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا لە کاتی سەردانێک بۆ عێراق ڕایگەیاند هێزەکانی ئەڵمانیا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە عێراق پێویستن تاوەکو ڕێگە لە خۆکۆکردنەوەی چەکدارانی داعش بگرن. ئورسولا فۆن دەرلاین، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا، لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند ئەڵمانیا جگە لەو 125 سەربازەی لە عێراق جێگیری کردوون، لە ساڵی 2014ەوە نزیک 1.63 ملیار دۆلاریشی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە تەرخانکردووە. پێشتر هێزەکانی ئەڵمانیا مەشق و ڕاهێنانیان بە پێشمەرگە دەکرد، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە چالاکییەکانی خۆیان بۆ ناوچەی تاجی لە 30 کیلۆمەتری بەغدا گواستەوە. فۆن دێرلاین ڕەتینەکردەوە کە وڵاتەکەی دەکرێ هێز ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات

# 120 بەربژێر لە هەڵبژاردن کشاونەتەوە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کۆی ئەو 773 بەربژێرەی ناوەکانیان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستانەوە پەسندکراوە، 120 بەربژێریان بە هۆکاری جیاجیا کشاونەتەوە یان بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووە.

لیستی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە 100 بەربژێری پێشکەشی کۆمیسۆن کردبوو، بەر لەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێبکات، بە پاساوی پاکنەکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە ناوی دووبارە و مردوو، بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنی دا، بەڵام دوو لە بەربژێرەکانی ڕایانگەیاندووە ئەوان پابەندی بڕیاری حیزبەکەیان نابن و بەشداری هەڵبژاردن دەکەن.

دوای لیستی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، ڕۆژی 2018/9/11 لیستی

> **کەس نەکشاوەتەوە و ئافرەتەکانمان بانگەشە ناکەن**
> بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵ

ئەبنائلنهرەین، کە 5 بەربژێری هەبوو، بەبیانووی هەموارنەکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و دەستوەردانی لایەنە سیاسییەکان لە کورسیی کۆتاکان، بڕیاری کشانەوەیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دا.

جگە لە هۆکاری سیاسی، هۆکاری مادی و تەندروستیش لەپشت کشانەوەی بەربژێرەکانە لە هەڵبژاردن.

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، کە لیستێکی 40 کەسی پێشکەشی کۆمیسیۆن کردووە، ژمارەیەک لە بەربژێرەکانی بە بێدەنگی کشاونەتەوە و بانگەشە ناکەن.

بەربژێرێکی کۆمەڵی ئیسلامی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە کۆی 40 بەربژێری لیستەکەمان، 15 بەربژێریان کشاونەتەوە".

ئەو بەربژێرەی کۆمەڵی ئیسلامی هۆکاری کشانەوەیانی ئاشکراکرد و گوتی: "ئەو بڕە پارەیەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە دراوە بە بەربژێرەکان زۆر کەمە، بۆیە ئەم بەربژێرانە کشاونەتەوە لە بانگەشە، چونکە وەکو پێویست نەیانتوانیوە بانگەشە بۆ خۆیان بکەن".

پەیام فاروق، کە یەکێکە لەو بەربژێرانەی لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کشاونەتەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "من بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆم بڕیاری کشانەوەم لە بانگەشەی هەڵبژاردن داوە، بەڵام نازانم ئەوانەی دیکە بۆچی کشاونەتەوە".

بەڵام هاوژین عومەر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵ، کە یەکێکیشە لە بەربژێرەکانی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، ڕەتیکردەوە هیچ بەربژێرێکیان کشابێتەوە. هاوژین عومەر بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە ئێمە پارەیەکی کەممان هەبووە بیدەینە بەربژێرەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام هیچ بەربژێرێکی کۆمەڵ بەفەرمی و لەڕووی یاساییەوە لە هەڵبژاردن نەکشاوەتەوە، بەڵکو چەند بەربژێرێک لەنێو لیستی کۆمەڵی ئیسلامیدا هەن کە لەبەر دوو هۆکار بانگەشەی هەڵبژاردن ناکەن، یەکەمیان چەند ئافرەتێک لەنێو کۆمەڵدا بەربژێر کراون بۆ ئەوەی ئافرەت لەنێو لیستەکە تەواو بێت، ئەوانە بانگەشە ناکەن. دووەمیان یەک دوو کەس ڕەنگە بە سروشتی خۆیان نەیانەوێت بانگەشە بکەن. بۆیە ئەوەی باسدەکرێت، کشانەوەی ئەو بەربژێرانە نییە لە هەڵبژاردن، بەڵکو هەر خۆیان بانگەشە ناکەن".

هەروەها ڕۆژی 2018/8/29 شۆخان کەریم، بەربژێری لیستی بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاری کشانەوەی لە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان دا، شۆخان هۆکارەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "هێشتا من لە ڕیزبەندی بەربژێرەکانی گۆڕاندا

> **15 بەربژێری لیستی کۆمەڵ کشاونەتەوە**
> بەربژێرێکی کۆمەڵ

هەم، بەڵام من بەشداری بانگەشەی هەڵبژاردن ناکەم، چونکە نزیکەی مانگێکە باری تەندروستیم تێکچووە و بە ڕێنمایی پزیشک لە ماڵەوەم، بە فەرمیش داوام لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان کردووە کە کشانەوەم لە کەمپینی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن".

پەرێز عومەر، بەربژێری پەرلەمانی کوردستان بوو لەسەر لیستی یەکێتی، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بڕیاری کشانەوەی لە هەڵبژاردن دا، لەبارەی هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەشی بە (ڕووداو)ی گوت: "بە هۆکاری تایبەتی و حیزبیش کشاومەتەوە، بەڵام ناتوانم جاریٚ هۆکارەکەی بڵێم و لە چەند ڕۆژی داهاتوو هۆکارەکەی ئاشکرادەکەم".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن، ڕوون بووەتەوە 120 بەربژێر کشاونەتەوە، یان بایکۆتیان کردووە (98 بەربژێری هاوپەیمانی، 15 بەربژێری کۆمەڵ، 5 بەربژێری ئەبنائلنهرەین، بەربژێرێکی یەکێتی و بەربژێرێکی گۆڕان).

# بەربژێرەکانی هاوپەیمانی چاوەڕێی یەکلابوونەوەن



بەربژێرەکانی هاوپەیمانی تاوەکو سێ ڕۆژی دیکە چاوەڕێ دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەرچەندە بایکۆتی هەڵبژاردنی کردووە و چاوەڕێی یەکلابوونەوەی کورسیی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقە، بەڵام یەکلابوونەوەی بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، بۆ بەربژێرەکانی بووەتە گرێی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

بەشێک لەوانەی بە وازۆی ئەو بوونەتە بەربژێری لیستەکە پێیانوایە درەنگ یان زوو بەجێیاندەهێڵێ. بۆیە بە دەرفەتی دەزانن بایکۆت بشکێنن. هەندێکیشیان چاوەڕێی یەکلابوونەوەی پۆستی سەرۆککۆمار دەکەن.

بە ماوەیەکی کەم دوای بایکۆتی هەڵبژاردن لەلایەن هاوپەیمانییەوە، کۆبوونەوەکانی هاوپەیمانی و یەکێتی دەستیانپێکرد و باسی گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح بۆ نێو یەکێتی گەرم بووە. ئەوەش هەندێک لە بەربژێرەکانی هاوپەیمانی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی کە بایکۆتکردنەکەی هاوپەیمانی، لەئەنجامی سەودا و مامەڵەیەکە بۆ وەرگرتنی شوێنەکەی د.فوئاد مەعسوم، نەک لەئەنجامی گومانکردن بێت لە ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران.

خەتاب عومەر بەچڕی سەرقاڵی بانگەشەکردنە بۆ خۆی و دەیەوێ بە خەڵک بڵێ دەنگی پێبدەن. ئەو دەڵێت "پاڵێوراوی دیکەش هەن کە دەیانەوێ بایکۆتەکە بشکێنن، بەڵام چاوەڕێن ئەو تەمومژە لەبەرچاویان لابچێ کە کۆبوونەوەکانی هاوپەیمانی و یەکێتی دروستیانکردووە". خەتاب بەربژێری هاوپەیمانییە لە زاخۆ. ئەو وایتێدەگات کە هۆکاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لەلایەن هاوپەیمانییەوە، پەیوەندیی بە هاوکێشەکەی بەغداوە هەیە. بۆیە بڕیاریداوە نەچێتە ژێر باری ئەو بڕیارەی هاوپەیمانییەوە: "هاوپەیمانی ڕاوێژیان بە ئێمە نەکرد بۆ بایکۆتکردن. کەس ئاگاداری ئەوە نییە کە چی ڕوودەدات و خەریکی چین لە کۆبوونەوەکان. بۆیە بڕیامدا ڕاستگۆبم بەرامبەر دەنگدەری خۆم و بەشداری بکەم".

هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، 100 بەربژێری بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان داوەتە کۆمسیۆن، بەڵام بەر لە دەستپێکردنی بانگەشە بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی دا. هەرواش بەشێک لە بەربژێرەکانی ئومێدیان بە بەشداری لە هەڵبژاردندا ماوە.

"چاوەڕوانی هاوپەیمانی دەکەین، بزانین چی بە دەنگدەرانی دەڵێت"، ئەمە قسەی دڵشاد بابانی، بەربژێری لیستی هاوپەیمانییە لە پارێزگای سلێمانی. ئەو کاتێک ئەم قسەیە بۆ (ڕووداو) دەکات کە هەمووی چەند کاژێرێکە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی هاوپەیمانی هاتووەتە دەرەوە و هێشتاش دڵنیا نییە دەبێ چی بکات: "ئەگەر بایکۆتکردنەکە بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی شکایەوە، ئەوە هیچ ناکەین، بەڵام لە دوو ڕۆژی داهاتوودا بە یەکلابوونەوەی پۆستی سەرۆککۆمار، بەرچاوی هەموومان ڕووندەبێتەوە".

بەرهەم ساڵح دوای ئەوەی دەستبەرداری پۆستی جێگری دووەمی سکرتێری گشتی بوو، مەیدانەکەی چۆڵنەکرد و بە ناونیشانێکی نوێی سیاسییەوە گەڕایەوە. ڕۆژی 16ی ئەیلولی 2017 لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی تۆمارکرد. ڕۆژی 10ی کانوونی دووەمی ئەمساڵیش کۆنگرەی دامەزراندنی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی بەست. هەرچەندە بەرهەم ساڵح بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کرد، بەڵام بەری ڕەنجەکەی تەنیا دوو کورسی بوو.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند بەربژێرێکی هاوپەیمانییەوە دەستیکەوتوە، بەشێک لە بەربژێرەکان بڕیاریانداوە تا سێ ڕۆژی داهاتوو چاوەڕێ بکەن: "ئەگەر بەرهەم ساڵح بڕواتەوە ناو یەکێتی، واتە هەموو ئەو دروشم و بەڵێنانەی بە خەڵکمان داوە، قسەی ڕووت بوون و کەسیش ئامادەنییە لەپێناوی ئەوەی د.بەرهەم لەنێو یەکێتی دەستکەوت بەدەستبهێنێتەوە، خۆی بکاتە قوربانی". یەکێک لە بەربژێرەکان وایگوت.

نیهاد هەرکی، کاندیدی لیستی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەک بەربژێرێکی هاوپەیمانی بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردن دەکەم و پێشتریش ئامادەکاریم کردبوو".

ئێستا کێشەی هاوپەیمانی تەنیا بەرچاوناڕوونیی بەربژێر و دەنگدەرانی نییە. بەڵکو بەشێک لە کەسانی دیاریشی یان دەستلەکاردەکێشنەوە یان دەگەڕێنەوە نێو حیزبەکانی پێشوویان.

گوڵاڵە سدیق لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا یەکێک بوو لە بەربژێرە دەرنەچووەکانی هاوپەیمانی و سێ ڕۆژ لەمەوبەر گەڕایەوە نێو بزووتنەوەی گۆڕان. گوڵاڵە گوتی: "گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە هاوپەیمانی نەیتوانی ببێتە جێگرەوەی گۆڕان".

> **خۆم ناکەمە قوربانی بەرهەم ساڵح**
> بەربژێرێکی هاوپەیمانی

گوڵاڵە کە پێشتر پشتیوانیی بڕیاری هاوپەیمانیی کردووە بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، بەڵام ئێستا پشتیوانیی بەربژێرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات بۆئەوەی بتوانن بگەنە پەرلەمانی کوردستان.

هەرچەندە بڕیاربوو هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە فەرمی دەنگدەرانی خۆی دڵنیابکاتەوە چۆن بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، بەڵام هێشتا هیچ پەیامێک نەگەیشتووەتە هاودیدەکانی.

ئێستا خەتاب و بەربژێرەکانی دیکەی هاوپەیمانی دەیانەوێ هەرچۆنێک بووە بگەنە پەرلەمانی کوردستان و دەشزانن ئەوە وەک ڕووبەڕووبوونەوەی زریان وایە. چونکە هەم درەنگ دەستیانپێکردووە و لەلایەکی دیکەش حیزبێک نییە پشتیوانییان بکات. خەتاب گوتی: "لەسەرەتاوە پێمانگوتن ئێمە کوڕی هەژارین، پێویستمان بە هاوکاری هەیە، بەڵام بایکۆتیان کرد و ئێستا دەبێ لەسەر ئەرکی خۆمان بانگەشە بکەین".

# "بانگەشەی بەربژێران سەرنجڕاکێش نییە"



بەربژێرەکان بۆ بانگەشە پرس بە شارەزایانی بواری ڕێکلام ناکەن (فۆتۆ: AFP)

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

شارەزایەکی بواری ڕێکلام و دیزاین دەڵێت شێوازی بانگەشە و هەڵواسینی پۆستەری لیست و بەربژێرەکان زۆر لاوازە و شتی سەرنجڕاکێشی تێدانییە. بنەماکانی ڕێکلامیشیان ڕەچاو نەکردووە و تەنیا پارەیان بەفیرۆ داوە.

د. نەزاکەت حەمەسەعید، کە دکتۆرای لە ڕێکلامدا هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "بۆئەوەی هەر ڕێکلامێک ئامانجەکەی بپێکێ، چەند بنەمایەکی هەیە، لەوانە سەرنجڕاکێش بێ، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم لە پۆستەر و فلێکسی بەربژێرەکان سەرنجت ڕادەکێشن. چونکە شوێن و ئاستی هەڵواسینیان لەگەڵ ئاستی بینینی چاوی وەرگر و لۆکەیشنەکەش

> **بەربژێرەکان هیچ لە دیزاین نازانن**
> خاوەنی چاپخانەیەک

گونجاو نین. هەروەها ڕەنگ و پەیامەکانیشیان بەشێوازێک نییە مانا بدات. بۆیە لە ڕێکلامدا قەبارە و ڕەنگ و شوێنی هەڵواسینی، کە زۆر گرنگە، ڕەچاونەکراوە".

زۆربەی شەقامەکان بە پۆستەری بەربژێرەکان داپۆشراون، بەڵام زۆر بەکەمی پۆستەرێک دەبینرێت بەرنامەی بەربژێر و حیزبەکانی تێدابێت. بە بڕوای د. نەزاکەت ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ڕانەکێشانی سەرنجی وەرگر: "پەیامی لیست و بەربژێرەکان، ڕەگەزێکی ڕێکلامە کە چەندە لەگەڵ خواستی وەرگردا یەکدەگرێتەوە؟ بەڵام زۆربەی لیست و بەربژێرەکان پەیامیان نییە. تەنیا وێنە لەگەڵ ژمارەی بەربژێر و لیستەکە هەڵواسراوە، کە دەڵێی پۆرترێتە و بۆ وێنەی یادگاری خۆی ڕازاندووەتەوە. ئەمەش هیچ نابەخشێت بە وەرگر و نازانێت بەربژێر و لیستەکە دەیەوێت چیی بۆ بکات؟"

زۆربەی دیزاین و قەبارەی پۆستەر و فلێکسی کاندیدەکان لە یەکدی دەچن. زۆربەشیان لە شەقامە سەرەکییەکان هەڵواسراون. د.نەزاکەت دەڵێت: "زۆربەی ڕێکلامەکان لاوازن و زانستی نین، هونەری ڕیکلامسازیشیان تێدا بەکارنەهاتووە. بۆیە ئەگەر حیزبەکان بەتەمای ئەو ڕێکلامانەی سەر جادەکان بن، ناتوانن بڕوا بە 20%ی دەنگدەرانیش بهێنن. پۆستەری هەموو بەربژێرەکان لەڕووی قەبارە و شێوەوە لەیەکدەچن. ئەمەش ڕێگایەکی زۆر لاوازە بۆ ڕیکلامکردن و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆرە، کە ئەم شێوازە لە وڵاتان مۆدیلی نەماوە. لە ئەورووپا حیزبەکان لەبری پۆستەری ئەم هەموو بەربژێرە،

> **ئاستی هونەری و زانستیی بانگەشەکان نزمە و پارە بەفیرۆ دراوە**
> شارەزایەکی بواری ڕێکلام

چەند شاشەیەکی گەورە لە شوێنی جیاجیا دادەنێن و دروشمە واقعییەکانیان بڵاودەکەنەوە. هەروەها لەڕێگەی گفتوگۆوە بڕوا بە وەرگر دەهێنن کە دەنگیان پێبدەن".

بەربژێرەکان کەمتر ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا لە بواری ڕێکلام و بانگەشە دەکەن، کە بە گوتەی د.نەزاکەت حەمەسەعید، ئەمەش هۆکاری لاوازی بانگەشەکانیانە: "لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا خولی ڕاهێنانمان بۆ بەربژێرەکان کردەوە، بەڵام بەداخەوە بەربژێرەکان پارەیەکی زۆر لە هەڵواسینی پۆستەر و فلێکسدا خەرجدەکەن و ئامادەنین پارەیەکی کەم بدەنە ڕاوێژکارێکی شارەزا و خولێکی ئەکادیمی و زانستی ببینن و هەر ڕێگە تەقلیدییەکان دەگرنەبەر و ژمارەیەکی زۆر کەمی بەربژێرەکان بڕوایان بە ڕاوێژ و ڕێگا زانستی و ئەکادیمییەکان هەیە".

عومەر زۆرباش، ساڵانێکە لە چاپخانەکەی کاری چاپەمەنی دەکات و شارەزاییەکی باشی لە ڕێکلام و بانگەشەی هەڵبژاردن پەیداکردووە. ئەو پێیوایە هەڵواسینی پۆستەر و فلێکس بە ڕێژەیەکی زۆر ڕێگایەکی گونجاو نییە بۆ بانگەشە. زۆرباش دەڵێت: "هەڵواسینی پۆستەر تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەی کەسانی ئاشنا و دەوروبەری بەربژێرەکەیە، کە ئەو کەسە خۆی هەڵبژاردووە بۆ پەرلەمان".

عومەر لە دیزاین و شێوازی پۆستەرەکان ڕازی نییە و پێیوایە سەرنجڕاکێش نین "لە زۆربەی دیزاینی پۆستەری بەربژێرەکاندا کە لەسەر شەقامەکان دەیانبینم ڕازی نیم، چونکە زۆربەیان توند و ڕەق و زەق و وشکن. چاو هیلاک دەکەن. بۆیە دەبێ باکگراوندی وا دابنرێت کە وەرگر بێزار نەکات و ئامانجەکە لەبیرنەکات". هەروەها دەڵێت: "پۆستەری هەموو بەربژێرەکان لە شێوەدا وەکو یەکن. چونکە ئامانجی زۆربەی بەربژێرەکان ئەوەیە وەرگر بزانێت کەسایەتییەکە کێیە، سەر بە چ لیستێکە و ژمارەکەی چەندە؟"

بە بڕوای عومەر زۆرباش پێویستە بەربژێرەکان ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا بکەن "زۆرینەی بەربژێرەکان هیچ لە دیزاین نازانن و پێویستە ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا بکەن. لەم هەڵبژاردنەدا پۆستەر و برۆشوور و فلێکس و کارتی کەسی بۆ 46 بەربژێر ئامادە دەکەین، بۆ هەمووشیان دیزاین و شێوازی جیاجیامان داناوە تاوەکو لەیەکتری نەچن".



## عادل عەبدولمەهدی، بەهێزترین کاندیدی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ (رووداو):

# فیدراڵی شتێکی زۆرتر نییە لەوەی لە ئیمارات هەیە و کۆنفیدراڵییە

لەنێو ئەو کێشمەکێشەدا کە ئەمڕۆژانە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناوی کەسێک بۆ پۆستی بەهێزترین پیاوی عێراق هەیە، ناوی عادل عەبدولمەهدی هاتووەتەوە ناو ناوان. پیاوێک هەم شیوعی بووە و هەم شیعەیە و ماوەی درێژیش نوێنەری سەید باقر ئەلحەکیم بووە لە کوردستان. ئەو بەپێچەوانەی هەریەکە لە حەیدەر عەبادی و نووری مالیکی، کە لە شانۆی سیاسیدا بە کاندیدەکانی ئەمریکا و ئێران ناسراون بۆ سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق، مێژوویەکی درێژتری دۆستایەتی و ژیانی لەگەڵ کوردستان و سەرکردەکانی کوردستاندا هەیە. یەکێکیشە لەوانەی لە چیاکانی کوردستان بووە و لە سووریاش ساڵانی درێژ دۆستایەتیی دەستەبژێری سیاسیی کوردستانی کردووە، کە یەکێک لە لەپێشترینەکانیان مەسعود بارزانی بووە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) عادل عەبدولمەهدی لە بەغداوە بەڕاشکاوی باسی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بارزانی دەکات. یەکەم سەرکردەی شیعەشە کە لەجیاتی ئەوەی بەپارێزەوە باسی باشییەکانی سیستمی فیدراڵی بکات و دژایەتیی بکات، پێیوایە نەک هەر مەترسیدار نییە، بەڵکو کەمتریشە لەوەی ئێستا بەبێ کێشە لە ئیمارات هەیە و سیستمێکی کۆنفیدراڵییە. وەکخۆی دەڵێت خاوەنی توێژینەوەشە لەسەر چارەسەری دامەزراندنی دوو دەوڵەت لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا.

مستەفا گۆران
رووداو - بەغدا

**رووداو: کەی و لەکوێ بارزانیت ناسی و بۆنەی دیدارەکەتان چی بوو؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** پەیوندیم لەگەڵ سەرۆک بارزانی لە چوارچێوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیدا بوو. ئەو پەیوەندییە لەسەرەتای شەستەکاندا دەستیپێکرد. یەکەمین دیداریشم ئەوکات لەگەڵ برایانی تێکۆشەری کورد لە زیندانی ژمارە یەکی بەغدا بوو. هەندێکیان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو و ئێمەش درابووینە دادگا. لەوێ لە ژووری زیندانی داخراودا بووین و بە نامە داوای دیداری یەکدیمان دەکرد و پەیوەندییەکانمان لەڕێگەی پەیامگۆڕینەوەی

**سەرۆک بارزانی راستگۆ و نیشتمانپەروەر و کراوەیە**

کاغەزییەوە بوو. یەکەمین دیداریشم لەگەڵ سەرکردەکانی جووڵانەوەی کوردی لەگەڵ ئیدریسی کۆچکردوو بوو. لەسەرەتای هەشتاکاندا ئیدریس بارزانیی کۆچکردووم لە کۆنگرەی سەرخستنی گەلی عێراقدا ناسی. وەک دەزانن دوای ئەو کۆنگرەیە، کۆچکردوو تووشی جەڵتەی دڵ بوو. دوای ئەوە لە دیمەشق دیدارمان هەبوون لەگەڵ سەرۆک بارزانی. ناڵێم دیدارەکانمان لە دیمەشق پەیوەندیی بەتینی دروستکرد، چونکە راستییەکەی لەدوای کۆنگرەی سەلاحەدینەوە لە سەرەتای نەوەتەکان پەیوەندییەکەمان بەهێز بوو و بەشێوەیەکی خێرا پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی بەهێزتر دەبوو.

**رووداو: پەیوەندیی بارزانی و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لەو رۆژانەدا چۆن بوو؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** ئەو خۆی یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، لەگەڵ سەرۆک

**قەت کێشەم لەگەڵ فیدراڵیدا نەبووە**

تاڵەبانی و سەید باقر ئەلحەکیم و ئەحمەد چەلەبی و ئەیاد عەللاوی و دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری و عیزەدین سەلیم و ئەوانیدیکە. سەرۆک مەسعود رۆڵێکی بەرچاوی لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا هەبوو. لە هەر کۆنگرە و دیدار و کۆبوونەوەکاندا کە سەرۆک بارزانی و ئەوانەی دیکە تێیدا بەشداربوونایە، نیشانەی جددیبوونی زۆری ئەو دانیشتنانە بوو لە هەموو بوارەکاندا. چونکە یەکەم، ئەو مێژوویەکی سیاسیی درێژی هەبوو. دووەم، ئامادەگییەکی گەورەی مەیدانیی هەبوو. بۆیە کاتێک سەرۆک بارزانی ئامادەبووایە، سەنگی ئۆپۆزیسیۆنی زۆر قورس دەکرد.

**رووداو: هەندێک لە بەغدا دەڵێن بارزانی نەتەوەپەرستە و لەو بوارەدا توندئاژۆیە، ئێوە ئەمەتان لەودا دیتووە؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** بێگومان ئەو داکۆکی لە نەتەوە و گەلی کورد دەکات و زۆر هەڵوێستی ناسراوی هەیە لەوبارەیەوە، بەڵام هاوکات پیاوێکی نیشتمانپەروەر و کراوەیە. کولتووری پارتی دیموکراتی کوردستان و کولتووری سەرۆک مەسعودیش هەر لەسەرەتاوە کولتوورێکی بەگشتی مرۆڤانی بووە و رەهەندی جیهانیی هەبووە. ئەمە لە هەڵسوکەوتی باوکی کۆچکردوویشی، مەلا مستەفا بارزانیی رەحمەتیدا هەر لە کۆماری مهابادەوە تا چوونی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و گەڕانەوەی و لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا بەڕوونی دیاربوو و بەشێکی سەرەکی بوو لە جووڵانەوەی نیشتمانیی عێراقیدا لە سەردەمی پاشایەتی و پاش پاشایەتیش. ئەویش بەوەی کە شیعاری دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی هەڵگرتبوو. هیچ گومانی تێدانییە لەمەدا دیوێکی نەتەوەیی گرنگ هەیە، بەڵام رێکخراوە. با ئەوەشت پێبڵێم کە کاک مەسعود لای ئێمە بەردەوام بە پیاوێکی پێداگر و نەگۆڕ لە بیروڕادا ناسراوە، بەڵام کاتێک قسە دەهاتە سەر قسەی هەق و بەکارهێنانی مەنتیق، کەسێکی تا بڵێی نەرم بوو. واتە کەسێک بوو خاوەنی رای راشکاو بوو و ئەزموودار بوو لەو بوارەدا، بەڵام پێی ئاسایی بوو بەرامبەر قسەی هەق و مەنتیق تەنەزول بکات. بۆ ئەم قسەیەشم لەبارەی کەسایەتیی سەرۆک بارزانی بەسەتان شایەتی هەن.

**رووداو: واتە لەگەڵ ئەو قسانەدا نین کە هەندێک دەڵێن بارزانی کەسێکی قەومیی دەمارگیرە یان دژایەتیی عەرەب دەکات؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** نا، ئەمە راست نییە. ئێمە ئێستا لە قۆناخی تەشویش دروستکردنی گەورەین لەلایەن هەموانەوە بەرامبەر هەمووان. دەنا بەر لە هەر شتێک خوێندنی سەرەتایی و رۆشنبیریی سەرۆک مەسعود لە بەغدا بووە. قسەکردنی بە زمانی عەرەبی وەکو قسەکردنی عەرەبێکە بەو زمانە. تەنانەت هەندێک عەرەب وەک کاک مەسعود عەرەبی نازانن. هەڵوێستە نیشتمانییەکانی و قوربانیدانە گەورەکانی و تەنانەت مامەڵەی ژیرانەی لەگەڵ هەڵوێستە دژوارەکان دیارن، بۆنموونە ئەو ئەفسەرانەی کاری خراپیشیان لە کوردستان کردبوو، کاتێک دەردەکەوتن پەنایان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کاک مەسعود بارزانی دەبرد. ئەو راستە بەتووندی داکۆکیی لە دۆزەکەی دەکرد، بەڵام کەسێکی کراوە بوو بەرامبەر خەڵکی دیکەی وەک ئێرانییەکان و تورکەکان و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە. کاک مەسعود بارزانی کەسێکی کراوەیە. ئەوەی ئەو قسەیە لەسەر ئەو بکات، نیشانەی ئەوەیە کە باش نایناسێت یان باش گفتوگۆی لەگەڵ ناکات و باش دانوستاندنی لەگەڵ ناکات. بۆ من خۆشترین شتم دیدارە لەگەڵ ئەو جۆرە پیاوانە. چونکە دەزانم کەسێکی راستگۆ بەرامبەرمە، کە پێداگیرە لەسەر هەڵوێستەکانی بەڵام بەرامبەر هەق و مەنتیق نەرمە. ئەوە ئاساییە کە مرۆڤ نەتەوەکەی خۆی سەرتر بخات، بەڵام ئەوەی کە نەتەوەییبوونەکەت بکەیتە دەمارگیری بەرامبەر ئەوانیدیکە، ئەمە هەڵەیە.

**رووداو: کاتێک ساڵی 2003 رژێمی سەدام رووخا، رۆڵی بارزانی چی بوو؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** رۆڵێکی زۆر گرنگ بوو. بەر لە رووخان زۆر کۆبووینەوە. لە دیانا و سەلاحەددین و دوکان و سلێمانی و هەولێر. هەفتانە بەپێی پێویست نزیکەی جارێک یان دوو تا

**توێژینەوەم لەسەر چارەسەری دامەزراندنی دوو دەوڵەت لە یەک دەوڵەتدا هەیە**

سێ جار کۆدەبووینەوە. پێکەوە نانماندەخوارد و پیاسەمان دەکرد. دوای ئەوە لیژنەمان دروستکردن بۆ چوونە بەغدا، کە پێکهاتبوون لە لیژنەکانی پارتی و یەکێتی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی. من لە ساڵانی نەوەتەکانەوە نوێنەری سەید حەکیم و ئەنجوومەنی باڵا بووم لە کوردستان. کردنەوەی یەکەم ئۆفیسیشمان لە کوردستان، بە رێککەوتن بوو لەگەڵ کاک مەسعود لە سەری رەش. ئیتر لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و زاخۆ و ئەو شوێنانە ئۆفیسمان کردنەوە و لە هەموو شوێنێک لەو هەلومەرجە سەختەدا بەخێریانهێنایین و رێزیانگرتین. سەرەتای نەتەوەکان نە سووتەمەنی هەبوو و خۆراک کەم بوو و کوردستان لەژێر دوو

**سەرکەوتووی سەرەکی لە دەستووری عێراقدا کوردە**

ئابلووقەدا بوو، یەکێکیان ئابلووقەی نێودەوڵەتی و دووەمیش ئابلووقەی نێوخۆیی. خەڵک هەموو دارەکانی دارستانەکانی کوردستانیان بڕییەوە بۆ خۆگەرمکردنەوە و چێشتلێنان. ئەوکات زوو زوو یەکدیمان دەدیت و لەسەر مژاری جۆراوجۆر بەقووڵی گفتوگۆماندەکرد. ئەوکات کە لیژنەکانمان بۆ چوونە بەغدا دروستکرد، ئەو دەیگوت نایەمە بەغدا تا ئەوکاتەی ئەمریکییەکان دەسەڵاتی وڵات دەدەنەوە دەست عێراقییەکان. ئیتر لە هەموو لایەکەوە گوشار لەسەر عێراقییەکان دروستکرا و لە هوتێلی (برج الحیاه) کۆبوونەوە کران و هێندەی لەبیرمبێت نوێنەرانی ئەمریکا زەڵمای خەلیلزاد و جەی گارنەر هاتبوون (چونکە ئەوکات

**کورد رۆڵی سەرەکییان لە دانانی سەرۆکوەزیرانی عێراقدا هەیە**

بریمەر نەهاتبوو)، لەوێ رێککەوتن کرا لەسەر رادەستکردنی دەسەڵات بە عێراقییەکان و زەڵمای خەلیلزاد کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیی لەسەر ئەو رادەستکردنەوەیە کرد. لەوێ بەڕێزان عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و ئەحمەد چەلەبی و ئەیاد عەللاوی ئەوانیدیکە ئامادەبوون. ئەمە سەنگێکی گەورەی هەبوو بۆ چوون بەرەو پێکهێنانی حکومەتی کاتی. بەڵام کاتێک بریمەر هات، هەڵوێستی ئەمریکا گۆڕدرا و ئیدارەیەکی مەدەنییان دروستکرد. ئەوانەی وردەکارییەکان دەزانن، دەزانن کە لەوێوە چووینە

**هەندێک عەرەب وەک کاک مەسعود عەرەبی نازانن**

نێو ناکۆکییەکی قووڵەوە. کاتێک لەگەڵ بریمەر کۆبووینەوە، رکابەرییەکی توند و تەنانەت قسەی توندیش لەنێوان ئەو کەسایەتییانە و بریمەردا دروستبوو. چونکە پێیاندەگوت: ئێوە عێراق دەخەنە ژێر داگیرکارییەوە، کەچی عێراق خۆی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوێ هەموومان قسەمان رەق بوو و هەڵوێستێکی گرنگمان هەبوو. دوای ئەوە مەجلیسی حوکم دروستبوو و کاک مەسعود هەم وەک ئەندام و هەم وەک سەرۆکیش یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی نێو مەجلیسی حوکم بوو و رۆڵێکی زۆر دیاری لە هەموو مەسەلەکاندا گێڕا. دوای ئەوەش کە مەجلیسی حوکم نەما و جارێکی دیکە سەروەری بۆ عێراق گەڕایەوە و یەکەم کابینە بە سەرۆکایەتی دکتۆر ئەیاد عەللاوی پێکهات، رۆڵێکی سەرەکیی گێڕا. لە داڕشتنی دەستووریشدا لە هەموو بڕگەیەک و مژارێکیدا رۆڵێکی یەکجار گەورەی گێڕا. ئەوکات گەنگەشەی زۆر هەبوون. ناکۆک دەبووین و رێکیشدەکەوتین. لەسەر هەڵوێستەکانمان هێندە ناکۆک دەبووین کە ئەگەر یەکێک لە دەرەوە ئێمەی بینیبووایە دەیگوت ئەوانە پەیوەندییەکانیان دەپچڕێنن و دەبنە دوژمنی یەکدی، بەڵام ئەو پەیوەندییە دوور و درێژ و پتەوەی لەنێوانماندا هەبوو وایدەکرد هەمیشە پەیوەندییەکانمان بەهێز و خۆش بمێننەوە.

**رووداو: بارزانی هەندێکجار رەخنەی ئەوەی لە لایەنە شیعییەکان گرتووە کە پێشتر کورد داڵدەی داون، بەڵام کاتێک لە بەغدا گەیشتنە دەسەڵات پشتیان لە کورد کرد. تۆ لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟**

**عادل عەبدولمەهدی:** راستییەکەی هەموومان لەپشتی یەکدی راوەستاین و هەمووشمان لەدژی راوەستاین. ئەمە ورد نییە کە بڵێین شیعە زۆرتر لە کورد قوربانییان داوە یان سوننە کەمتریان داوە. هەموومان پێکەوە بەدەست رژێمی سەدامەوە مەینەتیمان بینی. هەندێکجار هەندێکمان لە لێکدانەوە و حیسابکردن بۆ هەڵوێستی یەکدی هەڵەمانکرد. گرنگ ئەوە نییە کە هەر ناکۆک بین، بەڵکو ئەوە گرنگە کە ئایا ناکۆکییەکەمان وادەکات بگەینە رێککەوتن. ئەمە لە هەموو شتێک گرنگترە. دەنا ئەگەر ناکۆک نەبین، کەواتە نوێنەرایەتیی کام بەرژەوەندییانە دەکەین. چونکە هەریەکەمان نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانمان دەکەین. جا بەرژەوەندیی وڵات و ناوچەکانمان و بەرژەوەندیی دیکەش هەن. بۆیە دەبێ بەئەمانەتەوە داکۆکی لەو بەرژەوەندییانە بکەین کە نوێنەرایەتییان دەکەین. ئەمەش ناکۆکی دروستدەکات. ئەمەش بۆ شکاندنی کەس نییە. سەرکەوتووی سەرەکی لە دەستووردا کوردە. ئێوەش میدیاکارن، بڕۆن سەیربکەن ئەو ناوچەیەی زۆرترین ئاهەنگی گێڕا بۆ پەسندکردنی دەستوورەکە، کوردستان بوو. چونکە بەڕاستی دەستوور قەڵەمبازێکی گەورە بوو بۆ رەوشی کورد لە ناوچەکە و جیهان و لە مێژوودا. هەروەها شیعە و سوننەش کە ئێستا باسی ناڕازیبوون دەکەن لە دەستوور، هەموویان پێکەوە ئەو دەستوورەیان داناوە و تەنیا یەک لایەن داینەناوە. ئەو کەسەی بڵێت ئەمریکا ئەم دەستوورەی داناوە، هیچ تێناگات و بەشداریش نەبووە لە هیچیەک لە دانیشتنەکانی لیژنەکانی نووسینەوەی دەستوور و دەستەکانی دانوستاندن. راستە دوور بە دوور ئاگایان لێبوو و هەندێکجار کە پێویستمان بە ئامۆژگاری یان راوێژ دەبوو قسەمان لەگەڵدەکردن. جا ئەو کەسە یاساناسێکی ئیتاڵی یان ژاپۆنی بووبێ یان هەر کەسێکی دیکە. بۆیە هەمووان پێکەوە لە دەستووردا سەرکەوتین. هەمووان پێکەوە مەینەتییان بەدەست سەدامەوە کێشا. بەرپرسیارێتیی ئەوەش کە لەدوای ٢٠٠٣ەوە لە عێراق روویداوە، دەکەوێتە سەرشانی هەمووان. راستە دەتوانین بڵێین شیعە باڵادەستن لە حکومەتدا و بەرپرسیارێتیی گەورەیان دەکەوێتە سەرشان. من دەڵێم شیعەم و نوێنەری زۆرینەم. بەڵام زۆرینە زۆر بەرپرسیارێتیی بەرامبەر ئەوانیدیکە دەکەوێتە سەرشان. بەڵام لەبەرامبەریشدا کورد حاڵەتێکی نوێیان بۆ دروستبوو، بە رێککەوتن هاتنە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هاتەگۆڕێ و سەرۆککۆمار جەلال تاڵەبانی بوو کە سەرکردەیەکی کورد بوو نەک عەرەب. کارلێکەکە وابوو کە هەر سەرۆکوەزیرانێک لە عێراق بووبێتە سەرۆکوەزیران، کورد قسەی سەرەکیی هەبووە لە دانانیدا. کەواتە هیچ لایەکمان بەشێوەیەکی موتڵەق هەڵە نین و بەشێوەیەکی موتڵەقیش راست نین. هەموولا لەسەر هەقن، بەڵام هەڵەشیان کردوون. کاک مەسعود و من و جەلال تاڵەبانی و مالیکی و

**هەمووما هەڵەمان کردوون و بەرپرسیارین لە دەرەنجامەکانیان**

عەبدولعەزیز ئەلحەکیم هەڵەمانکردووە، بەڵام بەڕاستیش هەموومان قوربانیمان داوە و ئەو کەسایەتییانە هەڵوێستی بڵند و زۆر ئازایانەیان لە قۆناخە زۆر ئاڵۆزەکانی مێژوودا هەبووە. تەنیا ئەوانەی لەدەرەوەی وڵات دەژین و واقیعی ئێرە نازانن و نازانن تیرۆر و داعش چییە، لەگیرفانی خۆیانەوە قسە دەردەهێنن و شتی خەیاڵی باسدەکەن.

**رووداو: لەو جارانەدا کە بارزانیتان بینیوە، چۆن باسی فیدراڵیتان کردووە؟**

**ئەوەی بڵێ ئەمریکا دەستووری عێراقی داناوە، لە هیچ تێناگات**

**عادل عەبدولمەهدی:** زۆرجار یەکدیمان بینیوە، بەڵام ئەو باسە بۆ من زۆر پێش ناسینی سەرۆک بارزانی هەبووە. لە سەرەتای شەستەکانەوە کارم لەسەرکردووە و زۆر توێژینەوە و نووسینم هەیە لەسەر چارەسەری دوو دەوڵەت لە یەک دەوڵەتدا. بۆیە من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ فیدراڵیدا نەبووە و سەید باقر ئەلحەکیمیش هیچ کێشەی لەگەڵ نەبوو. کاتێک لە کۆنگرەی ڤیەننا لەسەر پرسی فیدراڵیزم ناکۆکی دروستبوو و ئەوکات سەید بەحرئەلعلوم رەمزی شیعە بوو لە کۆنگرەکەدا و خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانیش بەشداربوو. لەوێ تاڵەبانی کتێبێکی سەید باقر ئەلحەکیمی خستەڕوو، کە تێیدا دان بە بنەمای فیدراڵیزمدا دەنێت. چونکە

**هەندێکجار هەندێکمان لە لێکدانەوە و حیسابکردن بۆ هەڵوێستی یەکدی هەڵەمانکرد**

فیدراڵی شتێکی زۆرتر لەوە نییە کە ئێستا لە ئیمارات هەیە و سیستمەکە کۆنفیدراڵییە نەک فیدراڵی. جارانیش ویلایەتی ئیسلامی هەبوون، وەک ویلایەتەکانی بەسرە و موسڵ و شارەزوور و بەغدا و یان ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، لە مێژوودا ئەوە زانراوە کە ویلایەتەکان دەسەڵاتی زۆریان هەبووە. بۆنموونە ویلایەتی شارەزوور ویلایەتێکی زۆر گەورە بووە لە ناوچەکەدا. بۆ کەسانی وەک من هیچ کێشەیەک لەگەڵ فیدراڵیدا نەبووە، بەڵام بۆ ئەوانەی بڕوایان بە سیستمی مەرکەزی هەیە و ئەوانەی هاوبەشی حوکمڕانی بوون، ئەوانە کێشەیان لەگەڵیدا هەبوو. من زۆر رێز لە خەباتی گەلی کورد و قوربانیدانەکانی دەگرم. پێشموایە شایستەی هەموو خێرە. هەمان تەمەنناشم بۆ رێبەرایەتیی گەلی کورد، واتە سەرۆک مەسعود بارزانی و برایانی دیکە هەیە. چونکە خەڵکانی بڵندپایە و خاوەنی بنەما و روئیا و قسەی خۆیانن. کاتێک قسەیەکت لێوەرگرتن، دەزانیت لەسەر قسەی خۆیانن. من باسی خۆم دەکەم نەک باسی حیزب و هێزەکانی دیکە، بەردەوام متمانە و راستگۆییم لە مامەڵەکردنیاندا بینیوە و بێسنووریش راشکاو بوون.

### بەپێی ڕووپێوی دیموگرافیی هەرێمی کوردستان

# داهاتی خەڵکی هەولێر زیاترە لە داهاتی خەڵکی سلێمانی


65 %ی گەنجە بێکارەکان هیوای دۆزینەوەی کاریان لەدەستداوە

**21 %ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوارن**

ڕووداو- هەولێر

دوایین سەرژمێری و ڕووپێوی دیموگرافیی وردی عێراق، کە پارێزگاکانی کوردستانیشی لەخۆگرتبێ لە ساڵی 1987دا بوو. بەوپێیەش هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی 30 ساڵ لە ڕووپێوێکی گشتگیری دیموگرافی بێبەش بووە و گۆڕانە دیموگرافییەکانی لەسەر بنەمای توێژینەوەیەکی ورد هەڵنەسەنگێندراون. هەفتەی ڕابردوو، دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەرانIOM و سندوقی دانیشتووانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕووپێوێکی دیموگرافییان بۆ سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان کردووە و هەڵەبجەش لە ڕووپێوەکەدا وەک پارێزگای سلێمانی دانراوە. بۆ ئەم ڕووپێوە 13 هەزار و 600 خێزانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان وەکو کەیس وەرگیراون، کە 400 خێزانیان لە کەمپەکان دەژین.

## قەبارەی دانیشتووان

عێراق لە ساڵی 1932 سەربەخۆیی لە دەسەڵاتی بەریتانیا وەرگرت. ئەوکات بەرپرسانی بەریتانیا مەزندەیان دەکرد کە عێراق 3 ملیۆن و 500 هەزار دانیشتووی هەبێ. لە یەکەم سەرژمێری لە 1947دا، ژمارەی دانیشووانی عێراق بە 4 ملیۆن و 800 هەزار تۆمارکرا. 18 ساڵ دواتر، سەرژمێرییەکی دیکە بۆ عێراق کرا، کە تێیدا ژمارەی دانیشتووان بۆ 8 ملیۆن کەس بەرزبووەوە. لەو ژمارەیەش 902 هەزار کەسیان لە هەرێمی کوردستان دەژیان.

دوایین سەرژمێریی سەرتاسەری لە ساڵی 1987 بووە، کە تێیدا ژمارەی دانیشتووانی عێراق 16 ملیۆن و 335 هەزار کەس بووە. لەو ژمارەیەش 2 ملیۆن و 15 هەزار و 466 کەسیان لە هەرێمی کوردستان دەژیان. لە سەرژمێرییەکەی 1997دا، سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانی تێدانەبوو و تەنیا مەزندەیەک خرابووە ئاراوە کە تێیدا ژمارەی دانیشتووانی عێراق 22 ملیۆن و 46 هەزار و 244 کەس و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دوو ملیۆن و 861 هەزار و 701 کەس بوو.

لەو کاتەوە دەستەی ئاماری کوردستان ئەو ژمارەیە نوێدەکاتەوە و بۆ ڕووپێوەکەی ئەمجارەش پشت بە نوێکردنەوەی 2014 بەستراوە، کە تێیدا ژمارەی دانیشتووانی عێراق 36 ملیۆن و 4 هەزار و 522 کەسە و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 122 هەزار و 747 کەسە.

**تەمەنی مردن لە کوردستان بەرزبووەتەوە**

## دانیشتووانی شار و گوند

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لەنێوان ساڵانی 1977 بۆ 1987 ڕێژەی شارنشینەکان لەچاو گوندنشینەکان 42% بەرزبووەوە، بەڵام دواتر ڕێژەکە لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، بە جۆرێک کە لە ساڵی 2014 لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی ڕێژەی شارنشینی گەیشتە سەرووی 80% (هەولێر:84% و سلێمانی: 85%).

ڕاپۆرتەکە فاکتەرە ئابوورییەکان (وەکو گەشەی ئابووری شارەکان و مووچەی باشتر)، شەڕە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و ئاوارەبوونی خەڵک، بە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان دەزانێ.

## باری ناسنامەی نیشتمانی و وڵاتی لەدایکبوون

دەیان ساڵ شەڕ و سیاسەتی نێوخۆیی عێراق، وایکرد ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ ببن. وەکچۆن لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی وڵاتانی دراوسێ بەهۆی شەڕی نێوخۆیی وڵاتەکانیانەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. هەر بۆیەش لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە 98%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە عێراق لەدایکبوون و 99%یان هاووڵاتیی عێراقین.

هاووڵاتییانی سووریا 1%، هاووڵاتییانی تورکیا 0.7% و هاووڵاتییانی ئێران 0.1% دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە 25%ی ئەو خێزانانەی لە عێراق تووشی ڕاگواستن و ئاوارەبوون هاتوون، خەڵکی ناوچەیەک لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانن. پارێزگای هەولێر زیاترین ڕێژەی ئاوارەبوون و شوێنگۆڕکێی بەخۆیەوە بینیوە (واتە 28%)، هۆکاری ئەمەش بۆ تێکچوونی دۆخی ئەمنی ناوچەی مەخموور دەگەڕێتەوە.

نزیکەی 60%ی خێزانە ئاوارەکان لە 2014دا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ڕێژەکە لە ساڵی 2015 و 2016 کەمبووەتەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکەش 55% خێزانە ئاوارەکان خەڵکی پارێزگای نەینەوان. دواتریش پارێزگاکانی سەلاحەددین 20%، ئەنبار 7%، دیالە 4%، بەغدا 4%، هەولێر 3%، کەرکووک 2%، دهۆک 2% و بابل 1% بەدوای یەکدا دێن.

## تەمەن و جێندەر

زیاترین ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، واتە 12.2%، کەسانی خوار تەمەنی چوار ساڵن. کەمترین ژمارەی دانیشتووانیش، واتە 1.9%، خەڵکانی سەر بە تەمەنی 55 بۆ59 ساڵن. لە ساڵی 1987دا 20%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە تەمەنی خوار چوار ساڵیدا بوون. کەمترین ڕێژەش، 1.8%، بۆ خەڵکانی 60 بۆ 64 ساڵی بووە. ڕێژەی دانیشتووانی سەرووی 65 ساڵ لە ساڵی ڕابردوودا 3.4% بووە، بەڵام لە ساڵی 1987 دەگەیشتە 3.2%. ئەم جیاوازییانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ڕێژەی منداڵبوون کەمبووەتەوە و تەمەنی مردنیش لە کوردستان بەرزبووەتەوە.

ڕاپۆرتەکە ئاشکرایدەکات کە بەشێوەیەکی گشتی باڵانسی جێندەر لە هەرێمی کوردستان هەیە، واتە لە بەرامبەر هەر 100 کەسی ڕەگەزی نێردا 100 کەسی ڕەگەزی مێ هەیە، بەڵام لە تەمەنە جیاوازەکاندا ئەو هاوسەنگییە گۆڕانی بەسەردا دێ. بۆنموونە ڕێژەی دانیشتووانی نێرینەی تەمەنی خوار 29 ساڵ لە هەرێمی کوردستان 1.3 % لە ڕێژەی دانیشتووانی مێینە زیاترە (نێرینە 32 % و مێینە 30.7 %)، بەڵام ڕێژەی دانیشتووی نێرینەی سەرووی 29 ساڵ بە ڕێژەی 1.7 % لە دانیشتووانی مێینە کەمترە (نێرینە 17.7%، لە بەرامبەردا مێینە 19.7%).

## وابەستەیی دارایی بەپێی پارێزگاکان و جێندەر

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ڕێژەی گشتیی وابەستەیی دارایی (واتە پشتبەستن بە هاریکاریی دارایی ئەوانیدی) لە هەرێمی کوردستان 64%یە. لەو ڕێژەیە منداڵانی تەمەن خوار 15 ساڵ، کە 35%ی دانیشتووانی هەرێم پێکدەهێنن، گەورەترین پشکیان بەردەکەوێ. پارێزگای دهۆک زیاترین ڕێژەیی وابەستەیی دارایی تێدایە، کە تێیدا لە هەر 100 کەسی سەر بە تەمەنی کارکردن 69 کەسیان لەلایەن خەڵکانی دیکەوە دەژێیندرێن. پاشان پارێزگای هەولێر بە 65% و پارێزگای سلێمانی 59% وابەستەیی دارایی دێ.

**یەک لەسەر دەی سەرۆکی خێزانەکانی کوردستان ئافرەتن**

**ڕێژەی شارنشینی لە کوردستان گەیشتووەتە 80%**

ئەو کەسانەی دەتوانن خۆیان بژیێنن لە چاو ساڵی 1987 ڕێژەکەیان 43% بەرزبووەتەوە، ڕاپۆرتەکە هۆکاری ئەمە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەڵکانی سەر بە تەمەنی کار لەچاو دانیشتووانی خوار 15 ساڵ دەگەڕێنێتەوە.

## خێزانەکانی کوردستان پیاوانەن

سەرۆکی 90%ی خێزانەکانی کوردستان پیاون، 10%ەکەی دیکەیان ئافرەتن. ئەو ئافرەتانەی کە سەرۆکایەتی خێزان دەکەن دەرفەتی خوێندنیان کەمترە و خێزانەکەشیان لەچاو خێزانی خاوەن سەرۆکی پیاو هەژارترە.

قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان 5.1 ئەندامە. قەبارەی خێزان لە پارێزگای دهۆک 6.2، لە هەولێر 5.1 و لە سلێمانی 4.6 ئەندامە. قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1987 نزیک 6.2 ئەندام بووە. زیاترین ڕێژەی دابەزینی ژمارەی ئەندامان لە شارەکان تۆمارکراوە. ڕاپۆرتەکە پێیوایە گەشەی ئابووریی ناوچە شارییەکان و فاکتەری کولتووری کاریگەریی لەسەر ئەو کەمبوونەوەیە هەبووە.

بەشێوەیەکی گشتی 53%ی ئافرەت و پیاوانی سەرووی تەمەنی 12 ساڵ هاوسەرگیرییان کردووە. هەڵوەشانەوەی خێزان دیاردەیەکی یەکجار دەگمەنە و بەپێی ڕاپۆرتەکە تەنیا 1%ی ئافرەتان و 0.2%ی پیاوان لە هاوژینەکەیان جیابوونەتەوە.

**53 %ی ئافرەت و پیاوانی سەرووی تەمەنی 12 ساڵ هاوسەرگیرییان کردووە**

حاڵەتی بێوەیەتی Widowhood لەناو ئافرەتاندا زیاترە هەتا پیاوان (ئافرەتان 1.7% و لەبەرامبەردا پیاوان 0.7%). لە گرووپی تەمەنی 55 بۆ 64 زیاتر لە 25%ی ئافرەتان بێوەژنن (ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوان 1%یە)، لە تەمەنی سەرووی 65 ساڵیش ئەو ڕێژەیە بۆ 50% بۆ ئافرەتان و 10% بۆ پیاوان بەرزدەبێتەوە.

لە تەمەنی نێوان 18 بۆ 24 ساڵان، 31%ی ئافرەتان هاوسەرگیرییان کردووە، لەکاتێکدا لەو ماوە تەمەنییەدا تەنیا 11%ی پیاوان خێزانیان پێکهێناوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە 6%ی کچانی سەر بە تەمەنی 15 و 17 ساڵ زەماوەندییان کردووە، کە 32%یان منداڵیشیان بووە. لە هەرێمی کوردستاندا کەمترین تەمەنی زەماوەند 15 ساڵە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە لە 1%ی ماڵەکانی هەرێمی کوردستاندا پیاوەکان دوو هاوژینیان هەیە، هەرچەندە گومان دەکرێ ژمارەی پیاوە دووژنەکانی کوردستان لەوە زیاتر بێ، لەبەر ئەوەی پیاوە دەوڵەمەندەکان دەتوانن ماڵی جیا بۆ هاوژینی دووەم دروست بکەن. ڕێژەی فرەژنی لە گوندەکان لە چاو شارەکان بەرزترە (گوندەکان: 1.5% و لەبەرامبەردا شارەکان 0.7%)ە.

ڕێژەی فرەژنی لە ناو ئاوارەکان سێ هێندەی ڕێژەی دووژنی هەرێمی کوردستانە (واتە 3.1%ی پیاوان زیاتر لە یەک هاوژینیان هەیە کە لەناو یەک ماڵدا دەژین)، ڕاپۆرتەکە هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە یاسای عێراق ڕێگە بە فرەژنی دەدات، لەکاتێکدا یاسای هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2008ەوە فرەژنی قەدەغەکردووە، مەگەر لە دۆخی تایبەتدا و بە ڕەزامەندی هاوژینی یەکەم.

لە هەرێمی کوردستان تێکڕای تەمەنی هاوسەرگیریی ئافرەتان 20.7 ساڵ و هی پیاوان 24.5 ساڵە. تەمەنی هاوسەرگیری بۆ هەردوو جێندەرەکە لە گوندەکان کەمترە لە شارەکان. بەرزترین تێکڕای تەمەنی هاوسەرگیری لە پارێزگای سلێمانییە (پیاوان: 24.8 ساڵ و ئافرەتان 20.9 ساڵ). ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە تەمەنی هاوسەرگیری ئافرەتان لە چاو 30 ساڵی ڕابردوو گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، لەکاتێکدا تەمەنی هاوسەرگیری پیاوان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە.

**لە 1000 منداڵ کە لەدایکدەبن 23 یان دەمرن**

## منداڵبوون و مردن

منداڵبوون حاڵەتێکی باوی ئەو ئافرەتانەیە کە هاوسەرگیرییان کردووە، بە جۆرێک کە کەمتر لە 5%ی ئافرەتە خێزاندارەکان منداڵیان نییە، بەڵام ڕێژەی منداڵبوون لە هەرێمی کوردستان دابەزیوە. تێکڕای ژمارەی منداڵبوون لە هەرێمی کوردستان 3 منداڵە بۆ هەر ئافرەتێک، لەکاتێکدا تێکڕای ژمارەی منداڵبوون لەسەر ئاستی هەموو عێراق 4.3 منداڵە (ژمارە جیهانییەکەی منداڵبوون 2.5 منداڵە). تێکڕای ژمارەی منداڵبوون لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011 نزیکەی 3.3 منداڵ بووە.

بەپێی ڕووپێوێکە، لەبەرامبەر هەر 1000 حاڵەتی لەدایکبوون 23 حاڵەتی مردنی منداڵ هەیە، لە ساڵی 2011 لەبەرامبەر هەمان ژمارەی لەدایکبووندا 28 حاڵەتی مردن هەبوون.

## خاوەن پێداویستی تایبەت

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە 3%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان (واتە 2.4%ی ئافرەتان و 3.5%ی پیاوان) خاوەنی پێداویستیی تایبەتن. پارێزگای سلێمانی زیاترین دانیشتووی خاوەن پێداویستیی تایبەتی لێیە و 3.4%ی دانیشتووانی پارێزگاکەن.

**50%ی هێزی کاری کوردستان لە کەرتی گشتین**

**5 %ی ئەو ئافرەتانەی شوویانکردووە منداڵیان نییە**

## پەروەردە و خوێندەواری

45%ی دانیشتووانی تەمەن شەش ساڵ بۆ سەرەوەی هەرێمی کوردستان هیچ بڕوانامەیەکی قوتابخانەی سەرەتاییان نییە، بەڵام وەک لە ڕووپێوەکەدا هاتووە 79%ی خەڵکی کوردستان توانای خوێندنەوە و 78%یان توانای نووسینیان هەیە، بەوپێیەش ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 21%ە.

ڕێژەی خوێندەواری لە دانیشتووانی تەمەنی 6 بۆ17 ساڵان لە هەموو گرووپە تەمەنییەکانی دیکە زیاترە و 90% ە، دانیشتووانی تەمەن 55 بۆ سەرەوەش کەمترین ژمارەی خوێندەواریان تێدایە 26% بۆ 45%. ڕێژەی خوێندەواری بەپێی جێندەریش دەگۆڕێ. لەکاتێکدا 70%ی ئافرەتانی تەمەن 6 ساڵ بۆ سەرەوە دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوانی سەر بە هەمان گرووپی تەمەن 85%ە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش دهۆک زۆرترین ژمارەی نەخوێندەواری تێدایە.

ڕووپێوەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە 17%ی دانیشتووانی 6 ساڵ بۆ سەرەوەی کوردستان، هیچکات بەشداریی وانەکانی قوتابخانەیان نەکردووە، 24% بۆ ئافرەتان و 10% بۆ پیاوان. 80%ی کوڕ و کچانی تەمەن 15 بۆ 17 ساڵ سەردانی قوتابخانەکان دەکەن، 45%ی کوڕان و کچانی 18 تاوەکو 24 ساڵیش هێشتا لە یەکێک لە دامەزراوە پەروەردەییەکان خەریکی خوێندنن. ڕێژەی هەرە زۆری ئەوانەی هیچکات بەشداریی قوتابخانەیان نەکردووە لەناو دانیشتووانی گرووپە تەمەنییە زۆرەکان هەیە 71%.

**کشتوکاڵ سەرچاوەی داهاتی 6%ی خێزانەکانی کوردستانە**

## هێزی کار

زیاتر لە 40%ی دانیشتووانی تەمەن 15 بۆ 64ی هەرێمی کوردستان بەشێک لە هێزی کار پێکدەهێنن، بەڵام جیاوازیی گەورەی جێندەری لە هێزی کاردا بەدیدەکرێ. بەپێی ڕاپۆرتەکە تەنیا 15%ی ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان گەیشتووەتە تەمەنی کار، لەناو هێزی کاری کوردستاندان. ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوان 70%ە. نزیکەی نیوەی هێزی کاری کوردستان لە کەرتی گشتیدان، 11% لە کەرتی تایبەتن، 35%یان کاری ئازاد دەکەن، کە 17%یان خاوەنی کاری خۆیانن، 18%یان بە هەقدەستی ڕۆژانە کاردەکەن.

هێزی کاری ئافرەتان لە کەرتی تایبەتی کوردستاندا پێگەیەکی لاوازیان هەیە، 75%یان لە کەرتی گشتی کاردەکەن. بەڵام وەک لە ژمارەکانی ڕووپێوەکەدا دەردەکەوێ پیاوان هەلی کاری جۆراوجۆریان زیاترە. 44% هێزی کاری پیاوان لە کەرتی گشتی و 12% لە کەرتی تایبەتن (خاوەنکار:4% و دامەزراو: 8%)، 21%ی هێزی کاری پیاوان خاوەنی کاری خۆیانن و 21%یش بە مووچە یان هەقدەستی ڕۆژانە کاردەکەن.

**1%ی پیاوانی کوردستان دوو ژنیان هەیە**

بەپێی ڕاپۆرتەکە جێندەر و تەمەن دوو هۆکاری سەرەکیی کارنەکردنن. بۆنموونە 78 بۆ 93% ی ئافرەتانی تەمەن 25 بۆ 64 ساڵ خەریکی ماڵدارین. لەکاتێکدا بێکاریی ڕەگەزی نێرینە زیاتر لە تەمەنی خوار 25 ساڵدا، کە دەکرێ هێشتا خەریکی خوێندن بن، چڕبووەتەوە. هەرچەند 65%ی گەنجە بێکارەکانی ڕەگەزی نێرینە (واتە لە تەمەنی 34 بۆ 35) هیوای دۆزینەوەی کاریان لەدەستداوە.

36%ی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان داهاتی مانگەیان لە 500 هەزار دینار کەمترە (ئەم گرووپە لە سلێمانی زیاترن: 40%ی دانیشتووانی پارێزگاکەن)، 51%ی خێزانەکانیش مانگانە نیوملیۆن بۆ ملیۆنێک دینار داهاتیانە (لە پارێزگای دهۆک زیاترین ڕێژەیان هەیە: 56%)ە. 13%ش لە مانگێکدا زیاتر لە 1 ملیۆن دیناریان دەستدەکەوێ (ئەم گرووپە لە هەولێر زیاترن لە 16%). ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە 70%ی ئەو خێزانانەی کە یەک ئەندامیان لە کەرتی گشتیدا کار دەکات داهاتی مانگەیان لە یەک ملیۆن بۆ سەرەوەیە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دوو لەسەر سێی خێزانەکان لەسەر مووچەی کەرتی گشتین، کە 47%یان فەرمانبەر و 18%شیان خانەنشینن. نزیک 30%ی خێزانەکان ئەندامیان هەیە کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، کە 12%یان فەرمانبەرن و 16%یان خاوەن بزنسن. کشتوکاڵ سەرچاوەی داهاتی تەنیا 6%ی خێزانەکانی کوردستانە، لەکاتێکدا 25%ی دانیشتووان بە کاری ڕۆژانە دەژین (واتە هەقدەستی ڕۆژانە 21% لەبەرامبەر بازرگانی نافەرمی 3%).

**ڕێژەی ئافرەتانی بێوەژن ناگاتە 2 %**

## خانووبەرە، نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکان

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو خێزانەکانی هەرێمی کوردستان خانووبەرەی گونجاو بۆ ژیانیان دەستکەوتووە، 75%ی خێزانەکانیش خاوەنی ئەو خانووەن کە تێیدا نیشتەجێن. 80%ی ئەو ئاوارانەی لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین، لە خانووی کرێدان، 13%یش خاوەنی موڵکەکەن و ئەوانی دیکەش لەو جۆرە شوێنانەن کە هیچ کرێیەکیان لێ وەرناگیرێ.

زیاتر لە 90%ی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان (واتە 95%ی ناوچە شارییەکان و 70%ی گوندەکان) لەسەر تۆڕی ئاوی گشتین، 5%ی خێزانەکان پشت بە بیری ئاو دەبەستن، 3% بە تانکەر ئاویان بۆ دەچێ و 1%یش سوود لە ئاوی کانیاو، ڕووبار، کاناڵ، دەریاچە یان گۆم وەردەگرن. سەبارەت بە کارەباش لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە تێکڕای کارەبای دابینکراو بۆ هەر خێزانێکی کوردستان 17 کاژێرە لە ڕۆژێکدا. پارێزگای سلێمانی لەچاو دوو پارێزگاکەی دیکەی کوردستان زیاترین کاژێری کارەبای هەیە لە ڕۆژێکدا (18.5 کاژێر) و دهۆک کەمترین کاژێری بەردەکەوێ (15.9 کاژێر).

**دوو لەسەر سێی خێزانەکان لەسەر مووچەی دەوڵەت دەژین**

## یەکگرتوو و کۆمەڵ پارە دەدەن و نەوەی نوێ و گۆڕان نایدەن

# پارتی 10 هەزار دۆلار و یەکێتیش 10 ملیۆن دینار دەداتە بەربژێرەکانی

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

لیستەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلار دەدەنە بەربژێرەکانیان. هەندێک لە حیزبەکانیش هیچ هاوکارییەکی ماددییان ناکەن. هەندێکیشیان بۆ چاپکردنی پۆستەر و فلێکس هاوکارییان دەکەن.

### گۆڕان پۆستەر و فلێکسیان بۆ چاپدەکات

ئاشنا عەبدوڵڵا، بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت گۆڕان هاوکاریی ماددیی بەربژێرەکانی ناکات، بەڵکو پۆستەر و فلێکسیان بۆ دروستدەکات. بۆ هەر بەربژێرێکیش 20 فلێکس و دوو هەزار پۆستەریان بۆ چاپدەکرێت تاوەکو لەسەر شەقامەکان بۆ بانگەشەی خۆیان هەڵیبواسن.

بەگوتەی ئەو، بەهۆی هاوکارینەکردنیانەوە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە، بەربژێرانی گۆڕان دوو بژارەیان لەپێشە: یان بانگەشە نەکەن یان بە گیرفانی خۆیان بانگەشە بکەن "بۆیە هەر بەربژێرێک دەرنەچێت، زیانێکی ماددیی زۆر دەکات، بێجگە لە زیانە مەعنەوییەکەش". ئاشنا عەبدوڵڵا لەگەڵ ئەوەدا نییە حیزب هاوکارییان بکات: "با بەربژێرەکان بەتەواوی پشت بەخۆیان ببەستن، بەمەش بەربژێرەکان بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ئیشدەکەن، بۆئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنن".

### نەوەی نوێ پارە ناداتە بەربژێرەکانی

بەربژێرێکی نەوەی نوێ ئاشکرایکرد کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، نەوەی نوێ 13 ملیۆن دیناری بۆ 14 کاندیدەکەی خۆی خەرجکردبوو، بەڵام بۆ ئەم هەڵبژاردنە هیچیان ناداتێ. نەجات ئەحمەد، بەربژێری نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت: "نەوەی نوێ هیچ هاوکارییەکی ماددیی بەربژێرەکانی ناکات. بەپێچەوانەی حیزبەکانی دیکەوە، کە هاوکارییەکی ماددیی باشی بەربژێرەکانیان دەکەن". گوتیشی "خەرجیی هەموو بەربژێرەکانی نەوەی نوێ، کە ئێستا 9 بەربژێرین، لە هەولێر ناگاتە خەرجیی بانگەشەی یەک بەربژێری حیزبەکانی دیکە".

### یەکگرتوو بە قیست دەیانداتێ

یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ئەم هەڵبژاردنە هاوپەیمانیی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی چاکسازی و گەشە، بەناوی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح، پێکهێناوە و لە کۆی 61 بەربژێری هاوپەیمانییەکە، 50یان یەکگرتوون.

ئەبووبەکر حوسێن، بەربژێری لیستی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح، سەبارەت بە هاوکاریی یەکگرتوو بۆ بەربژێرەکانیان بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکگرتوو بۆ هەر بەربژێرێک هەزار دۆلار خەرجدەکات، تاوەکو ئێستا 500 دۆلاریان داوینەتێ، لە ڕۆژانی داهاتووشدا 500 دۆلارەکەی دیکەمان دەدرێ".

ئەو 1000 دۆلارە کەلێنێکی کەم بۆ بەربژێرەکانی یەکگرتوو پڕدەکاتەوە. وەک ئەبووبەکر حوسێن دەڵێت "ئەوە تەنیا بەشی 20%ی کارەکانی بانگەشەی بەربژێرەکانی پێ جێبەجێدەکرێت و 80%ەکەی دیکە لەئەستۆی خۆمانە".

کۆمەڵی ئیسلامی 40 بەربژێری بۆ پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڵام وەک بەربژێرەکان دەڵێن حیزب توانای هاوکاریکردنی ماددیی باشی نییە بۆ بەربژێرەکان. موسلیم عەبدوڵڵا، بەربژێری لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "هاوکارییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ هەموو بەربژێرەکان وەکو یەکە، بەڵام ئەوەندە نییە کە شایانی باسکردن بێت. نزیکەی 800 هەزار دینارە بۆ هەر بەربژێرێک کە ناتوانین پشتی پێببەستن. بۆیە دەبێ پشت بە تواناکانی خۆمان یان هاوکاریی ماددیی خێرۆمەندان و کەسوکارمان ببەستین".

### یەکێتی یەک ملیار دینار دەداتە بەربژێرەکانی

لەبارەی هاوکاریی یەکێتی بۆ بەربژێرەکانی لیستەکەی، کە ژمارەیان 100 بەربژێرە، سەرچاوەیەک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکێتی تاوەکو ئێستا 5 ملیۆن دیناری بە هەر بەربژێرێکی لیستەکەی داوە، بۆئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پێبکەن. بڕیاریشە 5 ملیۆن دیناری دیکەشیان بداتێ. کەواتە یەکێتی 500 ملیۆن دیناری بۆ بەربژێرەکانی خەرجکردووە و لە هەفتەی کۆتاییشدا 500 ملیۆن دیناری دیکەش بۆ 100 بەربژێرەکەی خەرجدەکات. بەمەش کۆی گشتی ئەو پارەیەش کە بۆیان خەرجدەکات دەبێتە ملیارێک دینار". هەر بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە یەکێتی پۆستەر و فلێکسیش بۆ بەربژێرەکانی چاپ دەکات.

### پارتی یەک ملیۆن دۆلار دەداتە بەربژێرەکانی

بەپێی زانیاریی سەرچاوەیەکی پارتی بۆ (ڕووداو) ئەو حیزبە هێشتا پارەی بە بەربژێرەکانی نەداوە و بەربژێرەکان لەسەر گیرفانی خۆیان بانگەشە دەکەن، بەڵام بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پارتی بۆ هەر بەربژێرێکی بڕی 10 هەزار دۆلار خەرج بکات، بەڵام پارەکە بە یەک جار نادرێتە بەربژێرەکان و بە چەند قۆناغێک دەبێت. بەمەش کۆی ئەو هاوکارییەی پارتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی بەربژێرەکانی دیاریکردووە یەک ملیۆن دۆلارە.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) خەرجی حیزبەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە 30 ئەیلوول بەڕێوەبچێ، نزیکەی دوو ملیۆن دۆلارە، ئەمە جگە لەو خەرجیانەی کە بەربژێرەکان لەسەر گیرفانی خۆیان دەیکەن.




زۆربەی بەربژێرەکان خەرجیی فلێکسەکانیان لەسەر حیزبەکانیانە

(فۆتۆ: AFP)

## "ژمارە شوومەکە" بەربژێرەکان ناترسێنێ



بۆ ئەم هەڵبژاردنە 10 کاندید ژمارەکەیان 13یە

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

بەفراو ئەحمەد، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12ی ئایاری ڕابردوو، بەربژێری ژمارە 13 بوو لەسەر لیستی یەکێتی، بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنییەوە کشایەوە. ئەو پێیوابوو ژمارەکەی شووم بوو، بۆیە وای بەسەرهات. بەڵام ئەو بەربژێرانەی لەو هەڵبژاردنەدا ژمارە 13یان بەرکەوتووە، دەڵێن ژمارە "شووم"ەکە نایانترسێنێ.

لە کولتووری هەندێک کۆمەڵگەدا ژمارە 13 چیرۆکی زۆری لەبارەوە دروستکراوە. زۆربەی چیرۆکەکانیش وایان لە خەڵک کردووە پێشوازی لێنەکەن. تەنانەت لە کوردستانیش خەڵک سڵ لەو ژمارەیە دەکەنەوە. جووتیارێک کاتێک گەنمەکەی دەپێوێ کە دەگاتە ژمارە 13 ناڵێت 13، دەڵێت "زیادە". دەگوترێت هەریەکە لە ناپلیۆن و کریستۆفەر کۆلۆمبس و وینستن چێرچڵ، لە ژمارە 13 ترساون. یان بەشێکی زۆر لە یاریزانەکانی تۆپی پێ پێیان خۆشنییە ئەو ژمارەیە بخرێتە سەر درێسەکانیان، تەنانەت ئەو جۆرە تێگەیشتنانە بازیانداوەتە نێو سیاسەتیشەوە.

لەنێو بەربژێرانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانیش 10 بەربژێر ژمارەکەیان 13یە، بەڵام ئەوان پێیانوانییە ئەم ژمارەیە شووم بێت.

لەیلا عەلی عەبدولعەزیز، بەربژێری ژمارە 13 لە لیستی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح، کە تاکە بەربژێری ئافرەتە ژمارەکەی 13 بێت بە (ڕووداو)ی گوت: "وەکو کەسێکی پابەند بە دین هەرگیز باوەڕم نییە هەر شتێک (شووم) بێت، بەڵکو ئەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ قەزا و قەدەر، کە گوتیشیان ژمارەکەت 13یە زۆر ئاسایی بوو لەلام، بەڵکو پێشمخۆش بوو و گوتم بەڵکو کارێک بکەم، ئەو خورافاتە نەهێڵم و بیرەوێنمەوە". لەیلا عەلی گوتیشی وەکو بیرەوەری هیچکات بیرەوەریی ناخۆشی لەگەڵ ئەو ژمارەیە نەبووە، "چونکە ئەو گرنگییەی نەبووە تا بزانێت بیرەوەریی لەگەڵی هەبووە یان نا، هەروەک ژمارەکانی دیکە حیسابی بۆ کردووە".

ئازاد قەرەنی، بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕان، کە ژمارەکەی 13یە، دەڵێت بزووتنەوەکەی پێشینەیەکی باشی لەگەڵ ئەو ژمارەیە هەیە، بەربژێری ژمارە 13یان لە هەڵبژاردنی ڕابردوو، زۆرترین دەنگی هێناوە، ئەویش عەلی حەمەساڵح بوو.

ئازاد قەرەنی گوتی "وەکو هەر ژمارەیەکی دیکە، بە ژمارەیەکی ئاسایی دەزانم و هیچ باوەڕم بەوە نییە کە ژمارەیەکی شووم بێت، بەلای منیشەوە زۆر ئاساییە کە ژمارە 13م لە لیستەکەم، ڕەنگە جوانتریش بێت لە ژمارەکانی دیکە".

بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی کە ژمارە 13 وەک ژمارەیەکی شووم دەبینن، کاندیدی ژمارە 13 لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمارەیەکی باشی دەزانێت، جەمال محێدین گوتی: "ژمارەکان هەموویان وەکو یەک پیرۆزن لەلای من، ژمارە 13ش لەلای من پیرۆزترە لەبەرئەوەی لە 1931/6/13 ڕژێمی عێراق کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی لە سلێمانی زیندەبەچاڵ کرد، یەکێکی دیکە لە پیرۆزییەکانی 13ی حوزەیران ئەوەیە کە خاڵە عەففان سەرکردەی پارتی لە سلێمانی، لەکاتی بەخاکسپاردنی تەرمەکەیدا تەقەی لێکرایەوە و بۆ جاری دووەم شەهید کرایەوە، لەو ڕوانگەیەوە من ژمارە 13 بە دەرفەتێکی باش دەزانم بۆ سەندنەوەی خوێنی ئەو شەهیدانە". گوتیشی "پێشتر هیچ بیرەوەرییەکی خۆش و ناخۆشم لەگەڵ ئەو ژمارەیە نەبووە".

عیسا سدیق، کاندیدی ژمارە 13 لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامییە، لە تەمەنی گەنجێتیدا حەزی لە ژمارەکانی 5 و 7 بووە، بەڵام پێی ئاساییە ژمارە 13ی بەرکەوتووە. عیسا سدیق دەڵێت "لەڕوانگەی ئیسلامەوە بڕوام بەوە نییە کە 13 ژمارەیەکی شووم بێت، وەکو هەر ژمارەیەکی دیکە دەیبینم، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کەسێک ئەوەی پێگوتم لەلای هەندێک کەس ژمارە 13 بە شووم دادەنرێت، ئەگەرنا هەر نەشمدەزانی، بۆیە هیچ بیر لەو ژمارەیە ناکەمەوە وەک ئەوەی دەگوترێت ژمارەیەکی شوومە و مرۆڤ چانسی لەگەڵی نابێت".

هەروەها هەورامان مەهدی، کاندیدی ژمارە 13 لە لیستی جوڵانەوەی نەوەی نوێش دەڵێت: "باوەڕم بە ژمارە نییە، بەڵکو باوەڕم بە ئیش و خزمەتە".

## بە نیو ملیۆن کوردی ئێزدی دوو کاندیدیان هەیە

# مەترسی هەیە هیچ کوردێکی ئێزدی نەگاتە پەرلەمان

ناسر عەلی
ڕووداو – دهۆک

لە کۆی 773 بەربژێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا دوو بەربژێری کوردی ئێزدی هەن. ئەوانیش یەکێکیان لەلایەن پارتی و ئەوەی دیکەشیان لەلایەن یەکێتییەوە بەربژێر کراون. پارتی دەڵێت بەربژێرێکی ئافرەتی ئێزدییان داناوە بۆئەوەی چانسی دەرچوونی زیاتر بێ.

> بۆئەوەی دەربچێ، کچێکمان بەربژێر کردووە
>
> مەکتەبی هەڵبژاردنی لقی یەکی پارتی

> جەماوەری ئێزدیمان نییە، بۆیە کاندیدیشمان نییە
>
> هەڵسووڕاوێکی گۆڕان لە بادینان

ئەو دوو بەربژێرەی کوردە ئێزدییەکان، لەو 125 بەربژێرەن کە لە سنووری پارێزگای دهۆک خۆیان بەربژێرکردووە و چاویان لە دەنگی ئەو ئێزدیانەیە کە لە سنووری هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و مافی دەنگدانیان هەیە. ئەوانیش ئێزدییەکانی ناحیەی باعەدرێ وبەشێک لە قەزای شێخان و کۆمەڵگەی شاریان، کە ژمارەیان نزیکەی 30 هەزار دەنگدەرە.

هەرچەندە ئێزدییەکان لە پەرلەمانی عێراق وەکو کەمینەیەک لە کورد جیاکراونەتەوە و وەکو کۆتا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کۆتایان نییە. هەرچەندە ئێزدییەکان بە پاڵپشتی پارتی هەوڵی زۆریان دا کە لە خولی داهاتوو کۆتایان هەبێ، بەڵام لایەنەکانی دیکە ڕازینەبوون.

خالد ئەحمەد، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی لقی یەکی پارتی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی هەموو کات هەوڵیداوە زۆرترین نوێنەری کوردی ئێزدی لە پەرلەمان بن. لە خولی ڕابردووشدا شێخ شامۆ وەکو نوێنەری کوردی ئێزدی بە دەنگی خۆی دەرچوو بوو و لەسەر لیستی پارتی بووە نوێنەر، ئەمجارەش بەربژێری کوردی ئێزدیمان لە لیستەکەماندا داناوە".

ئەو بەربژێرە ئێزدییەی پارتی دایناوە، ئافرەتە. خالید ئەحمەد هۆکاری دانانی ئەو ئافرەتە ڕوووندەکاتەوە و دەڵێت: "ئەو کوردە ئێزدییانەی لە کوردستان مافی دەنگدانیان هەیە، ژمارەیان کەمە. دوای شەڕی داعشیش ژمارەیەکیان چوونە دەرەوەی وڵات. بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە ئافرەتێک دابنێین، بۆئەوەی چانسی دەرچوونی زۆرتر بێ".

لە خولی یەکەمی پەرلەمان، هیچ ئێزدییەک لە پەرلەمان نەبوو. لە خولی دووەم دوو نوێنەریان هەبوو. هەروەها لە خولی ڕابردوو و ئەم خولەشدا یەک پەرلەمانتاریان هەبووە. سەرجەمیشیان لە فراکسیۆنی پارتی بوون.

یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانیش هەوڵدەدات کوردێکی ئێزدی بگەیەنێتە پەرلەمان، بەڵام دەنگەکانی لە بادینان هەندێکجار فریای بەربژێرە موسڵمانەکانیشی نەکەوتوون. قادر حەیدەر، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا کوردی ئێزدیمان لە لیستەکانمان داناون، ئەمجارەش بەربژێرێکی ئێزدیمان لە لیستەکە داناوە، دەمانەوێ ئێزدییەک بگاتە پەرلەمان".

لە هەرێمی کوردستان و عێراق زیاتر لە نیو ملیۆن کوردی ئێزدی هەن، کە بەشێکی زۆریان دەکەونە ناوچە کێشە لەسەرەکان. ئەوانەی دەکەونە ئەو سنوورە تەنیا بۆیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشداری بکەن. لە پەرلەمانی عێراقیش یەک کورسیی کۆتایان بۆ دانراوە. لە زۆربەی هەڵبژاردنەکانیش نوێنەری پارتی چاکسازیی ئێزدییان ئەو کورسییەی بردووە. ئەو حیزبە ئێزدی بە کورد نازانن.

بزووتنەوەی گۆڕان لە سنووری پارێزگای دهۆک بۆ ئەم هەڵبژاردنە تەنیا سێ کەسی بەربژێر کردووە، بەڵام هیچیان ئێزدی نین. بەرپرسێکی گۆڕان لە بادینان کە نەیویست ناوی بهێندرێ، گوتی: "ئێمە جەماوەرمان لەنێو ئێزدییەکاندا نییە، بۆیە زەحمەت بوو کاندیمان دەستکەوتبا".

هەرچەندە لەدوای خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانەوە نوێنەری ئێزدی هەبووە، بەڵام ئێزدییەکان ترسیان هەیە بەهۆی سیستەمی هەڵبژاردنەوە کە نیمچەکراوەیە، نوێنەرەکەیان لەدەست بدەن.

سعود مستۆ، کە چالاکڤانێکی کوردی ئێزدییە لە دهۆک، بە (ڕووداو)ی گوت "هەتا کۆتا بۆ ئێزدییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دانەنرێ، مەترسی نەگەیشتنی نوێنەری ئێزدی بە پەرلەمانی کوردستان هەیە".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (521) - دووشەممە 2018/9/17



## ڕۆژانە 100 لۆری ئارد لە تورکیاوە دێتە کوردستان

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی تورکیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کورتهێنانی بەرهەمی گەنم و ئارد ڕێگری لە هەناردەکردنی ئەو ئاردە دەکات کە لە بەرهەمی ناوخۆیی گەنم دروستکراوە، بۆیە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا هەناردەکردنی ئاردی تورکی بۆ هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هەندێ کێشە بووەوە. نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "کێشەی مانەوەی ئەو بارهەڵگرانەی ئاردیان هەڵگرتووە لە دەروازەی بازرگانی ئیبراهیم خەلیل کێشەیەکی کاتی بووە و چارەسەرکراوە". نەوزاد ئەدهەم گوتیشی: "ڕۆژانە 100 بارهەڵگر ئارد لە تورکیاوە دەگوازنەوە هەرێمی کوردستان، ئێستا بازارەکانی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکیان لە دابینکردنی ئارددا نییە".

## داهاتی ڕۆژانەی هاتوچۆ 739 ملیۆن دینارە و 23%ی بەهۆی سزای سەرپێچی و خێرایی لێخوڕینە

# سزای سەرخۆشی یەک ملیۆن دینارە



داهاتی هاتوچۆ لە دوو ساڵی ڕابردوودا 35% زیاد بووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی هاتوچۆ دەڵێت بەهۆی زیادکردنی ڕسومات و پارەی سزای سەرپێچی، داهاتی ڕۆژانەی هاتوچۆ 739 ملیۆن دینارە، ساڵ دوای ساڵیش داهاتەکە زیاتر دەبێ.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، داهاتی هاتوچۆ لە دوو ساڵ و 7 مانگی ڕابردوودا، بەهۆی زیادکردنی ڕسوماتی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و نوێکردنەوەی سەنەوی و سزاکانی سەرپێچی، زیاتر لە 624 ملیار و 488 ملیۆن دینار بووە. ساڵ بە ساڵیش ئەم داهاتە زیاد بووە. لە ساڵی 2016 داهاتەکە 178 ملیار و 130 ملیۆن دینار بووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو گەیشتووەتە 269 ملیار و 757 ملیۆن دینار. داهاتی حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵیش زیاتر لە 176 ملیار و 600 ملیۆن دینار بووە، کە بەراورد بە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، 11% زیادیکردووە.

عەقید ئەسعەد مەلا کەریم، گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێم و بەڕێوەبەری ئامار و پلاندانان، دەڵێ: "لە چوارچێوەی زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت، لە ئاداری 2016 پارەی سەرپێچی و ڕسوماتە جۆراوجۆرەکانی کەرتی هاتوچۆ زیادکران. بەوهۆیەشەوە داهاتی هاتوچۆ بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد. بەجۆرێک داهاتی 2016 بەراورد بە 2017 نزیکەی 35% زیادیکردووە، داهاتی هاتوچۆ لە 178 ملیار و 130 ملیۆن دینارەوە بۆ 269 ملیار و 757 ملیۆن دینار زیاد بوو".

بەپێی ڕێنماییەکان، پێشتر مانگانە 20%ی ئەو داهاتە بۆ کاروباری کەرتی هاتوچۆ خەرج دەکرا و 80%ی بۆ خەزێنەی دەوڵەت بوو، بەڵام ئێستا 17%ی ئەو داهاتە دەدرێتەوە هاتوچۆ. عەقید ئەسعەد دەڵێت: "ئەو ڕێژەیە کەمە و بەشی خەرجییەکانمان ناکات".

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆ 10 جۆر داهاتی هەیە، ئەوانیش تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل، مۆڵەت، سزادان، بەڵێننامە، چەک، تابلۆ، ژینگە و شەقام، کۆمەکی نەخۆشییەکان، نووسینگە و داهاتی جۆراوجۆر.

> یەک دینارمان لە پارەی ڕسوماتی ژینگە وەرنەگرتووە
>
> دەستەی ژینگە

لە ڕیزبەندی داهاتەکانی کەرتی هاتوچۆدا بۆ ساڵی 2017، داهاتی سزادان پشکی شێری بەردەکەوێت، دوای ئەویش داهاتی تابلۆ، ژینگە و شەقام و تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل دێن.

عەقید ئەسعەد مەلا کەریم، دەڵێت: "دوای زیادکردنی پارەی ڕسومات، بەپێی ڕێنماییەکان پارەی سەرپێچییەکانیش زیادکرا، ئێستا کەمترین سزای سەرپێچی لە 15 هەزارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە یەک ملیۆن دینار، ئەو ملیۆن دینارەش تەنیا لە سێ سەرپێچی وەردەگیرێت کە بریتین لە دەستکاریکردنی تابلۆ، ڕەشکردنی جام و لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بە مەستی".

بەپێی داتاکانی هاتوچۆ، زۆرترین سەرپێچی بەهۆی خێرا لێخوڕینەوە لەڕێگەی کامێراکانی هاتوچۆوە تۆمار دەکرێت، سزای خێرا لێخوڕینیش لە 70 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 300 هەزار دینار.

عەقید ئەسعەد مەلا کەریم، گوتی: "بەشێک لە شوفێران پابەندنین بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و بەهۆی خێرا لێخوڕینەوە پارەیەکی زۆریان لەسەر کەڵەکە بووە، بۆ نموونە شوفێر هەیە زیاتر لە 20 ملیۆن دینار پارەی کامێرا و سەرپێچی لەسەرە، توانای نییە پارەکە بدات، بۆیە داوامان کردووە پارەی سەرپێچییەکانی هاتوچۆ بکرێت بە قیست و ئەگەریش بکرێت لە پاشەکەوتی مووچە وەربگیرێت".

> داوامان کردووە 50%ی پارەی ڕسوماتی هاتوچۆ کەمبکرێتەوە
>
> بەرپرسێکی هاتوچۆ

عەقید ئەسعەد پێیوایە زیادکردنی پارەی سەرپێچییەکانی هاتوچۆ لەجێی خۆیدا بووە. ئەویش بۆ پاراستنی گیانی شوفێر و سەرنشینان و پیادە، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، بەڵام تێبینیان لەسەر زیادکردنی پارەی ڕسوماتەکان هەیە "پێمانوایە ڕەچاوی بارودۆخی داهاتی خەڵک نەکراوە. بۆیە داوامانکردووە پارەی ڕسومات 50% کەمبکرێتەوە".

لە چوارچێوەی زیادکردنی ڕسوماتەکانی هاتوچۆ بۆ هۆکارەکانی گواستنەوە، بەناوی ژینگە و شەقام پارە لە شوفێر وەردەگیرێت، کە بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت 20 هەزار و بۆ کرێ 35 هەزار و بۆ بارهەڵگر بە هەموو جۆرەکانی 70 هەزار دینارە لە ساڵێکدا.

ساڵی 2016 نزیکەی 23 ملیار و 465 ملیۆن دینار بەناوی داهاتی ژینگە و شەقام وەرگیراوە، ساڵی ڕابردوو 37 ملیار و 49 ملیۆن دینار، ئەمساڵیش تاوەکو کۆتایی مانگی تەمووز، 23 ملیار و 676 ملیۆن دینار وەرگیراوە.

دکتۆر هەڵۆ عەسکەری، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت: "تائێستا هیچ بڕە پارەیەک لەو پارەیەی بەناوی ژینگە لە شوفێران وەردەگیرێت، نەهاتووەتە سندووقی ژینگە، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی ڕێنماییەکان بەشێک لەم داهاتە بەر ژینگە دەکەوێت". دکتۆر هەڵۆ عەسکەری دەڵێت ئەوان تا ئێستا دۆخی دارایی حکومەتیان لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ڕەنگە لەمەودوا داوای 20%ی ئەو داهاتە بکەن".

لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، حکومەتەکان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان کۆمەڵێک ڕێوشوێنی دارایی و نەختینەیی دەگرنەبەر تا بەوهۆیەوە داهات زیاد بکەن و خەرجی کەمبکەنەوە. یەکێک لە سەرچاوەکانی زیادکردنی داهاتیش بەرزکردنەوەی باج و ڕسوماتە. بۆ زیادکردنی داهات، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری زیادکردنی ڕسوماتی هاتوچۆ و پارەی سزای سەرپێچیی دا.

د.لوقمان عوسمان، پسپۆڕی گەشەپێدانی ئابووری و بانک لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت: "لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، ئاساییە حکومەت باج و ڕسومات زیاد بکات، بەڵام حکومەت لە زیادکردنی ڕسوماتی سەر هۆکارەکانی گواستنەوە، ڕەچاوی باری دارایی خەڵک و بەرزبوونەوەی ئاستی نرخەکانی نەکردووە. لە وەرگرتنی بڕی پارەی سزای سەرپێچییەکانیش ڕەچاوی بارودۆخی دارایی خەڵک نەکراوە".

(داهاتی هاتوچۆ لە دوو ساڵ و 7 مانگی ڕابردوودا بە (دینار)

| ساڵ | داهات |
| --- | --- |
| 2016 | 178,130,188.390 |
| 2017 | 269,757,343.878 |
| 2018 /7 | 176,600,760,375 |
| کۆی گشتی | 624,488,269.643 |

# هەڵبژاردن گیرفانی خاوەن چێشتخانەکانی چەورتر کردووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لە چوارچێوەی بانگەشەکانیان بۆ زیادکردنی دەنگ و بەدەستهێنانی متمانەی زیاتری خەڵک، بەربژێری بەشێک لە لیستەکان پەنا بۆ دەعوتکردنی خەڵک دەبەن، بەو هۆیەشەوە بازاڕی بەشێک لە چێشتخانەکان جووڵەی تێکەوتووە و فرۆشیان تا ئاستێکی بەرچاو زیاد بووە.

وا بڕیارە ڕۆژی 30ی ئەیلول، هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، زیاتر لە 700 کاندید کێبڕکێ لەسەر 111 کورسییەکەی پەرلەمان دەکەن. بانگەشەی هەڵبژاردن، زۆر کار و پیشە دەبووژێنێتەوە، یەکێک لەوانەش بازاڕی چێشتخانەکانە، چونکە کاندیداکان، بە تایبەتی ئەوانەی باری دارایییان باشە، لە ڕێگەی دەعوەتی قەبە و چەورەوە، دەیانەوێ دەنگی دەنگدەران بۆ خۆیان ببەن. ئێستا بەشێک لە ڕیستورانت و چێشتخانەکان جمەیان دێ لە میوانی کاندیداکان.

گۆڤەند عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری چێشتخانەی ماسیی شکار لە شاری هەولێر، دەڵێت: "دوای دیاریکردنی وادەی بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنەوە، بەربژێری بەشێک لە لیستەکان بەتایبەتیش بەربژێری لیستە گەورەکان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر، دەستیان بەدەعوەتکردنی خەڵک کردووە، ئەمەش جووڵەی خستووەتە فرۆشی بەشێکی زۆر لە چێشتخانەکان". گۆڤەند نموونە بە فرۆشی چێشتخانەکەی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت "بە بەراورد بە پێشتر فرۆشمان بەڕێژی نزیکەی 35% زیادی کردووە، دڵنیاشین تا ڕۆژی هەڵبژاردن ئەم فرۆشەمان دەمێنێت و کەمێکی دیکەش زیاد دەکات".

بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حیزب و قەوارەکان وەک پێشتر دەستکراوەنین بۆ هاوکاریکردنی بەربژێرەکانیان، ئەمەش وایکردووە بەشێک لە بەربژێرەکان لەسەر حیسابی خۆیان بانگەشە بکەن، ئەو بەربژێرانەی توانای داراییان باشە، پۆستەری زیاتر و گەورەیان هەڵواسیوە، دەعوەتی خەڵکیش زیاتر دەکەن.

گۆڤەند عەبدولکەریم، دەڵێت: "بەربژێری زۆربەی لیست و قەوارەکان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و پاداشتکردنی ئەو کەسانەی بانگەشەیان بۆ دەکەن دەعوەتی خەڵک دەکەن، بەڵام ئەو بەربژێرانەی میوانداری گەورەی خەڵک دەکەن، زیاتر بەربژێرانی لیستە گەورەکانن".

> بەربژێر هەیە بە جارێک 250 کەس دەعوەت دەکات
>
> بەڕێوەبەری کارگێڕیی چێشتخانەیەک

گۆڤەند عەبدوڵکەریم گوتیشی: "بەربژێر هەیە بە جارێک 50 کەس بۆ دەعوەت دەهێنێ. بەربژێریش هەیە 20 کەس دەهێنێ، بۆیە گیرفانی بەربژێرەکان و هاوکاری حیزبەکان بۆ بەربژێرەکانیان، کاریگەری لەسەر کێبڕکێی نێوان بەربڕێژەکان لە دەعوەتکردنی خەڵکدا هەیە".

جوڵەکە زۆرتر لەو ڕێستوڕانتانەدا دەبینرێ کە بەناوبانگن و یان نرخی خواردنیان بە بەراورد بە شوێنی دیکە زیاترە. چێشتخانەی شاری شەهاب، یەکێکی دیکەیە لە و چێشتخانانەی بەشێک لە بەربژێرەکان بۆ دەعوەتکردنی خەڵک ڕووی تێدەکەن، بەم هۆیەشەوە فرۆشی ئەم چێشتخانەیە بە ڕێژەیەک زیادبووە.

ئەحمەد قاسم، بەرپرسی کارگێری و دارایی لە چێشتخانەی شاری ئەبوو شەهاب لە شاری هەولێر، دەڵێت: "لەگەڵ دەستپێکردنی بانگشەی هەڵبژاردن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر و پاداشتکردنی ئەو کەسانەی بانگەشیان بۆ دەکەن، بەشێک لەبەربژێرەکان دەستیان بەدەعوەتکردنی خەڵک کردووە، بەم هۆیەشەوە ڕێژەیەک لە فرۆشمان زیادبووە".

ئەحمەد قاسم گوتیشی: "بەگوێرەی ئەزموونمان لە هەڵبژارنەکانی دیکە، بۆمان دەرکەوتووە تا کاتی هەڵبژاردن نزیک ببێتەوە میوانداری بەربژێرەکان بۆ خەڵک زیاتر دەبێت، بۆیە پێشبینی دەکەین تا ئەو کاتە فرۆشمان بەڕێژەی نزیکەی 20% زیاد بکات".

چێشتخانەی شاری ئەبوو شەهاب یەکێکە لەچێشتخانە گەورەکانی شاری هەولێر، لەتوانایدا هەیە لە یەککاتدا پێشوازی لە 800 تاوەکو 1000 میوان بکات، بۆیە بەشێک لەبەربژێرەکان بۆ دەعوەتە گەورەکان ڕوو لەم چێشتخانەیە دەکەن.

ئەحمەد قاسم، دەڵێت "ئەو میوانداریانەی بەشێک لەبەربژێری لیستەکان بۆ 20 تاوەکو 50 کەس دەیکەن ئێمە بەدەعوت حیسابی بۆ ناکەین، چونکە زۆربەی ئەو دەعوەتانەی لە چێشتخانەکانی ئێمە دەکرێت لەسەرووی 150 میواندایە، بۆ نموونە هەفتەی ڕابردوو بەربژێرێک 160 کەسی بەجارێک دەعوەت کرد، دوای داشکاندنەکانمان خەرجی هەر میوانێک نزیکەی 17 هەزار لەسەر ئەو بەربژێرە کەوت".

ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە بازاڕی چێشتخانە گەورە و گرانبەهاکان بەهۆی بانگەشەوە گەرمتر بێ، بەڵام ئەحمەد قاسم دەڵێت ئەمە بە پێچەوانەیە: "بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ چێشتخانە بچووکەکان پاروویەکی چەورە و هەر چوار ساڵ جارێک پێشوازی لێدەکەن، بەڵام بۆ چێشتخانە گەورەکان ئەو پاروە چەورە نییە، چونکە بەردەوام میوانی تایبەت و شاندی حیزبی و حکومی و گرووپە گەشتیارییەکانیان هەیە".

بەگوتەی ئەحمەد قاسم، "قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر توانای حیزب و بەربژێرەکان هەبووە، بەر لە قەیرانی دارایی بەربژێری وا هەبوو 1200 کەسی بەجارێک دەعوەت دەکرد، بەڵام ئێستا گەورەترین دەعوەت لە 250 کەس تێپەڕ ناکات".

ئەحمەد قاسم، گوتی: "پێشتر دەعوەتەکان زۆربەی لەسەر حیسابی حیزب دەکران، بەڵام وەک تێبینیمان کردووە ئێستا 98%ی بەربژێرەکان لەسەر گیرفانی خۆیان خەرجی دەکەن".

شوکر عەزیز شێخە، جێگری سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت "لەچوارچێوەی بانگەشەکانیان بۆ زیادکردنی دەنگ و بەدەستهێنانی متمانەی زیاتری خەڵک، بەربژێری بەشێک لە لیستەکان پەنا بۆ دەعوتکردنی خەڵک دەبەن، بەو هۆیەشەوە بازاڕی بەشێک لە چێشتخانەکان جوڵەی تێکەوتووە و فرۆشیان زیادبووە".

شوکر عەزیز، گوتیشی "زیادبوونی فرۆشی چێشتخانەکانیش زیاتر لەو چێشتخانانە بەدی دەکرێت کە لەڕێگەی داشکاندنی نرخ و پشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر، توانیویانە سەرنجی بەربژێری لیستەکان بۆ خۆیان ڕابکێشن، بۆیە ڕێژەی زیادبوونی فرۆش لە چێشتخانەیەکەوە بۆ چێشتخانەیەکی دیکە دەگۆڕێ"



بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حیزبەکان وەک پێشتر دەستکراوە نین لە هاوکاریکردنی بەربژێرەکانیان

## نرخەکانی نەوت دانابەزن

# بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات

رووداو- هەولێر

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە رایگەیاند بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە مانگی ئابدا، نەک هەر بەرز بووەتەوە، بەڵکو بە زیادەوە ئەو بۆشاییەی پڕکردووەتەوە کە بەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەردوو وڵاتی ئێران و ڤەنزوێلا دروستبووە، بە جۆرێک ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان بەهۆی ئۆپێک و بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا گەیشتووەتە 100 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

هەفتەی رابردوو، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) لە راپۆرتی مانگانەی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە مانگی ئابدا بە بڕی 420 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبووەتەوە. بەشی زۆری ئەو بەرزبوونەوەیەش لە عێراق، لیبیا، نایجیریا و سعوودیەوە بووە. لە بەشێک لە راپۆرتی ئاژانسەکەدا هاتووە کە زیادبوونی بەرهەمی رۆژانەی ئۆپێک: "بە زیادەوە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە بەهۆی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران پەیدا دەبێت".

وەک زۆربەی جاران جیاوازییەکی گەورە لە ژمارەکانی ئۆپێک و (IEA)دا بەدی دەکرێ، لە راپۆرتی مانگانەی ئۆپێکدا کە چوارشەممەی رابردوو بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە بەرهەمی رۆژانەی رێکخراوەکە لە مانگی ئابدا 278 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سەرەتای مانگی ئاياری ئەمساڵ رایگەیاند کە وڵاتەکەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گروپی 1+5 دەکشێتەوە و سزا ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتەش جارێکی دیکە بەسەر ئێراندا دەسەپێنرێنەوە. بڕیارە سزاکانی سەر پیشەسازیی نەوتی ئێران لە رۆژی چواری تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە بە تەواوەتی بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران گەیشتووەتە 3.63 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەو پێیەش بە رێژەی 150 هەزار بەرمیل لە چاو مانگی پێشتر دابەزیوە، ئاستی هەناردەی رۆژانەی ئێرانیش 280 هەزار بەرمیل دابەزیوە و گەیشتووەتە 1.9 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. (IEA) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کڕیارەکانی نەوتی ئێران لە چین و هیندستان کەم بوونەتەوە، ئاستی نەوتی ئەو وڵاتەش لە مانگی ئایارەوە بەبڕی 500 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا کەمی کردووە.

راپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئێستا ڤەنزوێلا بە نیوەی توانای خۆی لە سەرەتای 2016 نەوت بەرهەمدێنێ. بەرهەمی رۆژانەی نەوتی ڤەنزوێلا لە نێوان ئادار تاوەکو ئابی ئەمساڵ بەبڕی 250 هەزار بەرمیل دابەزیوە و گەیشتووەتە 1.24 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، ئاژانسەکەش پێیوایە ئەگەر دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە بەم شێوازەی ئێستای بەردەوام بێ، ئەوە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ڤەنزوێلا رۆژانە تەنیا یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ. دۆخی ئاڵۆزی سیاسی، ئیدارەی خراپ و نەبوونی وەبەرهێنان هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزینی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتەن.

بەپێی راپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، بەرهەمی نەوتی خاوی سعودیە لە مانگی ئابدا بەرزبوونەوەیەکی 70 هەزار بەرمیلی بە خۆیەوە بینیوە و گەیشتبووە 10.42 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. بەرهەمی رووسیا لە هەمان مانگدا 11.2 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بووە و بەرهەمی رۆژانەیان لە چاو ساڵی رابردوو 300 هەزار بەرمیل بەرز بووەتەوە.

### نرخەکانیش بەرز دەبنەوە؟

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە کە بارەگای سەرەکی لە پاریسە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "دۆخەکە سەختتر بووە، ئەگەر هەناردەی نەوتی ڤەنزوێلا و ئێران لە دابەزین بەردەوام بێ، بازاڕەکان دۆخیان سەخت دەبێ و نرخەکانی نەوت بەرز دەبنەوە". مەگەر ئەوەی بەرهەمهێنان لە شوێنێکی دیکە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز ببێتەوە.

ناوەڕاستی ئەمساڵ ئۆپێک و 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەی دەرەوەی رێکخراوەکە بڕیاریان دا رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل زیاتر نەوت بەرهەمبهێنن، بەڵام ئاژانسە نێودەوڵەتییەکە هۆشداری دەدات کە دیار نییە کەی هەموو ئەو وڵاتانە دەتوانن جارێکی دیکە بە هەموو توانای راستەقینەی خۆیان نەوت بەرهەمبهێنن. ساڵ و نیوێک پێش ئەو بڕیارە، ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە تێکڕای بەرهەمی رۆژانەیان بە بڕی 1.8 ملیۆن بەرمیل کەم بکەنەوە.

بەگوێرەی مەزندەکان ئۆپێک دەتوانێ 2.7 ملیۆن بەرمیل نەوتی زیاتر بەرهەم بهێنێ. لە چەند ساڵی رابردوودا نەوتی لیتەی ئەمریکا بە فاکتەری سەرەکی بەرزبوونەوەی ئاستی نەوتی جیهان لە قەڵەم دەدرا، بەڵام شارەزایان پێیانوایە ژێرخانی ئێستای نەوتی ئەمریکا توانای ئەوە بەو وڵاتە نادات قەرەبووی کەمبوونەوەی نەوتی بازاڕەکان بکاتەوە. رووسیا رایگەیاندووە کە دەتوانێ 300 هەزار بەرمیلی دیکەش بخاتە سەر بەرهەمی رۆژانەی ئێستای، بەڵام چاودێرانی بازاڕی نەوت پێیانوایە بۆ ئەم مەبەستە رووسیا دەبێ تاوەکو ساڵی داهاتوو چاوەڕێ بکات.

هەفتەی رابردوو نرخی یەک بەرمیل نەوتی ئۆپێک لە لەندەن گەیشتە 80 دۆلار، نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکاش لە 70 دۆلار نزیک بووەوە. بەو پێیەش نرخەکانی نەوت لە چاو مانگی ئابی 2017 بە رێژەی 45% بەرز بووەتەوە.

ناکۆکییە ئابووری و بازرگانییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چین، کەنەدا و یەکێتیی ئەوروپا، قەرزەکانی حکومەتی چین و دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لەو وڵاتە، دەکرێ هەڕەشەی گەورە لەسەر گەشەی ئابووریی جیهان لە ساڵی 2019دا دروستبکەن، بەو حاڵەشەوە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پێشبینی دەکات ئاستی داوای سەر نەوت لە ساڵی داهاتوودا بە بڕی 1.5 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا گەشە بکات، لە کاتێکدا هەمان ژمارە لە ساڵی 2018 دا نزیکەی 1.4 ملیۆن بەرمیل بووە لە رۆژێکدا.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وڵاتانی بەرهەمهێن ئەگەر بە هاوئاهەنگی لەسەر قەرەبووکردنەوەی بۆشایی نەوتی ئێران و ڤەنزوێلا کار نەکەن، ئەوە دەچینە قۆناغێکەوە کە زۆر هەستیارە بۆ بازاڕی نەوت، چونکە تێیدا سنووری نەوتی 70 بۆ 80 دۆلاری تێدەپەڕێنین.



ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا بۆ یەکەمجار گەیشتە 100 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا

# حکومەتی نوێی کوردستان و ئەولەوییاتەکانی لە بواری نەوت و گازدا



عومەر ئەحمەد

کەمتر لە دوو هەفتە ماوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. بەڕێوەچوونی ئەم هەڵبژاردنە و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، وزەیەکی تازە دەخاتە نێو هەیکەلی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان. لە کات و ساتێکی وا هەستیاردا، بەهۆی رەوشی ناوچەکە و عێراقیش، حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان تەحەددای گەورەی لەپێشە بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی لە کەرتی وزەدا، کە کۆڵەکەی سەرەکیی ئابووریی هەرێمی کوردستانە.

تا پێش ساڵی 2005 و بەر لە پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتوو، شتێک بەناوی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا، بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی نەوتی، کە مێژووی پەرەپێدانی کەرتی نەوت لەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە بۆ 100 ساڵ پێش ئێستا، پێشکەوتنی بەرچاو لە پیشەسازیی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان روویداوە.

لە ساڵی 2007، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەسندکرا. دوای ئەوەش، بەهۆی لەباربوونی بازاڕی جیهانیی نەوت، وەبەرهێنانێکی گەورە لەو کەرتە لە هەرێمی کوردستاندا کرا.

هەرچەندە بەهۆی هێرشی داعشەوە لە 2014 و گەمارۆی ئابووریی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت، هەرێمی کوردستان نەیتوانی بگاتە ئامانجەکانی خۆی لە بەرهەمهێنانی رۆژانەی یەک ملیۆن بەرمیلدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بنەمای پیشەسازییەکی وەها گرنگ لە هەرێمی کوردستان بنیاتنراوە و دەتوانێت بە پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەو کەرتە، بە پلانێکی دروست و درێژخایەن، وەرچەرخانێکی گەورەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دروستبکرێت. بەچەشنێک کە ببێتە هەرێمێکی پیشەسازیی دەوڵەمەند، کە خۆشگوزەرانیی خەڵک و دانیشتووانی گەرەنتی بکات. لەم نێوەندەدا پلان و ئەرکی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لە بواری وزەدا گرنگە، بۆئەوەی بتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەرچەندە 90%ی داهاتی هەرێمی کوردستان لەڕێی ئەو کەرتەوە دابیندەکرێت، بەڵام تەنیا 1%ی هێزی کاری هەرێمی کوردستان راستەوخۆ لە کەرتی نەوت و گازدا کاردەکەن. بەواتایەکی دیکە، کەرتی نەوت و گاز نەبووەتە هۆکاری رەخساندنی هەلی کاری گونجاو بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان. هەربۆیە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەبێ بە پلانێکی درێژخایەن ئەو کەرتە بەچەشنێک پەرەپێبدات کە پشکی 1%ی کەرتی نەوت و گاز لە بازاڕی کاردا زیادبکات.

یەکێک لە رێگەکانی زیادکردنی ئەو رێژەیە وەرچەرخانێکی ستراتیژییە، کە دەبێت لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا روویبدات. ئەوەش پەرەپێدانی کەرتی خوارووەدەست ( Down Stream )ی نەوتە، کە بریتییە لەو پیشەسازییانەی نەوتی خاو و گازی سرووشتی وەک ماددەی سەرەکی بەکاردەهێنن، وەک پاڵاوگەکان و کارگەکانی پێترۆکیمیایی. هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان سێ پاڵاوگەی گەورە دامەزراون کە بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕدەکەنەوە، بەڵام پەرەپێدانی ئەو پاڵاوگانە و دامەزراندنی پاڵاوگەی نوێ، کە بتوانن بەرهەمە نەوتییەکان بە کوالیتیی بەرزتر و بە قەبارەیەکی زیاتر بەرهەمبهێنن، زۆر پێویستە. تەنانەت ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێ پێداویستییەکانی ناوخۆی سووتەمەنی پڕبکاتەوە و زیاتریش بەرهەمبهێنێ، خواست لە بازاڕی سووتەمەنی و بەرهەمە نەوتییەکان لە ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش هێندە زۆرە کە کێشەی بەبازاڕکردنیان نابێت. هەرێمی کوردستان بە پەرەپێدانی پاڵاوگەکانی لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە دەتوانێت ببێتە هەناردەکارێکی سەرەکیی سووتەمەنی بۆ وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت وڵاتە دوورەدەستەکانیش.

لە چەند ساڵی رابردوودا بە سەتان کارگەی پیشەسازیی قورس و بچووک لە هەرێمی کوردستان دامەزراون. زۆر لەو پیشەسازییانە مادە سەرەکییەکانیان یان ماددەی پێترۆکیمیایین یان ماددە پێترۆکیمیاییەکان لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانیاندا بەکاردەهێنن و ئێستا هەموو ئەو ماددانە لە دەرەوە هاوردە دەکرێن. بۆنموونە بەرهەمە پۆلیمێرییەکانی وەک گرانۆل کە ماددەی خاوی پیشەسازییەکانی بواری پلاستیک و دروستکردنی بوتڵی پلاستیکی و قاپی پلاستیکییە یان ماددە کیمیاییەکانی دیکە کە ژمارەیان زۆرە و لە پیشەسازییەکاندا بەکاردەهێنرێن. ئەمانە هەمووی بەرهەمی کارگەکانی پێترۆکیمیایین کە لە هەرێمی کوردستان نین. پەرەپێدانی کارگەکانی پێترۆکیمیایی دەتوانێت دەلاقەیەکی گەورە بکاتەوە بەڕووی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا. لە پەرەپێدانی کارگەکانی پێترۆکیمیاییدا، جگە لە نەوتی خاو، گازی سروشتیش دەتوانێت یارمەتیدەری سەرەکی بێت. گازی سرووشتی نەک تەنیا وەک ماددەی سەرەکیی ئەو جۆرە پیشەسازییانە بەکاردێت، بەڵکو سەرچاوەیەکی گەورەشە بۆ وەگەڕخستنی پرۆسەکانی کارگەکانی پێترۆکیمیایی.

پەینە کیمیاییەکان بەرهەمێکی دیکەن کە بە شێوازێکی بەرفراوان لە کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێن. لەکاتێکدا تەواوی ئەو بەرهەمانە هاوردە دەکرێن. بێگومان دامەزراندنی کارگەکانی پێترۆکیمیایی و بەرهەمهێنانی جۆرەکانی پەینی کیمیایی، نەک تەنیا دەتوانێت رۆڵێکی گەورە لە پەرەپێدان و پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ بگێڕێت، بەڵکو فاکتەرێکی گرنگیشە بۆ دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان.

بەدڵنیاییەوە خەرجی دامەزراندنی پاڵاوگەی نوێ و کارگەی پێترۆکیمیایی، خۆی لە ملیارەها دۆلار دەدات و لەبەر ئەوەش ئەرکی کەرتی تایبەتە کە ئەم کارە بکات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پاڵپشتیی بێوێنەی ئەو کۆمپانیایانە بکات کە ئەو پرۆژانە جێبەجێدەکەن. بۆنموونە دەتوانێ ئاسانکاری بکات بۆ کڕینی رێژەیەک لە بەرهەمەکانیان، هەروەها رێگە بە هەناردەکاریی ئەو بەرهەمانە بدات، بەبێ ئەوەی باجی زۆریان لێ وەربگرێت.

پەرەپێدانی کەرتی خواروو-دەستی نەوت بەو مانایە نییە کە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان کەرتی باڵادەست Up Stream و ناوەڕاست Middle Stream ی نەوت و گاز لە بیر بکات. لە بەشی باڵاستی نەوت Up Stream ، واتە بواری هەڵکۆڵین و بەرهەمهێنانی نەوت، حکومەتی نوێ دەبێت کاری زیاتر بکات بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت، بۆئەوەی لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی زیاتر بکەن. کە لەکۆتاییدا زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانی لێدەکەوێتەوە. بەڵام لە پەرەپێدانی بەشی باڵادەستی نەوت و گاز هێشتا شوێنی کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی کوردستان زۆر دیارە کە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا بە KNOC هاتووە و هێشتا دانەمەزراوە. لە زۆربەی کێڵگە نەوتییەکان KNOC خاوەنی 20%ی پشکەکانە. دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە دەتوانێت ئەزموونێکی نایاب بۆ کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستەبەربکات، بەوپێیەی کە بەرپرسی یەکەم دەبێت لە پەرەپێدانی بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و بەرهەمهێنانی نەوت.

هەرچەندە چاودێریکردنی کەرتی خوارووەدەستی نەوتیش لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا دەبێت بخرێتە ئەستۆی کۆمپانیای نیشتمانی خوارووەدەستی نەوتی کوردستان، KODO کە ئەویش هێشتا دانەمەزراوە و حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەولەوییەتەکانی دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە و کۆمپانیای KOMO بێت، کە بەرپرس دەبێت لە فرۆشتن و بەبازاڕکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

*** شرۆڤەکاری نەوت و بەرپرسی دیسکی ئابووریی رووداو**



دەبێ ئەولەوییەتی حکومەتی نوێ دامەزراندنی کۆمپانیاکانی KOMO و KNOC و KODO بێت

## کەرنەڤاڵی ئاشتی لە کوردستان بەڕێوەدەچێ

**میوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە ڕۆژی 18ی ئەیلوولی 2018 کەرنەڤاڵی نێودەوڵەتیی ئاشتی لە کوردستان بە سپۆنسەری تۆڕی میدیایی ڕووداو لە هەولێر بەڕێوەبچێت، کە ژمارەیەک چالاکی هونەری تێدا دەکرێ. لەم کەرنەڤاڵەدا چەند هونەرمەندێک بەشداری دەکەن. خانمە هونەرمەندی کورد هانی بەچەند گۆرانییەکی کوردی ئاوێتە بە میوزیکی ڕۆژئاوایی بەشداری دەکات، گرووپی میوزیکەکەی لە خەڵکی بیانی پێکهاتوون. هەر لە کەرنەڤاڵەدا گرووپێکی دەف کە لە 20 دەفژەن پێکهاتوون چەند چالاکییەک پێشکەشدەکەن. کەرنەڤاڵەکە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی ، دهۆک و هەڵەبجە لە کاتی جیاواز سازدەکرێت، کە دروشمەکەی پێکەوەیی ئاینی، ئاشتی، پەروەردە، مافی ژنان و یەکسانی جێندەرییە.

## گۆرانی ئینزیبات، بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕان:

# ببمە پەرلەمانتار، گەعدەی تایبەت دەکەم

گۆرانیبێژی میللی، گۆرانی ئینزیبات، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕانە. ئەو دڵنیایە دەگاتە پەرلەمان و دەڵێ: "بەشی 6 کورسی هەوادارم هەیە". دڵنیاشە لەوەی دەنگی ئەو لە سەرۆکی لیستەکانیش زۆرتر دەبێ. بەڵام لەبەرئەوەی دڵنیا نەبووە لەوەی سەرپێچییە یان نا، گۆرانیی بۆ خۆی و لیستەکەی نەگوتووە.

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو - سلێمانی**

**ڕووداو: تۆ بەندبێژ و گۆرانیبێژی میللیت و هەوادارت زۆرە، بەشی چەند کورسیی پەرلەمان هەوادارت هەن؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** بیبوورن من هەر بەندبێژ و گۆرانیبێژ نیم. چونکە توانیومە هەموو جۆرە گۆرانییەک بڵێم. خەڵک ئەو ڕاستییە دەزانن. من هەوادارێکی زۆرم هەیە. نەک بەشی کورسییەک، بەڵکو بەشی 6 کورسی هەوادارم هەیە.

**ڕووداو: چۆنە لەم بانگەشەی هەڵبژاردنەدا بەند و گۆرانیت بۆ خۆت و لیستەکەت نەگوتووە؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** لەبەر بڕیاری کۆمیسیۆن گۆرانیم نەگوتووە، چونکە من نامەوێ کاری نایاسایی بکەم. تاوەکو ئێستا ڕوونیان نەکردووەتەوە کە ئایا دەتوانم گۆرانی بڵێم یان نا. داواشم لێکردوون، بەڵام تاوەکو ئێستا چاوەڕوانم وەڵامم بدەنەوە. ئەوکات کە ڕێگەیان دام، بەدڵنیاییەوە گۆرانی بۆ خۆم و لیستەکەشم دەڵێم.

**ڕووداو: کێ داوای لێکردی خۆت بپاڵێوی؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** خەڵک و هەوادارەکانم

> لە گشتپرسییەکەدا دەنگم بە بەڵێ دا



داوایان لێکردم خۆم بپاڵێوم. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا، بانگەشەم بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دەکرد. کەمپینی هەڵبژاردنەکانم بەڕێوەدەبرد. خەڵکیش لەو ڕوانگەیەوە پێیانگوتم: بۆ خۆت هەڵنابژێری؟ تۆ هەر کارەکە دەکەیت با خۆتی تێدابێت.

**ڕووداو: بانگەشەی ئەم هەڵبژاردنە ساردە، پێتوایە بەندبێژ و گۆرانبێژە میللییەکان بتوانن گەرمی بکەن؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** بێگومان گۆرانیی گۆرانبێژە میللییەکان دەتوانن زۆر گەرمی بکەن، چونکە خەڵکی زۆر حەزیان لەو جۆرە گۆرانییانەیە.

**ڕووداو: بڕوات وایە دەنگدەری تۆ زۆرتر لەناو شاری سلێمانییە یان لە قەزا و ناحییەکان؟**

> لە هەموو سەرۆک لیستەکان زۆرتر دەنگ دەهێنم

**گۆرانی ئینزیبات:** خۆم پێوەرم هەبێت بۆ ئەوە، دەنگدەری زۆرم هەیە لە قەزا و ناحیەکان و گوندەکان و ناوچە جیاوازەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دەنگدەری زۆرم لە شاری هەولێر هەیە. زۆرترین دەنگم لە شاری هەولێر دەبێت. بڕوام وایە دەنگەکانی هەولێرم لە سلێمانی زیاتر دەبێت.

**ڕووداو: بزووتنەوەی گۆڕان دڵنیایە تۆ بەهۆی هەوادارانتەوە دەنگی زۆر دەهێنیت؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکانی پێوەری بۆ ئەوە نییە کە چەند دەنگ دەهێنێ، بەڵکو دەیەوێت کەسێکی پاک بێ و لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بێ.

**ڕووداو: ئەگەر بچیتە پەرلەمان، چی بۆ هونەرمەندە میللییەکان دەکەیت؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** هەمیشە لە خزمەتی گۆرانیبێژە میللییەکاندا دەبم. کاری سەرەکیی من لە پەرلەمان خزمەتکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری

> بایی 6 کورسیی پەرلەمان هەوادارم هەیە

دەبێت. چونکە زۆر کاڵوکرچی بەکارەکانی ئەو وەزارەتەوە دیارە. ئیشەکانیان لەجێگەی خۆیدا نییە. هیچیان بۆ هونەرمەندە میللییەکان نەکردووە. تاوەکو ئێستا ناسنامەیەکیان بۆ نەکردوون، کە باوەڕپێکراو بێت و پێی بچن بۆ شوێنێک. من کارێکی وایان بۆ دەکەم کە خۆیان بناسن، کە هونەرمەندێکی باشن و وەک هونەرمەندە جیهانییەکان ڕێز و پێزانینیان

> قوتابخانەیەکی ڕۆشنبیری لە سلێمانی دەکەمەوە

بۆ دروستدەکەم. هەروەها مووچە و کاری پێویست. هەر لەڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە قوتابخانەیەکی فێربوونی مەقاماتی کوردییان بۆ دادەمەزرێنم. قوتابخانەیەکی ڕۆشنبیری لە سلێمانی دادەمەزرێنم. چونکە پایتەختی ڕۆشنبیرییە و قوتابخانەیەکی لەو شێوەیەی نییە. هونەرمەندە میللیەکان پشتگیریی تەواوم دەکەن. چەند گۆرانیبێژێکیش گۆرانییان بۆ سەرخستنی من گوتووە.

**ڕووداو: ئەگەر ببیتە پەرلەمانتار هەر گۆرانی دەڵێی؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** بێگومان گۆرانی دەڵێم،

> هەر دەردەچم و ئەو بانگەشەیەی دەیکەم لە زیادەیە

گۆرانی لەگەڵ ڕۆحمدایە، ناتوانم لە گۆرانی داببڕێم. ڕەنگە نەتوانم وەک بەشێوەی جاران گەعدە بکەم، بەڵام گەعدە تایبەتەکانم هەر دەکەم.

**ڕووداو: حەزت دەکەیت لە کام لیژنەی پەرلەمان کار بکەیت؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** حەزدەکەم لە لیژنەکەی خۆم کە لیژنەی هونەرییە کاربکەم.

**ڕووداو: بڕوات وایە لە سەرۆکی لیستەکەت دەنگی زیاتر بهێنی؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** ئەگەری زۆر هەیە لە سەرۆکی لیستەکەم دەنگی زۆر زیاتر بهێنم. گەڕەک بە گەڕەک و گوند بە گوند گەڕاوم بۆ گۆڕان. هەموویان پەیوەندیم پێوە دەکەن، کە دەنگیان بۆ منە. هەر بۆیە بێگومان لە سەرۆک لیستی هەموو لیستەکانی دیکەش زیاتر دەنگ دەهێنم. دەبمە یەکەم دەنگ لەناو بەربژێری سەرجەم لیستەکان. زۆر دڵنیاشم لەوە. هەر ئەوەش وایکردووە کەمترین ڕیکلام و بانگەشە بکەم. ئەوەشی کردوومە لە زیادە کردوومە.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ جەلال پەرێشان چۆنە؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** ڕووبەڕوو نایناسم. ڕێزم هەیە بۆی. ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازم بۆ پەرلەمان. ئەگەر هاوڕابین لە کارەکانماندا، ئامادەم کاری لەگەڵ بکەم لە پەرلەمان، وەک یەک تیم.

**ڕووداو: لە ڕابردوودا پەیامێکت بۆ ترامپ نارد. بۆچی ئەو پەیامەت نارد؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** لە خۆشیدا شاگەشکە

> لەدەنگەکانم لە هەولێر زۆرتر دەبن لە سلێمانی

بووم کە دراوی ئێران و تورکیا دارما، هۆکارەکەشی ترامپ بوو و وایلێکردن. بۆیە ئەو پەیامەم نارد. هەر کەس و وڵاتێک یەک ڕۆژ میللەتەکەمی چەوساندبێتەوە، من دژی دەبم.

**ڕووداو: ئەوەندە نەتەوەییانە بیردەکەیتەوە، لە گشتپرسییەکەدا دەنگت بە بەڵێ دا؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** بەڵێ بە (بەڵێ) دەنگم دا. چۆن دەنگ بۆ گشتپرسی نادەم، کە بۆ کوردستانە؟ نەک کاک مەسعود بارزانی بیکات، بەڵکو هەر کەسێکی دیکەش بیکات هەر دەڵێم بەڵێ. چونکە ئەوە پرسێکی نەتەوەییە. سەرسەختانەش لە پەرلەمان داکۆکی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەکەم. من ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی نەوەی نوێم گوت، ئەو کارەی تۆ دەیکەیت دژی گشتپرسی، کارێکی زۆر هەڵەیە و بۆ مێژوو لەسەرت دەکەوێت. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە داوایلێکردم پشتگیری بەرەی نەخێر بکەم، پێیگوتم کەناڵەکەم دەخەمە خزمەتت، بەڵام

> داوام لە کۆمیسیۆن کردووە ڕێگەمبدەن گۆرانی بڵێم

ڕەتمکردەوە دژی گشتپرسی بم.

**ڕووداو: یەکێتی داوای لێنەکردووی بگەڕێیتەوە نێو یەکێتی؟**

**گۆرانی ئینزیبات:** چەندینجار هەڵیانداوە، لەڕێگەی بەرزترین مۆدێلی ئۆتۆمبێل و شوقە و زەوی و چیم بوێت بۆم بکەن. زۆر شتی دیکەش، بەڵام هەر وەڵامیشم نەداونەتەوە.

> لە پەرلەمان خزمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم

## ڤێرۆنیکا ئۆستروڤسکا، نمایشکاری بەناوبانگی ئەسیوپی- ئۆکراینی بۆ (ڕووداو):

# بەترسەوە هاتمە کوردستان و بە دڵخۆشی دێمەوە

لە ڕۆژانی 2 تاوەکو 4ی ئەیلوولی 2018، بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر، هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەم پڕۆژەیە ماوەی ساڵێک ئامادەکاری بۆ کرابوو، لەدوای تەواوبوونیشی، دەنگدانەوەی نێوخۆیی و جیهانیشی بەدوای خۆیدا هێنا. لە پڕۆژەکە 40 دیزاینەری کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و عێراق، بۆ یەکەمجار کۆلێکشنەکانی خۆیان نمایشکرد. بۆ نمایشکردنی جلوبەرگەکانیش 60 نمایشکاری کوردستانی و عێراقی، هەروەها 10 نمایشکار و تۆپ مۆدێلی جیهانی، کە زۆرینەیان ئۆکراینی بوون، بەشداربوون. ڤێرۆنیکا ئۆستروڤسکا، کە نمایشکارێکی ئەسیوپی- ئۆکراینییە، وەک ڕاهێنەری چۆنیەتی بەڕێداڕۆیشتنی نمایشکارە لۆکاڵییەکان، هەفتەیەک بەر لە دەستپێکردنی پڕۆژەکە، گەیشتە فرۆکەخانەی هەولێر. (ڕووداو) لەکاتی بەڕێوەچوونی هەفتەی نمایشی جلوبەرگ، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵکرد.

**ڕووداو هەولێر**
**دەرباز یونس**

**ڕووداو: هەستت چۆن بوو و چۆن بڕیارتدا بێیتە هەرێمی کوردستان؟**

**ڤیرۆنیکا:** ڕاستییەکەی بڵێم، سەرەتا زۆر دەترسام و دوودڵ بووم. چونکە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر کوردستان نەبوو. بەشێک لە هاوڕێکانیشم پێیاندەگوتم هاتنم بۆ کوردستان کارێکی شێتانەیە. چونکە ئەوان و منیش بە جۆرێکی دیکە لە کوردستان تێگەیشتبووین. بەترسەوە هاتمە کوردستان، بەڵام بۆ جارانی داهاتوو بەدڵخۆشییەوە دێمەوە.

**ڕووداو: تۆ ڕاهێنەری نمایشکارەکانی کوردستان بوویت. ئاستی ئەوان چۆن بوو؟**

**ڤیرۆنیکا:** کچی جوان و شیرین بوون. لەچاو ئەوەی کە یەکەم ئەزموونی کارکردنیشیان بوو، وەک نمایشکار و یەکەم جاریان بوو بچنە سەر شانۆ، زۆر باش بوون. زۆر بە باشی ڕاهێنانەکانیان وەردەگرت. هەرچەندە کاتی ڕاهێنانیان کەم بوو و تەنیا چوار ڕۆژ بوو.

**ڕووداو: تۆ وەک نمایشکاریش بەشداری پڕۆژەکە بوویت، ئەزموونێکی چۆن بوو بۆ تۆ؟**

**ڤیرۆنیکا:** بەڕاستی بڵێم ئەزموونێکی لەبیرنەکراو و زۆر جوان و خۆش بوو. ستافەکەم دەبینی چەند بە گەرمی و دڵسۆزی کاردەکەن و ناوەستن. ئەوە هەستێکی خۆشی پێدەدام. بەڕلەوەی بێم، هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان بەمجۆرە دەبێت.

**ڕووداو: تۆ بەپێی ئەوەی نمایشکارێکی جیهانی، چوویتە زۆر هەفتەی نمایش، بەبەراورد لەگەڵ ئاستی هەفتەی نمایشەکانی جیهان، ئاستی هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان چۆن بوو؟**

> لە هەولێر کەلوپەلی کولتووری کوردستانم کڕی

**ڤیرۆنیکا:** لە ئاستێکی نێودەوڵەتی و جیهانیدا بەڕێوەچوو. لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی زۆر وڵاتانی دونیا کە ئەزموونی چەند ساڵەشیان هەیە باشتر و ستاندارتر بوو.

**ڕووداو: نزیکەی هەشت ڕۆژ لە هەولێر مایتەوە، چیت بینی و بەچی سەرسام بوویت؟**

**ڤیرۆنیکا:** ڕاستییەکەی بڵێم، شتێکی زۆرم نەبینی، چونکە بە بەردەوامی کارمان دەکرد، لە هۆتێل بۆ هۆڵی نمایش و لە هۆڵی نمایشیش دواتر بۆ هۆتێل، بەڵام لە دوایین ڕۆژی گەشتەکەمان بەر لە گەڕانەوەم بۆ ئۆکراین چووینە بازاڕێکی کولتووری لەنزیک قەڵای هەولێر. لەوێ هەندێک شتی کولتووری کوردستانم کڕی و لەگەڵ خۆم هێنامەوە. زۆر سەرسامیش بووم بە قەڵای هەولێر.



> نمایشکارانی کوردستان بەهرەمەند و بەتوانان







ئۆفیسی سەرەکی: سەدەف پلازا، 100 مەتری، تەنیشت پاسەپۆرتی هەولێر
لقی دووەم: هەولێر، 60 مەتری، نزیک بەرزە پردی عەنکاوە



## پیاوێک خۆی و کچەکەی دەکوژێت

**ڕووداو- سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند ئێوارەی 16-9-2018، لە پڕۆژەی نیشتەجێبوونی کوردستی دوو، باوکێک کچ و هاوسەرەکەی بە سەختی بریندار دەکات، دوای بریندارکردنیشیان خۆشی دەکوژێ، دوای گواستنەوەی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەش، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە کچە 16 ساڵانەکەی بەناوی (ب. غ. غ) دەمرێ. دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگەی تاوان، کەشف و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کراوە، پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە لایەن بنکەی پۆلیسی چوارچراوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە. هەروەها (ب.ع.ع) کە هاوژینی پیاوەکەیە لە نەخۆشخانەیە و لەژێر چاودێری وردی پزیشکدایە.

## چوار لایەن داوایان لێکردووە بچێتە لیستی ئەوان

## دکتۆر شایان عەسکەری:

# سیاسەتم نەکردووە و هیچی لێنازانم



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دکتۆر شایان کاکەساڵح عەسکەری، بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت قەت سیاسەتی نەکردووە و هیچیشی لێ نازانێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چوار لایەن داوایان لێکردووە لەسەر لیستەکانی ئەوان بەربژێر بێ، کەچی ئەو بزووتنەوەی گۆڕانی هەڵبژاردووە.

دکتۆر شایان عەسکەری پزیشکێکی ئاسایی بوو لە نەخۆشخانەی نانەکەلی لە شاری هەولێر، بەڵام بەهۆی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە خۆپیشاندانەکانی فەرمانبەران و مامۆستایان لە دژی پاشەکەوتی مووچەکانیان لە 2018/3/25، بەخێرایی ناوی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە.

دکتۆر شایان لە گرتە ڤیدیۆکەدا داوا لە دوو کارمەندی دەزگا ئەمنییەکان دەکات بچنە ریزی خۆپیشاندەران، بەڵام یەکێک لە کارمەندەکان چەپۆکێک لە مۆبایلەکەی دکتۆر شایان دەدات کە لەو کاتەدا خەریکە وێنەی دیمەنەکە دەگرێ. لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆیە سکاڵا لەسەر دکتۆر شایان تۆمارکرا، ئەمەش هێندەی دیکە ئەو پزیشکەی بەناوبانگ کرد، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە کاتی ئامادەکردنی کاندیدا بۆ لیستەکان، چەند حیزبێک داوای لێبکەن خۆی بەربژێر بکات.

### چوار حیزب داوایان لێکردووە

چوار لایەن داوایان لێکردووە لەسەر لیستی ئەوان خۆی هەڵبژێری، بەڵام دکتۆر شایان دەڵێت بزووتنەوەی گۆڕانم هەڵبژارد "هەریەکە لە پارتی، نەوەی نوێ، بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری داوایان لێکردم لەسەر لیستەکانیان خۆم کاندید بکەم، هەریەکەشیان زیاتر لە جارێک پێشنیازیان خستە بەردەمم، بەڵام هەموویم رەتکردەوە، دواتر داواکاریی گۆڕانم قبوڵ کرد".

> پارتی داوای لێکردم ببمە بەربژێریان، بەڵام رەتمکردەوە

دکتۆر شایان رەتیکردەوە کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ گۆڕان هەبووبێ و گوتی: "پێشتر هەر خەریکی چارەسەرکردنی نەخۆش بووم. کاری حیزبیم نەکردووە و لەگەڵ هیچ حیزبێک نەبووم، تا ئەو رۆژەش کە رازی بووم ببمە کاندیدی گۆڕان سەر بە هیچ حیزب و لایەن و رێکخراو و بزووتنەوەیەک نەبووم، ئێستاش نەبوومەتە کەسێکی حیزبی لەناو گۆڕان، گۆڕانیش فۆرمی حیزبییان نەخستووەتە بەردەمم و داوام لێبکەن ببمە ئەندامێکی ئەوان".

گوتیشی: "تەنیا هۆکاری بڕیاری خۆکاندیدکردنم لەسەر لیستی گۆڕان ئەوەیە کە بەرنامەکەیان لە بیروباوەڕی منەوە نزیکە".

### لە ژیانیدا سیاسەتی نەکردووە

دکتۆر شایان عەسکەری کە پسپۆڕی نەخۆشیی شێرپەنجەیە، باسی ئەوە دەکات کە زۆر کەس داوایان لێکردووە تێکەڵ بە سیاسەت نەبێ. ئەو دەڵێت: "من کەسێکی سیاسی نیم و لە ژیانمدا سیاسەتم نەکردووە، بەردەوامیش دەوروبەرەکەم داوایان لێدەکردم لەناو خەڵک بمێنمەوە و خۆم کاندید نەکەم، بەڵام نەمدەویست کەسێکی چەقبەستوو بم و بەرامبەر ئەم هەموو گەندەڵییە بێدەنگ بم، بۆیە بیرم لەوەکردەوە کە ئەگەر چوومە پەرلەمان، لەو رێگەیەوە بتوانم قسە و کاری زیاتر بکەم و رووبەڕووی زیاتری گەندەڵیش ببمەوە".

> بۆ بەدەستهێنانی پارێزبەندی خۆم هەڵبژارد

جیاواز لە هەموو بەربژێرەکانی دیکە، دکتۆر شایان یەکێک لە هۆکارەکانی خۆپاڵاوتنی بۆ دەستخستنی پارێزبەندی دەگەڕێنێتەوە، ئەو دەڵێت: "بۆ دوو مەبەست بڕیاری خۆکاندیدکردنم داوە، ئەوانیش خزمەتکردنی هاووڵاتیان و بەدەستهێنانی پارێزبەندی بۆ پاراستنی ژیانم، چونکە من لە ژیانی خۆم و کەسوکارەکەشم دڵنیا نیم، ناوچەی پارتی هاتنەماڵەوە و داوایان لێکردم لەسەر لیستی گۆڕان خۆم کاندید نەکەم، تەنانەت گوتیشیان ئاگادارت دەکەینەوە هەڵەی سیاسی وا گەورە نەکەی".

گوتیشی: "ئەگەر کەسێک بیگوتبایە پارێزبەندیت دەدەمێ بەبێ ئەوەی ببیە پەرلەمانتار، خۆم کاندید نەدەکرد و ئەوەندەم بەس بوو".

ئەم پزیشکە کە ساڵانێکی زۆرە لەناو کەرتی تەندروستی کاردەکات، پێیوایە گەندەڵییەکی زۆر لەو کەرتەدا هەیە و دەڵێت ئەگەر ببێ بە پەرلەمانتار رووبەڕووی دەبێتەوە. دکتۆر شایان گوتی: "ئێستاش ئەگەر ببمە ئەندامی پەرلەمان حیزبایەتی ناکەم، من بەرنامەیەکی تایبەت بە خۆمم هەیە، بەتایبەتی لە بواری تەندروستی کە دزی و گەندەڵییەکی زۆری تێدا دەکرێت، هەمووشی بازرگانیکردنە بە تەندروستی خەڵکەوە کە من ئەوەم پێ قبوڵ ناکرێت و لە پەرلەمان رووبەڕووی ئەو گەندەڵییانە دەبمەوە کە لەمێژە کەرتی تەندروستی پێوەی دەناڵێنێ".

هەروەها دەڵێت: "دەمەوێت کار لە بواری ژینگەشدا بکەم، چونکە ژینگەی کوردستان بەرەو پیسی دەڕوات، هەندێک یاساش پێشتر لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون، بەڵام کاریان پێناکرێت، بۆیە هەوڵ دەدەین ئەو یاسایانە کارا بکەینەوە".

لەبارەی ئەوەی کە بووە پەرلەمانتار بەرنامەی خۆی یان بەرنامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان جێبەجێ دەکات، دکتۆر شایان دەڵێت: "من بەرنامەی خەڵک جێبەجێ دەکەم، تاوەکو ئێستا بەرنامەی گۆڕانم نەخوێندووەتەوە، ئەگەر گۆڕان لەگەڵ خەڵک بێت منیش لەگەڵی دەبم، بەڵام لەگەڵ خەڵک نەبێت، منیش لەگەڵ بەرنامەی گۆڕان نابم، بۆ من بە پلەی یەکەم خەڵک زۆر گرنگە".

هەندێک کەس رووداوێک دەیانکات بە پاڵەوان و خەڵک لەڕێگەی ئەو رووداوەوە دەیانناسن، دکتۆر شایانیش یەکێک بووە لەوانە، ئەو لەبارەی کاریگەریی رووداوەکە لەسەر زۆربوونی ژمارەی دەنگدەرانی دەڵێت: "هێرشکردنە سەر من رەنگە کاریگەری لەسەر دەنگدەرانم هەبێت بە دوو ئاراستە، یەکێکیان ئەوەیە کە خەڵکێک دەنگم پێبدەن، دووەمیشیان ئەوەیە کە خەڵکێکیش لێم برەوێتەوە و بڵێت دکتۆر شایان بۆ ئەندام پەرلەمانی ئەو بەزمەی کرد، بەڵام من پێشتر هیچ بیرێکی وام لە مێشکدا نەبووە، چونکە ئەوکاتی خۆپیشاندانەکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەئارادابوو، ئەگەر ئەو مەبەستەم هەبووایە بۆ پەرلەمانی عێراق خۆم کاندید دەکرد نەک پەرلەمانی کوردستان، چونکە پەرلەمانی عێراق لە پەرلەمانی کوردستان گرنگترە و پەرلەمانتارەکانیشی پارەی زیاتر وەردەگرن".

دکتۆرە شایان وەک کەسێکی ناحیزبی دەیەوێت بچێتە پەرلەمان و دەڵێت: "پێم باشە پەرلەمان تاڕادەیەکی زۆر لە حیزب جیابکرێتەوە. کێشە نییە تاڕادەیەک حیزبەکان پاڵپشتی پەرلەمانتارەکانیان بکەن، بەڵام دوایی لێیانگەڕێن بە مێشک و توانای خۆیان ئیش بکەن و بڕیار بدەن، بەداخەوە لە خولەکانی پێشووی پەرلەمان حیزب تاڕادەیەکی زۆر رێگری لە پەرلەمانتارەکانی کردووە کە دەستکراوە بن لە بڕیاردان، لەکاتێکدا پێویستە پەرلەمان ببێتە شوێنی خزمەتکردنی خەڵک".

## تەنیا یەک ژن سەرۆک لیستە

# 241 ژن کێبڕکێ لەسەر 33 کورسی پەرلەمان دەکەن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان 241 ئافرەت کێبڕکێ لەسەر 34 کورسی دەکەن کە بەشێوەی کۆتا بۆ ئافرەتان دانراون، بەڵام تەنیا یەک ژن سەرۆکایەتی لیستەکەی دەکات. بەربژێرە ژنەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەوەی بۆچی ئەوان ناکرێنە سەرۆک لیست.

### خانمێکی تورکمان سەرۆک لیستە

پارتی چاکسازیی تورکمانی تەنیا پارتە لە هەرێمی کوردستان کە سەرۆکی لیستەکەیان ئافرەتە. ئەو حیزبە لە هاوپەیمانیی چوار لایەن پێکهاتووە و مونا قەهوەچی، ئەندامی ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستانی بەسەرۆک لیست داناوە.

مونا قەهوەچی کە ئێستا یەکێکە لە پێنج پەرلەمانتارەکەی کۆتای تورکمان و لە هەڵبژاردنی رابردوودا 1053 دەنگی هێنابوو، چاوی لەوەیە چوار ساڵی دیکەش درێژە بە کاری پەرلەمانی بدات.

قەهوەچی بە (رووداو)ی گوت: "دەستنیشانکردنی من وەک سەرۆکی لیستەکە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانەش کار و چالاکی و پێگە جەماوەرییەکەم. هەروەها پێگەی ئافرەت لەناو حیزبەکەی ئێمەدا کە بەتەواوی باوەڕمان بە رۆڵی ئافرەت لەناو کۆمەڵگە و کایەی سیاسیدا هەیە، تەنانەت بەراورد بە حیزبەکانی دیکە، پارتی چاکسازی تورکمانی زۆرترین ژمارەی ئافرەتی لە سەرکردایەتی داناوە، لەکۆی 15 ئەندامی سەرکردایەتی پارتەکە، 7 یان ئافرەتن".

مونا قەهوەچی گلەیی لە حیزبەکانی دیکە هەیە و دەڵێت: "دەبووایە بەشێک لە حیزبەکانی دیکەش ئافرەتیان وەک سەرۆک لیست دابنایە، چونکە ئەوان لە پەیڕەو و قسە و بانگەشەکانیاندا زۆر باسی پێگە و رۆڵی ئافرەت دەکەن. لەکاتێکدا ئافرەت لە لیستەکانی دیکەشدا هەیە کە توانای هەیە سەرۆک لیست بێت".

بەبڕوای عەیشان عەلی، کاندیدی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، هۆکاری یەکەم بۆ نەبوونی ئافرەت بە سەرۆک لیست، حیزبەکانن و دەڵێت: "پێویستە حیزب ئەو بڕیارە بدات کە ئافرەت بهێنێتە پێشەوە و گرنگییان پێبدات تاوەکو متمانە بەخۆیان بکەن و کاری باشتر بکەن، بەڵام حیزبەکان لەو رووەوە کەمتەرخەمن، تەنانەت بەشێک لە حیزبەکان سەرۆکایەتی لیست بە ئافرەت رەوا نابینن، لەکاتێکدا بەشێک لەو ئافرەتانەی لەناو لیستەکەدا کاندیدن توانای سەرۆکایەتیکردنی لیستەکەشیان هەیە".

> هەندێک حیزب سەرۆکایەتی لیست بە ژن رەوا نابینن
>
> ژنە بەربژێرێک

عەیشان گوتیشی: "لەناو پارتی و حیزبەکانی دیکەش ئافرەتی زۆر بەتوانا هەیە کە نەک تەنیا بۆ سەرۆکی لیست لە هەڵبژاردندا، بەڵکو دەتوانێت ببێتە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتیش".

عەیشان دەڵێت بەشێک لەو پەراوێزییە بۆ کەمتەرخەمی ئافرەتەکانیش دەگەڕێتەوە "خۆمان تواناکانی خۆمان سنووردار کردووە، خۆمان دەخەینە چوارچێوەی کۆتا لە پەرلەماندا کە ئەگەر هەموو ئافرەتەکان دەست لەناودەست بن و بەیەکەوە هەنگاو بنێن دەتوانن زۆر شت بەدەستبهێنن، بەڵام بەداخەوە زۆرجار ئافرەت ئافرەت دەرووخێنێ و خۆیان کەم نیشاندەدەن".

لەم خولەی پەرلەماندا 34 پەرلەمانتاری ژن هەن (پارتی: 12 پەرلەمانتار، بزووتنەوەی گۆڕان: 8 پەرلەمانتار، یەکێتی: 6 پەرلەمانتار، یەکگرتوو: 3 پەرلەمانتار. کۆمەڵ: 2 پەرلەمانتار، کۆتای تورکمان: 1 پەرلەمانتار، کۆتای مەسیحییەکانیش دوو پەرلەمانتاری ژن.




لیستەکانی پارتی، یەکێتی، گۆڕان، هاوپەیمانی و سەردەم هەریەکەیان 30 بەربژێری ژنیان هەیە

بەربژێرێکی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە کە ئەوە ئافرەتانن دەرفەتەکان لەدەستدەدەن و کەمتر دێنە پێشەوە. دڵسۆز مەحموود، بەربژێری لیستی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی: "کۆمەڵی ئیسلامی لە هەموو جومگەکانیدا پێگە و دەرفەتی باشی بە ئافرەتان داوە، بۆیە بە هاتنەپێشەوەیان، ئافرەتان بەرەوپێشچوونێکی باشیان بەخۆوە بینیوە، ئێستا ژن لەناو مەکتەبی سیاسی و هەموو پێگەکانی کۆمەڵدا هەیە کە رەنگە لە حیزبەکانی دیکەدا بەم شێوەیە گرنگی بە ئافرەتان نەدرابێت، بێگومان بۆ داهاتووش چاوەڕوانین باشتریش بێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی نەبوونی ئافرەت بە سەرۆک لیست و بەدەستهێنانی پۆستەکان بۆ کەمتەرخەمیی ئافرەتەکان دەگەڕێتەوە".

دڵسۆز مەحموود لەبارەی دەستنیشانکردنی سەرۆک لیستەکەیان کە پیاوە گوتی: "هەموو بەربژێرەکان بانگکران و قسەمان لەگەڵ کرا لەکاتی دانانی لیست و سەرۆکی لیستەکە، هیچ ئافرەتێک خۆی نەپاڵاوت بۆ سەرۆکی لیستەکە، هەمووشمان هاوڕابووین لەسەر دانانی سۆران عومەر وەکو سەرۆکی لیست".

لەم خولەی پەرلەماندا، جگە لە سکرتێری پەرلەمان کە ژنە، لە کۆی 22 لیژنە هەمیشەییەکەی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی پێنج لیژنە بەدەست ژنانەوەیە، ئەوانیش لیژنەکانی داکۆکی لە مافی ئافرەت، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، هەروەها لیژنەی کاروباری یاسایی.

ژنە بەربژێرێکی ئافرەت دەڵێت لەنێو یەکێتیدا بە ئاگاداری و رەزامەندی کاندیداکان، سەرۆکی لیستەکە کە قوباد تاڵەبانییە دانراوە. شیرین یونس، بەربژێری یەکێتی دەڵێت: "لەکاتی دانانی سەرۆکی لیستی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان راوێژمان پێکراوە و بە ئاگاداری و رەزامەندیی هەمووان سەرۆکی لیست دانراوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە یەکێتی حیزبێکی پیاوسالار بێت، چونکە پێشتر سەرۆکی لیستمان هەبووە لەناو پەرلەمان ژن بووە، بۆیە لەناو یەکێتی ژن و پیاویش سەرۆک لیست بوون و هیچ جیاوازییەک نەکراوە".

گوتیشی: "یەکێتی کادیری ئافرەتی وای پەروەردە کردووە کە توانای بەڕێوەبردنی هەموو پۆستەکانی ناو حکومەت و پەرلەمانی هەیە".

بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان 241 ژن کاندیدن. هەریەکە لە پارتی، یەکێتی، بزووتنەوەی گۆڕان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، هاوپەیمانی سەردەم، زۆرترین کاندیدی ژنیان هەیە کە هەریەکەیان 30 بەربژێری ژنیان هەیە. هەروەها پارتی تورکمانی دیموکراتی، برووسکەی تورکمانی، دیموکراتی مەسیحی هەریەکەیان یەک بەربژێری ژنیان هەیە. هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح، 18 ژن، کۆمەڵی ئیسلامی 14 ژن، جوڵانەوەی نەوەی نوێ 17 ژن، لیستی ئازادی 13 ژن، پارتی پارێزگاران 5 ژن، ئەنجوومەنی کلدانی 3 ژن، هەریەکە لە چاکسازی تورکمانی، هاوپەیمانی تورکمانی هەولێر، بەرەی تورکمانی، گەشەپێدان، میللەت، لیستی تورکمانی هەولێر، ئەبنا ئەلنەهرێن، یەکێتی نەتەوەیی و رافیدەین، دوو بەربژێری ژنیان هەیە.



## لە هەولێر گەنجێک بەهەڵە دەکوژرێت

**ڕووداو– هەولێر**

شەوی 2018/9/12 گەنجێک بەناوی (سالار سدیق) لەکاتی گەڕانەوەی لە کارەکەی بۆ ماڵەوە، لەڕێگا درایە بەر دەستڕێژی گولـلە و دەستبەجێ مرد.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ڕووداوی کوشتنی سالار، بەرپرسی ژمێریاری نەخۆشخانەی سویدی پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کرد و بکوژی گەنجەکەشی دەستگیرکرد". هۆگر عەزیز گوتیشی: "دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت. کێشەیەکی خێزانی لە نێوان بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە و خوشکی بکوژەکەدا هەبووە، دواتر برای هاوژینی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە چووەتە نەخۆشخانەکە، دوای دەرچوونی سالار لە نەخۆشخانەکە بە هەڵە تەقەی لێکراوە و کوژراوە".

### لە هەشت مانگی رابردوودا

# 80 تاوانی کوشتن لە کەرکووک تۆمارکراون

**سروە ئەحمەد**
**ڕووداو– کەرکووک**

وەکو ئامارەکانی پۆلیس دەریدەخەن، تاوانەکانی دزی و کوشتن لەنێو شاری کەرکووک و دەوروبەری روو لە هەڵکشانن. پۆلیس دەڵێت هۆکاری زۆربەی تاوانەکانی کوشتن و دزی، هەژاری یان کێشەی کۆمەڵایەتییە.

عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک ئاماری تاوانەکانی کوشتنی لە هەشت مانگی رابردوودا (لە یەکی کانوونی دووەم تاوەکو 31ی ئاب) بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "لەم ماوەیەدا 80 حاڵەتی کوشتن لە کەرکووک و دەوروبەری تۆمارکراون، تۆمەتباری 60 لەو تاوانانە دەستگیرکراون، 20 تۆمەتبارەکەی دیکەش هەڵاتوون بۆ دەرەوەی کەرکووک".

گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک ئاشکراشی کرد کە لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا 611 حاڵەتی دزی لە کەرکووک تۆمارکراوە، زیاتر لە 400 کەس لەسەر ئەو دزییانە دەستگیرکراون. بەگوتەی عەمید ئەفراسیاو، هەندێک لەوانەی لەسەر دزی دەستگیرکراون تەمەنیان 15– 16 ساڵە، بەڵام زۆربەی تۆمەتبارەکان تەمەنیان لە 35 ساڵ بەسەرەوەیە.

دوایین تاوانی دزی کە لە نێو دۆسیەکانی پۆلیس لە کۆتایی مانگی ئابدا تۆمارکراوە، دزینی ئۆتۆمبێلی ئافرەتێک بووە. عەمید ئەفراسیاو دەڵێت، هەژاری و بێکاری هۆکاری سەرەکین بۆ زیادبوونی تاوانی دزی.



زۆربەی تاوانەکانی کوشتن لە کەرکووک بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە (فۆتۆ: ڕووداو)

کەرکووک نەک دۆخە سیاسییەکەی، دۆخە کۆمەڵایەتییەکەشی ناجێگیرە. زوو زوو هەواڵی کوشتنی کەسێک لە میدیاکانەوە بڵاودەبێتەوە کە بە بڕوای پۆلیس و خەڵکیش هۆکاری زیادبوونی ڕووداوەکانی کوشتن بۆ زۆریی ئەو چەکانە دەگەڕێتەوە کە بە دەست خەڵکەوەن.

مانگی رابردوو ئافرەتێک لە نێو ماڵەکەیدا، هاوژینەکەی خۆی دایە بەر دەستدرێژی گولله و کوشتی، کاتێک ویستی بەرەو شاری سلێمانی رابکات، لەلایەن بازگەیەکی ئاسایشەوە دەستگیرکرا. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کەسێک لە تاوانەکەدا هاوکاریی کردووە و دواتر پۆلیس ئەویشی دەستگیرکرد.

عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک دەڵێت: "زۆربەی ڕووداوەکانی کوشتن لە کەرکووک و دەوروبەری بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتین". گوتیشی: "چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ ئێمە زۆر ئاڵۆز و زەحمەتە".

پارێزەر یونس عومەر کە پارێزەرە لە دادگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆربەی ئەو کەیسانەی من لە دادگا کاریان لەسەر دەکەم، کۆمەڵایەتین، هۆکاری زۆربەشیان دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن و ناهۆشیاری، هەندێک کەیس زۆر سادەن، بەڵام لایەنەکانی کێشەکە گەورەیان کردووە و گەیشتووەتە ئاستی خوێنڕشتن".

گوتیشی: "هەندێک کێشەی کۆمەڵایەتی بوونەتە بۆماوەیی، نەوە بە نەوە لەگەڵی هاتوون و تۆڵەی خۆیان کردووەتەوە".

ئەو پارێزەرە ئاماژەی بەوەدا کە قورسترین دۆسیە لە دادگاکان، ئەوانەن کە تاوانی کوشتنەکە بەهۆی تۆڵەکردنەوەیە، چونکە زۆرجار تاوانەکە تەشەنە دەسێنێ و خەڵکی زیاتری تێدا دەکوژرێ. دواجار چارەسەر و کۆنترۆڵکردنی ئەستەم دەبێ.

جگە لە دادگاکان، هەندێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دیوەخانی سەرۆک عەشیرەت و پیاوماقوڵان چارەسەر دەکرێن.

بارام محەممەد، 60 ساڵ، کە بەشداری لە چارەسەرکردنی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیدا کردووە، گوتی: "زۆربەی کێشەکان لە بەرامبەر بڕێک پارە بۆ خوێنی کوژراوەکە چارەسەر دەکەین و ناهێڵین بگاتە دادگا، چونکە هەندێک کێشە بە دادگاش چارەسەر ناکرێن. هەندێک جاریش ئێمە کارئاسانیمان بۆ دادگا کردووە و لەوێ چارەسەرکراون".

لە کاتی ڕوودانی تاوانێکی کوشتندا هەندێک کەس یەکسەر پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە دەبەن، بەمەش کێشەکە گەورەتر دەکەن، هەندێکیشیان کارەکە بۆ یاسا جێدەهێڵن.

(س.م) برای قوربانییەکە، بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم تەمەنی 16 ساڵ بوو، بە ناهەق کوشتیان، تا ئەو کاتەی تاوانبارەکە دەستگیر نەکرابوو، پێداگیریم لەسەر ئەوە دەکرد کە تۆڵەی خوێنی براکەم بکەمەوە، بەڵام کاتێک تاوانبارەکە دەستگیرکرا، لە دادگا لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا و سزا درا، ماڵی تاوانبارەکە داوای لێخۆشبوونیان کرد، بۆیە بڕیارمان دا بیر لە تۆڵە نەکەینەوە".

# سوێدییەک کوردێک دەکوژێت



نەهرۆ رۆژی ڕووداوەکە لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ سەیران چووبووە دەرەوە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

هاوڕێکانی نەهرۆ پەیوەندی پێوە دەکەن و پێیدەڵێن دەچینە شوێنێک ئیشێکمان هەیە و دواتر دەچین بۆ سەیران، بەڵام بەر لەوەی بگەنە شوێنی سەیرانەکە، نەهرۆ لە ڕووداوێکی نادیاردا لەلایەن کەسێکی سوێدی دەکوژرێ، دواتر تەرمەکەی دەهێنرێتەوە کوردستان و لێرە دەنێژرێ. هاوژینە سوێدییەکەی نەهرۆ دەڵێت: "غەدریان لە مێردەکەم کرد، بە فرتوفێڵ بردیانە دەرەوە و کوشتیان".

رۆژە 2018/5/28 پەنابەرێکی کورد بەناوی نەهرۆ سەعدوڵڵا، تەمەن 33 ساڵ، لە ڕووداوێکی نادیاردا لەلایەن پیاوێکی سوێدی بەناوی لێدەڵ تۆنی، تەمەن 60 ساڵ کوژرا، تاوەکو ئێستا دیارنییە ئەو پیاوە لەسەرچی و بۆچی نەهرۆی کوشتووە.

نەهرۆ ماوەی 12 ساڵ بوو کوردستانی جێهێشتبوو، لە سوێد لەگەڵ ژنێکی سوێدی بە ناوی ئیمێڵی خێزانی پێکهێنابوو، ئەوان خاوەنی سێ منداڵ بوون.

نەهرۆ بڕیاری دابوو لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی، پشووی هاوینەیان لە کوردستان بەسەرببەرن و دایکیشی هاوژین و نەوەکانی لە نزیکەوە ببینێ، بەڵام بەر لە گەشتەکەیان بۆ کوردستان، لەگەڵ دوو هاوڕێی بۆ سەیران دەچنە دەرەوەی شار و لەوێ لەلایەن پیاوێکی سوێدییەوە دەکوژرێ.

یوسف عومەر، کە هاوڕێی نەهرۆیە و لەکاتی ڕووداوەکەدا لەگەڵی بووە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت: "من لە ماڵەوە دانیشتبووم کە نەهرۆ پەیوەندی پێوەکردم و گوتی لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە دەچین بۆ سەیران، تۆش وەرە. گوتم باشە وەرن بەدوامدا منیش دێم".

وەک یوسف باسی دەکات، نیو سەعات دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە، نەهرۆ گەیشتە بەر دەرگایان. شوێنێک دیاری دەکەن بۆی بچن، بەڵام لە ڕێگادا ئاراستەی ڕێگاکەیان دەگۆڕن.

یوسف لە نەهرۆ و هاوڕێکانی دەپرسێت بۆ کوێ دەڕۆین، هیچیان وەڵامی نادەنەوە. یوسف گوتی "دوای ماوەیەک گەیشتینە شوێنێک لەبەر دەرگای ماڵێک رامانگرت، پیاوێکی پیر لە پێش دەرگای ماڵەکە وەستابوو. نەهرۆ گوتی ئێرە کوێیە، بۆچی منتان هێناوە بۆ ئێرە؟ دوو هاوڕێکەی نەهرۆ لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین و بوو بە شەڕیان".

یوسف زۆر هەوڵ دەدات ڕێگری لە نەهرۆ بکات و نەچێتە خوارەوە، بەڵام نەهرۆ دەڵێت هیچ نییە ئێستا دێمەوە. یوسف گوتی: "دوای ئەوەی نەهرۆ لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی، پیاوە پیرەکە دەستڕێژی گوللەی لە نەهرۆ کرد و کوشتی".

دوای تەقەکردنەکە، هاوڕێکانی یوسف هەڵدێن و پۆلیسیش پیاوە سوێدییەکە دەستگیر دەکات، بەڵام دەگوترێ تا ئێستا ئیعترافی نەکردووە کە ئەو نەهرۆی کوشتبێ.

پۆلیس ئیفادەی لە دوو هاوڕێکەی نەهرۆ وەرگرتووە، بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە هیچ شتێک نازانین و نکۆڵییان لەوە کردووە کە ئەوان نەهرۆیان بۆ ئەو شوێنە بردبێت.

ئیمێڵی بە (ڕووداو)ی گوت: "نەمزانیوە نەهرۆ کێشەی لەگەڵ هاوڕێکانی هەبووبێ، پێموایە، ئەوان فێڵیان لە نەهرۆ کردووە".

سێ مانگ بەسەر کوژرانی هاوژینەکەی تێپەڕیوە و تاوەکو ئێستا لە دادگا کەیسەکەی یەکلا نەبووەتەوە، کەسوکاری نەهرۆ نزیکەی سێ مانگە چاوەڕێن دادگا بکوژی کوڕەکەیان سزا بدات و بۆیان روون بکاتەوە کوڕەکەیان بۆچی کوژراوە.

سالم سەعدوڵا کە برای نەهرۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی مانگێکە لەگەڵ دایکم هەوڵ دەدەین بچین بۆ تورکیا، لەوێ چاوپێکەوتن بکەین بۆ وەرگرتنی ڤیزای سوید. هەر کاتێک بچین بۆ سوێد، تا ڕاستیی ڕووداوەکەمان بۆ روون نەبێتەوە ناگەڕێینەوە کوردستان".

تەرمی نەهرۆ، نزیکەی 13 رۆژ لە نەخۆشخانەیەکی سوێد مایەوە، دواتر لە ڕێگەی ئامۆزایەکی کە ئەویش لە سوێد نیشتەجێیە، هێنرایەوە کوردستان.

سەبارەت بە چارەنووسی هاوژینەکەی نەهرۆش، سالم دەڵێت: "دوای هێنانەوەی تەرمی نەهرۆ، هاوژینەکەشی هاتە کوردستان، بۆ ماوەیەک لێرە بوو، پاشان گەڕایەوە شارەکەی خۆی".

# دڵشادیان کوشت و ئۆتۆمبێلەکەشیان برد



پۆلیس کەسێکی دەستگیرکردووە کە لە کاتی تاوانەکەدا لەگەڵ دڵشاد بووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

دڵشاد داوای لە هاوژینەکەی کردبوو بۆ نیوەڕۆ خواردنێکی خۆش ئامادە بکات، بەڵام نیوەڕۆ نەگەڕایەوە و زۆری نەبرد هەواڵی کوژرانی بە هاوژینەکەی گەیشت. پۆلیس هاوڕێیەکی دڵشادی دەستگیر کردووە کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لەگەڵی بووە، بەڵام هێشتا روون نییە ئەو کەسە بکوژی دڵشادە یان نا.

رۆژی 2018/9/3 پیاوێکی تەمەن 30 ساڵ، بەناوی دڵشاد محەممەد، دانیشتووی گەڕەکی شەهیدانی قەزای زاخۆ، لە ڕووداوێکی نادیاردا لە گوندی بۆسەلێی سەر بە ناحیەی دەرکار لە قەزای زاخۆ کوژرا.

هەر دوای ڕووداوەکە پۆلیس کەسێکی دەستگیرکرد بە ناوی (ە) کە هاوڕێی دڵشادە و لە کاتی ڕووداوەکەدا لەگەڵی بووە.

رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس ئاگادار کرانەوە لە ڕووداوێکی کوشتن لە گوندی بوسەلێ، تیمەکانمان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان هەڵگرتەوە و رەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکیی دهۆکیان کرد".

هێشتا هۆکاری کوژرانی ئەو گەنجە بۆ پۆلیس روون نەبووەتەوە. سەبارەت بە دەستگیرکردنی هاوڕێکەی دڵشاد، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک دەڵێت: "ئەو هاوڕێیەی لە کاتی ڕووداوەکە لەگەڵی بووە، گرتوومانە بۆ ئەوەی بگەین بە ڕاستیی ڕووداوەکە، بەڵام هەتا ئێستا بکوژەکە دیار نییە".

کەسوکاری دڵشاد لە شۆکدان، نازانن کوڕەکەیان بۆ کوژرا و کێ کوشتی؟ ئەوان چاوەڕێن دەزگا ئەمنییەکان بکوژی کوڕەکەیان بۆ بدۆزنەوە.

حاجی محەممەد کە باوکی دڵشادە و نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووی هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دەوروبەری چواری عەسر لە نووسینگە دانیشتبووم، پۆلیس پەیوەندی پێوە کردم و گوتیان کوڕەکەت کوژراوە و تەرمەکەمان دۆزیوەتەوە".

کاتێک حاجی محەممەد گوێی لەو هەواڵە دەبێ، رەوشی تەندروستیی تێکدەچێ. دوو هەفتە بەسەر کوژرانی کوڕەکەیدا تێپەڕیوە و هەر دەپرسێ: "کێ کوڕەکەی منی کوشت؟ بۆچی کوشتیان؟".

دڵشاد ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری هەبووە، کەلوپەلی بازرگانانی پێ دەگواستەوە شارەکان، باوکی دڵشاد دەڵێت: "کوڕەکەم خەریکی کاری خۆی بوو، نەمزانیوە کێشەی لەگەڵ کەس هەبووبێ، کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو".

سەبارەت بەو کەسەی پۆلیس دەستگیری کردووە کە دەگوترێ هاوڕێی دڵشادە، حاجی محەممەد گوتی: "من ئەو کوڕە ناناسم، بەڵام باوکی دەناسم. دەڵێن ئەو رۆژە بە یەکەوە بوون. بە یەکەوە چوون بۆ گوندی بۆسەلێ".

گوتیشی: "کوڕەکەم لەلای من گوتی ئۆتۆمبێلەکەم کێشەی هەیە، دەیبەم بۆ لای فیتەر، شەو دەگەڕێمەوە و دێمە لات، بەڵام نازانم بۆچی گەیشتە ئەو شوێنەی کە لێی کوژراوە!".

بکوژەکە دوای ئەوەی دڵشادی کوشتووە، ئۆتۆمبێلەکەشی بردووە.

دڵشاد خێزاندار و باوکی سێ منداڵ بوو، هاوژینەکەی ئێستاش باوەڕ بەو ڕووداوە ناکات و چاوەڕێیە جارێکی دیکە لەگەڵ دڵشاد لەسەر یەک سفرە نان بخۆن.

دیلیمان کە هاوژینی دڵشادە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو رۆژە زوو لە ماڵ دەرچوو، گوتی نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە، خواردنێکی خۆش ئامادە بکە".

نیوەڕۆ چەند جارێک پەیوەندی بە دڵشادەوە دەکات، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانی ناداتەوە، ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە ئیشی هەیە یان ئاگای لە مۆبایلەکەی نییە.

دیلیمان گوتی: "زۆر چاوەڕێم کرد، هیچ هەواڵی نەبوو. دڵم خورپەی کرد کە شتێکی بەسەرهاتبێ، چونکە پێشتر کە تەلەفۆنم بۆ دەکرد، ئەگەر وەڵامی نەدابایەوە، دواتر تەلەفۆنی بۆ دەکردمەوە. یان دەیگوت سەرقاڵم و دواتر تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە".

تەلەفۆنێک کۆتایی بە چاوەڕوانییەکانی دیلیمان دێنێ، کاتێک خەزووری تەلەفۆنی بۆ دەکات و هەواڵی مەرگی دڵشادی پێ دەدات. دیلیمان لە ئێستاوە خەمی سێ منداڵەکەیەتی کە لە دوای دڵشاد چۆن بەخێویان بکات.



















## ڕۆژانە 4 بوڵتەن و 3 دیبەیت و 6 بەرنامەی هەیە

# ڕووداو بە ڕووماڵێکی گەورە بانگەشەیەکی ساردی گەرمکردووە

بانگەشـــەکانی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەی 30/9/2018، لە بانگەشەی هیچیـــەک لە هەڵبژاردنەکانی پێشـــوو ناچن کە بەدرێژایـــی ژیانی هەرێمی کوردســـتان ئەنجامدراون. زۆرتر لە هەفتەیەک بەسەر کاتی دەستپێکردنی بانگەشـــەکاندا تێپەڕیوە و هێشتا خرۆشـــانی جەماوەری و ئاهەنگ و شایی شەقامە قەرەباڵغەکان نابیندرێن، بەڵام تۆڕی میدیایی ڕووداو بەو ڕووماڵەی بـــۆ بەرنامەی بانگەشـــەی پارتـــەکان و توانا و ئاســـتی بەربژێـــرەکان و رای دەنگدەران لەسەر بەربژێر و بەرنامەکان دەیکات، گەرموگوڕیی خستووەتە نێو ماڵانەوە. لەم ڕاپۆرتـــەدا (ڕووداو) وردەکارییەکانی پشـــت کامێرای ئەو تیمەی لەپشت ڕووماڵەکەوەن بۆ خوێنەرانی ئاشکرادەکات.

ڕووداو-هەولێر

کاتێک سەر بە نیوزڕوومی تۆڕی میدیایی ڕووداودا دەکەیـــت، میدیـــاکاران دەبینیـــت کـــە یان لەپشـــت کۆمپیوتەرەکانیانـــن و خەریکی ئامادەکردنی ڤیتی و گرافیک و بەرهەمە هەواڵییەکانی دیکەن بۆ تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و پۆرتاڵ و هەفتەنامەی ڕووداو یان بەتەلەفۆن خەریکـــی وەرگرتنی لێدوان و زانیاریی نوێن. لەســـەر یەکێک لەو وۆرک سپەیسانەی نێو نیوزڕووم، تیمێک خەریکـــی ئامادەکارین بۆ 4 بوڵتەن و 3 دیبەیت و 6 بەرنامەی ڕۆژانە کە بۆ ڕووماڵی بانگەشەکان و ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان ئامادەکراون. ئەو دێسکە ناوی دێسکی ئیلێکشنە و هەر چوار دەوری بە لۆگۆی ئیلێکشنی ڕووداو و فایلی زۆر لەسەر پارتەکان و لیست و ناوی بەربژێرەکان و ژمارە تەلەفۆنەکانیان و لیستی پارت و قەوارە و کەسایەتییە بەشدارەکانی ئـــەم هەڵبژاردنـــە تەنـــدراوە. وەک فەرمـــان ســـاڵح، جێگری بەڕێوەبەری دێسکی ئیلێکشـــن بۆ (ڕووداو) ی باســـدەکات: "دوو هەفتـــە بەر لە دەســـتپێکردنی بانگەشـــەکان دەســـت بە ئامادەکارییـــەکان کراوە و هەموو ئـــەو بەرهەمانەی ئامادەشـــکراون و ڕۆژانەش ئامـــادە دەکرێن ئەوەیان تێدا ڕەچاوکراوە کە بە یەک مەودا بەرامبەر هەموو لایەنە بەشدارەکان کاربکەن و ڕووداوی خەڵک بن".

## شاهۆ و دلبخوین

بـــۆ ئەم هەڵبژاردنە هەردوو ئەســـتێرە و ئەنکەری ناســـراوی ڕووداو، شـــاهۆ ئەمیـــن و دلبخویـــن دارا لە کاژێر دوازدەی نیوەڕۆوە تاوەکو دووی دوای نیوەڕۆوە لەڕێگـــەی شاشـــەی ڕووداوەوە میوانـــی ماڵەکانـــی کوردســـتانن. ئەوان بەر لە دەســـتپێکردنی بوڵتەن و دیبەیتەکانیـــان لەنێو نیوزڕوومدا لەگەڵ میوانەکانیان بـــە تەلەفـــۆن قســـەدەکەن و بـــە هـــەواڵ و زانیارییە ئامادەکراوەکانـــی نێو بوڵتەنەکانیاندا دەچنەوە و بەر لە دەستپێکردنی ڕووماڵەکەشیان دەچنە ژووری مەیک ئەپ، بۆئەوەی لەپەنای پڕ نێوەڕۆکی بە قیت و قۆزیش لە شاشـــە دەرکەون. دیبەیتەکانی شـــاهۆ و دلبخوین لەگەڵ سێ بەربژێر لە سێ لایەنی جیاوازی بەشدار لە هەڵبژاردنەکانن و بەردەوام لەسەر کێشەکانی خەڵکن. ڕۆژێـــک بایەخ بە کێشـــەی کارەبـــا دەدەن و ڕۆژێکی دیکە بەربژێرەکان دەخەنە ژێر پرســـیار سەبارەت بە دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان.

## دڵدار و هەوراز

هەردووکیـــان دوو فەیســـی ڕەنگ و دەنگخۆشـــی ڕووداون. دڵـــدار هەرکـــی و هەوراز گوڵپـــی لە ژیانی پیشەیی و ئاساییشدا هاوڕێن. لە ڕووماڵی ئەمجارەی ڕووداودا ئەوانیش هەم وەک مۆدەرێتەری دیبەیتەکان و هەم بۆ ڕووماڵیش بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیارین و دەیانەوێ زۆرترین گەنگەشە لەسەر ئەو پرســـانە بکـــەن کـــە بۆ بەرژەوەندیـــی دەنگدەران گرنگن و بۆ هۆشیارکردنەوەشیان پێویستن.

## دە پرسیارەکەی ڕەنج

ڕەنج ســـەنگاوی، گەورە پێشکەشـــکاری ڕووداو، بەیانییـــان زوو دێتـــە ســـەرکار و لەگـــەڵ تیمەکـــەی بەخێرایـــی دەردەچن بۆئەوەی بەرنامەی دە پرســـیار ئامادەبکەن، کە شەوان کاژێر 22:00 بەکاتی هەولێر پەخشدەکرێت. ئەو کە هەمیشە جدییە لە کارەکانیدا، زۆر خـــۆی بـــە پرســـیارەکانییەوە بـــۆ میوانەکانی و ریسێرچکردن لەسەر مژاری بەرنامەکە ماندوو دەکات. بۆیەش کاتێک ڕاستەوخۆ لەسەر شاشە دەردەکەوێت بڕوای بەخۆیە و بەتەواوی ئامادەیە بۆ پێشکەشکردن.

## هەڵبژاردنەکەی هیوا

هیوا جەمـــال، گەورە پێشکەشـــکارەکەی دیکەی ڕووداو، لـــە هەڵبژاردنـــی پەرلەمانی عێراقدا لەجیاتی ئەوەی لەســـەر شاشـــە دەرکەوێت، لەپشـــت شاشـــە ڕووماڵیدەکرد. بەڵام ئەمجارە بە بەرنامەیەکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە دەرکەوتووەتەوە. ئەو بەیانییان کە دێتە ســـەر کار مۆبایلەکـــەی بەگوێیەوەیە و خەریکی قسەکردنە لەگەڵ ئەو میوانەی بڕیاروایە ئێوارە کاژێر 21:00 بەکاتی هەولێر ببێتە لە بەرنامەی هەڵبژاردنی هیوادا ببێتە میوانی. پرۆدیوسەری بەرنامەکە خەریکی ئامادەکردنی لۆکەیشـــن و هەماهەنگییـــە لەگەڵ ئەو لایەنانـــەی بـــۆ تۆمارکردنـــی بەرنامەکـــە پێویســـتە هاوکاریـــی بکـــەن. هیوا جەمال لەگـــەڵ کامێرامانێک دەردەچێتـــە دەرەوە و ڕۆژێـــک لەگـــەڵ پیرەژنێکـــی ســـەوزەفرۆش و ڕۆژێکی دیکە لەگـــەڵ دووکاندارێکی تـــووڕە گفتوگۆ دەکات و دەنگی ئـــەو دەنگدەرانە لە بەرنامەکەیدا دەگەیەنێتە ئەو میوانانەی کە بەربژێرن و کەســـانی ناســـراون. ئەو ســـتایلی پرســـیارە ورد و چاوەڕواننەکراوەکانـــی خـــۆی نەگۆڕیوە و هێشـــتاش لـــە پرســـیارکردندا وەک گۆمێکـــی مەنگـــە و بە هیچ وەڵام و کاردانەوەیەکـــی میوانەکـــەی هێمنیـــی خۆی لەدەستنادات.

## شەهیانی هەڵبژاردن

پـــاش ئەزموونـــە ســـەرکەوتووەکانی دیکـــەی لـــە ڕابـــردوودا، ئەمجـــارەش شـــەهیان تەحســـین بە ســـتایلێکی نـــوێ و ســـەرکەوتووەوە بـــۆ هەڵبژاردن میوانـــی ماڵەکانتانە. ئـــەو لەنێو هەواڵـــە ناخۆش و دڵتەزێنەکانـــدا ئـــەوەی هەڵبـــژاردووە کـــە لەمـــاوەی بانگەشـــەکاندا بە دەمێکی بەخەنـــدەوە هەم جوانیی شارەکانی کوردستانتان پیشانبدات و هەمیش وابکات بەربژێرەکان بەشـــێوەیەکی ئەرێنـــی پێکەوە بکەونە دیبەیتێکی جدی. هەرکەســـێک جارێک کاژێر 18:00 بەرنامەی شـــەهیانی هەڵبژاردنی بینیبێـــت، ناتوانێ ڕۆژی دواتر تەماشای نەکاتەوە.

## سەنگەر پرسیاری هەن

ئەو لەســـەرەتاوە پەیامنێـــری پەرلەمانیی ڕووداو بـــووە. پڕزانیاریتریـــن ڕۆژنامەڤانـــی کوردستانیشـــە ســـەبارەت بە پرۆژەیاســـاکان و ئەو گەنگەشانەی لە ســـاڵانی ڕابـــردوودا لەنێو پەرلەمان کراون. ســـەنگەر عەبدولڕەحمـــان پرســـیاری زۆرن و دەیـــەوێ بزانـــێ ئەوانـــەی خۆیان بەربژێر دەکـــەن و ڕەنگە لەئاییندەدا لە ڕووماڵی ڕۆژانەدا لەنێو پەرلەمان بیانبینێت کێن و چییان پێیە و چـــی دەزانن. هەموو ئێوارەیەک کاژێر 19:30 لـــە بەرنامـــەی چیدەکـــەن-دا لەگـــەڵ یەکێک لە بەربژێرەکان لە یەکێک لە شـــارەکانی کوردســـتان دەچێتە نێو خەڵک و گفتوگۆی سەرنجڕاکێش لەنێوان بەربژێر و دەنگدەراندا دەخوڵقێنێ.

## یەک پرسیارەکەی ڕۆژان

بینەرانـــی ڕووداو وەک بێـــژەرە ســـەنگین و نـــەرم و نیـــان و زیرەکەکـــە دەیناســـن. لـــە ڕووماڵی ئەمجارەشدا ڕۆژان ئەبووبەکر بەوردیی خۆیەوە لەگەڵ پرۆدیوسەرەکەی بەدوای ئەو هەواڵانەدا دەچن کە لێرە و لـــەوێ بڵاودەبنـــەوە و کاریگەریی گەورەیان هەیە و گومان هەیە لە ڕاســـتنەبوونیان. هەموو ڕۆژێک کاژێر 16:30 لـــە بەرنامەی یەک پرســـیاردا ڕۆژان بنکۆڵی هەواڵێـــک دەکات کـــە ڕەنگە فەیک نیـــوز بووبێت و وامانزانیبێـــت هەواڵ و فاکتـــە. ئەوانەی دەیانەوێ لە فەیک نیوز پارێزراو بن، بەرنامەی یەک پرسیار لەکیس خۆیان نادەن.

## خەندەی دلێر

دلێـــر تیلی ڕۆژێک لە فێســـتیڤاڵی کانە و لەوێوە ڕووماڵـــدەکات و بوڵتەنی هونەری پێشکەشـــدەکات، ڕۆژێکیش لە سویســـرایە و لە پیشانگایەکی گەورەی ئۆتۆمبێلەوە ڕاســـتەوخۆ لەســـەر شاشەیە. بەڵام لەم هەڵبژاردنـــەدا ئەو پێشکەشـــکارە هەمیشـــە دەم بە خەندەیەی ڕووداو ڕۆژانە کاژێر 17:45 بەکاتی هەولێر لە بەرنامەی دەسەڵاتی پێنجەمدا تووشی سەپرایزمان دەکات. ئـــەو بە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕێت و ئەو هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆ و کاردانەوانە کۆدەکاتەوە کە ئەگەر ســـەیری بەرنامەکەی نەکەین، ڕەنگە قەت چاومان پێیاننەکەوێت و لەکیسمان بچن.



# نەخۆشیی سوورێژە چییە؟

رووداو – ئاژانسەکان

هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوان لە دژی سوورێژە کرد، ئەویش دوای ئەوەی ئەمساڵ ئەورووپییەکان باجی کەمتەرخەمیی خۆیان دا لە کوتانی منداڵەکانیان.

رێکخراوی تەندروستی جیهانیی دەڵێ ئەمساڵ بە بەراورد بە چەند ساڵی پێشوو، حاڵەتەکانی تووشبوون بە سوورێژە لە ئەورووپا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە.

بەپێی ئاماری رێکخراوە جیهانییەکە، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2018 دا لە ئەورووپا 41 هەزار حاڵەتی تووشبوون بە سورێژە تۆمارکراون کە 37 کەسیان مردوون، کەچی هەمان ماوەی ساڵی 2017 لە هەمان کیشوەر نزیکەی 24 هەزار حاڵەت تۆمارکرابوون و ساڵی 2016 تەنیا 5 هەزار حاڵەت.

کەواتە ئەم نەخۆشییە چییە کە هەر کەمتەرخەمییەک لە بەرەنگاربوونەوەی، کارەساتی لێدەکەوێتەوە؟

## مێژوو:

وا مەزەندە دەکرێ یەکەمجار لە ساڵی 500ی زایینی مرۆڤ تووشی سوورێژە بووبێ، ئەویش پاش گۆڕانکارییەک لە ڤایرۆسی تووشکەری مانگا بە نەخۆشییەکی هاوشێوەی سوورێژە.

سوورێژە ساڵی 1529 دوو لەسەر سێی خەڵکی کوبای کوشت، دوو ساڵ دوای ئەوەش نیوەی خەڵکی هیندۆراسی کوشت، لە 1875 سێیەکی خەڵکی فیجی لەناوبرد. لە نێوان ساڵانی 1855 تا 2005 لەسەر ئاستی جیهان 200 ملیۆن مرۆڤی کوشتووە. چەندین یادەوەری تاڵی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەجێهێشتووە. ئەگەر هەڵمەتەکانی کوتان نەبووایە، مرۆڤی ئێستا لەو مرۆڤانەی مێژوو بەختەوەرتر نەدەبوو لە هەمبەر سوورێژەدا.

یەکەم کەس کە بەشێوەیەکی زانستی ئەم نەخۆشییەی دیاری کرد، پزیشکی فارس محەممەدی کوڕی زەکەریای رازییە لە کتێبێکدا بەناوی "كتاب الجدري والحصبة".

## پێناسە و گواستنەوە

نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە، تووشی کۆئەندامی هەناسە دەبێت و لەرێگەی هەناسەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە (بەرکەوتنی شلەی دەم و لووتی کەسی تووشبوو بە کەسێکی ئاسایی). 90%ی ئەوانەی لەگەڵ کەسی تووشبوودا دەژین تووش دەبن ئەگەر نەکوترابن یان پێشتر تووش نەبووبن. کەسی تووشبوو 2-4 رۆژ بەر لە دەرکەوتنی پەڵە سوورەکان و 2-5 رۆژ دوای نەمانیان، نەخۆشییەکە دەگوازێتەوە.

## نیشانەکانی

لانیکەم 4 رۆژ (تا) کە لەوانەیە بگاتە 40 پلەی سیلیزی، لەگەڵ یەکێک یان زیاتر لە (کۆکە، ئاو لە لووت هاتن، سووربوونەوەی چاو). دوای چەند رۆژێک لە تا، پەڵەی بەرزەوەبووی سوور لەسەر پێست دەردەکەون کە لە دەموچاوەوە دەستپێدەکەن و دواتر هەموو لەش دەگرنەوە و پێدەچێ خورانیان لەگەڵدا بێت.

## ئاڵۆزکارییەکان:

نزیکەی 15%ی تووشبووان تووشی ئاڵۆزکاری دەبن کە لەوانەیە سکچوونێکی سادەبێت، لەوانەشە کەڕبوون و کوێربوونی هەمیشەیی و تەنانەت مردنیشی لێبکەوێتەوە، بەتایبەت لە پێگەیشتووان و بەدخۆراکەکان و ئەوانەی بەرگرییان لاوازە.

ئاڵۆزکارییە بڵاوەکان بەڕیز بریتین لە: هەوکردنی بۆرییەکانی هەوا و سییەکان، هەوکردنی گوێی ناوەڕاست، هەوکردنی پەردەکانی مێشک، هەوکردنی توندی شانەکانی چاو.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سێ لە هەزاری تووشبووان دەمرن، بەڵام لەو وڵاتانەی رێژەی بەدخۆراکی بەرزە و هۆشیاریی تەندروستی لاوازە، رێژەی مردن پێدەچێ بگاتە 28%، لە تووشبووانی ئایدزیشدا رێژەی مردن 30%یە.

بەپێی توێژینەوەیەک کە پەیمانگەی تەندروستیی نیشتیمانی ئەمریکی بڵاوی کردووەتەوە، ئاڵۆزکارییەکانی کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی مێشک و دەمار دوو هەرەبڵاوترین هۆکاری مردنن بەهۆی سوورێژەوە. لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە کە ڤاکسینی دژی سوورێژە دۆزرایەوە، رادەی تووشبوون و مردن بەو نەخۆشییە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد.

## دەستنیشانکردن:

روونکردنەوەی نیشانەکان پزیشک دەگەیەنێتە دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە، ئەگەر گومانی هەبوو، پزیشک شیکاریی خوێن یان لیکی کەسی تووشبوو دەکات بەمەبەستی بەدواداگەڕانی دژەتەنی سوورێژە، بەڵام بە دەگمەن پێویست بەمە دەکات.

**رێگرتن لە تووشبوون:**

کوتانی منداڵان لە دژی سوورێژە بەرگرییان دەداتێ لە دژی نەخۆشییەکە.

## چارەسەر:

چارەسەرییەکی ئەوتۆمان نییە لە دژی ڤایرۆسە تووشکەرەکە. بەڵام پاراسیتۆڵ و پرۆفین دەدرێن بە مەبەستی دابەزاندنی تا. بەگوێرەی ئاڵۆزکارییەکانی حاڵەتەکە، لە هەر تووشبوویەکدا پزیشک رێوشوێنی جیاواز دەگرێتەبەر.

## بەربڵاوی

ساڵی 2011 لەسەر ئاستی جیهان 158 هەزار حاڵەتی مردن بە سوورێژە تۆمارکران، ئەوە لەکاتێکدایە ساڵی 1990 لەسەر ئاستی جیهان 630 هەزار حاڵەتی مردن بە سوورێژە تۆمارکران. هۆکاری ئەو کەمبوونە بەرچاوەش، فراوانکردنی هەڵمەتەکانی کوتان بوو لە سەرتاسەری جیهان. بەر لە دروستکردنی ڤاکسینی دژە سوورێژە، ساڵانە نزیکەی هەشت ملیۆن کەس بەو نەخۆشییە مردوون!



# کەمخەوی چاکبوونەوەی برین دوادەخات

رووداو – ئاژانسەکان

پزیشکانی زانکۆی تێنێسیی ئەمریکی لە نوێترین توێژینەوەیاندا بۆیان دەرکەوتووە کەمخەوی لە تووشبووانی شەکرەدا پرۆسەی چاکبوونەوەی برین هێواش دەکاتەوە.

توێژەرانی پزیشکی لە زانکۆی تێنێسی لەو توێژینەوەیەدا لە کاریگەریی کات و کواڵیتی خەویان لەسەر تووشبووانی شەکرە کۆڵیوەتەوە.

د.مارک میکلەین، پسپۆڕی نەخۆشیی شەکرە و کوێرەڕژێنەکان کە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەیە، دەڵێت: "بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی چاکبوونەوەی برین لەو کەسانەی نەخۆشیی شەکرەیان هەیە، هێواشە. کەمخەویش یەکێکە لەو فاکتەرانەی پرۆسەکە هێواشتر دەکاتەوە".

مارک روونی دەکاتەوە کە کەمخەوی دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستەمی بەرگریی جەستە، ئەمەش لە دوو رووەوە کار لە جەستە دەکات، یەکێکیان ئەوەیە کە جەستە دەخاتە بەر مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییە جیاوازەکان و لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی چاکبوونەوەی برین هێواش دەکاتەوە.



# منداڵان باجی قەڵەویی دایکیان دەدەن

رووداو– ئاژانسەکان

ئەو منداڵانەی دایکیان قەڵەوە، ئەگەری زۆرترە تووشی گرفتی تەندروستی ببن، تەنانەت ئەگەر دایکەکە شەکرە و بەرزەپەستانی خوێنیشی نەبێت، ئەمەش بەپێی توێژینەوەیەکی نوێ.

توێژینەوەکە لە جۆرنالی زانستی Obstetrics and Gynecology بڵاوکراوەتەوە، توێژەرەکان دەڵێن قەڵەوی هاوشێوەی شەکرە و بەرزیی گوشاری خوێن هۆکارێکی مەترسیدارە کە دەکرێ رێگا لە روودانی بگیرێت.

توێژینەوەکە لەسەر 3،311 خانمی قەڵەو و 3،147 خانمی کێش ئاسایی کراوە کە هەموویان بە رێگای سروشتی منداڵیان بووە و هیچکامیان شەکرە و بەرزەپەستانی خوێنیان نەبووە. بەگوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکە، ئەوانەی قەڵەون منداڵەکانیان زۆرتر تووشی گرفت و ئاڵۆزکاری دەبن لە سەرەتای تەمەنیاندا.

توێژەرەکان گوتوویانە جگە لە ئاڵۆزکارییەکانی کۆرپە لەپاش لەدایکبوون، ئەوانەی قەڵەون، ئەگەری زۆرترە منداڵی ناکامیان ببێ، بەراورد بەوانەی کێشیان ئاساییە.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە کە قەڵەوی هانی هەوکردن دەدات لە جەستەدا، ئەوەش ئەو ژینگەیە دەگۆڕێت کە لە چواردەوری کۆرپەدایە لە سکی دایکی و لە داهاتووشدا کاریگەری لەسەری دەبێت.

خانمانی قەڵەو ئەگەری زۆرترە گرفتیان هەبێ لە منداڵبوونی سروشتیدا و پێویستیان بە ژانی دەستکرد بێ، هەروەها ئەگەری زۆرترە پێویستیان بە نەشتەرگەریی منداڵبوون بێ.



دکتۆر زاهیر سوران*

# زیانەکانی سپرای کونەلووت

رۆژانە مرۆڤ تووشی گیروگرفتی تەندروستی ئاسایی و مامناوەندی و ئاڵۆزیش دەبێت. هەندێک نەخۆش نایانەوێت سەردانی نەخۆشخانە یان پزیشک بکەن، خۆیان سەردانی دەرمانخانەیەک دەکەن و بەبێ رەچەتە ئەو دەرمانانەی دەیانەوێت دەیکڕن، بێ ئەوەی راست و دروستیی دەرمانەکە و نیشانە لاوەکییەکانی بزانن، ئایا دەرمانەکە بۆ نەخۆشییەکەیە یان بۆ دامرکاندنەوەی ئەو نیشانانەیە کە نەخۆشیان هەراسان کردووە؟ بەداخەوە دەرمانخانەکانیش بۆ گەرمکردنی بازاڕی فرۆشتن و ساخکردنەوەی دەرمانەکانیان هەموو دەرمانێک دەدەنە نەخۆش، لێرەوە دەبێت دوعا بکەین نەخۆشەکە تووشی حەساسیەت یان شۆکی کتوپڕی دەرمان نەبێت، دەنا بە دەیان پاڕانەوە رزگاری نابێت! کاتێک دەگوترێت با دەرمان بە رەچەتە بێت، بۆ ئەوەیە کە کەس بێ رەچەتە لە خۆیەوە روو نەکاتە دەرمانخانەکان، مەبەست لێی تەنیا رێکخستنی بەشێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە، ئەویش کەرتی تەندروستییە و بەس. دەنا با ئەو دەرمانانەی کە بێ ڕەچەتە دەدرێن بە کڕیار وەک لە دونیادا هەیە با بفرۆشرێن، بەڵام با دەرمانخانەکانیش تۆزێک ویژدانیان بخەنەگەڕ و زانستیانە کەمێک باسی لایەنە جیاوازەکانی دەرمانەکەیان بۆ بکەن ئەوسا پێیان بفرۆشن. کرۆکی باسەکەمان لەسەر راست و دروستیی بەکارهێنانی قەترە و سپرای کونە لووتە کە رۆژانە لێرە و لەوێ خەڵک دەچن دەیانکڕن و بەکاریدەهێنن دژی لووت گیران بەبێ ئەوەی بزانن کاریگەریی ئەو دەرمانانە چییە. ئایا دژە حەساسیەتە یان دژی پەنمان و سووربوونەوەی نێوپۆشی نێو کونەلووتەکانە. راستە کە هەردوو شێوەی دەرمانەکە بەبێ رەچەتە لە هەموو دنیادا دەفرۆشرێن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەگەر کڕین و بەکارهێنانی ئاسان بوو، ئەوە بەسوودە و زیانبەخش نییە.

**باش و خراپیی بەکارهێنانی قەترە و سپرای کونەلووتەکان:**

1- پسپۆڕانی سویدی دەڵێن لەم ساڵانەی دواییدا ئاڵوودەبوون بە سپرای کونە لووتەکان، زیادی کردووە. بەتایبەتی پاش ئەوەی سپراکان بەبێ ڕەچەتە دەفرۆشرێن. لەبەرئەوەی یەکێک لە نیشانە لاوەکییەکانی هەندێک دەرمان بریتییە لە ئاڵوودەبوون ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژتر لەوەی رێگەپێدراوە بەکاربهێنرێت. لەبری ئەوەی پەنمان و سووربوونەوەی کونەلووتەکان دابمرکێنێتەوە، نەخۆش تووشی گیروگرفتی تەنگەنەفەسی دەکات، چونکە باری دەروونی پاڵنەرە بۆ ئەوەی مرۆڤ زێدەتر بەکاری بهێنێت.

زۆربەی ژنانی دووگیان ئاڵوودەی بەکارهێنانی سپرای کونەلووت دەبن لەبەرئەوەی گۆڕانکاری هۆرمۆنی لە دووگیاندا دەبێتە هۆی سووربوونەوە و پەنمانی نێوپۆشی کونەلووتەکان.

2- نابێت لە 10 رۆژ زیاتر سپرا و قەترەی کونەلووتەکان بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی لەشیان ساخە، پاش 10 رۆژ لەبەکارهێنانی، کاریگەری دەرمانەکە پێچەوانە دەبێتەوە لەسەر جەستەیان.

3- بۆ ئەوەی لە ئاڵوودەبوون رزگارت ببێت، دەبێت کونەلووتەکانت بە ئاو یان خوێاو بشۆردرێن. هەرچەندە زۆر کەس باوەڕیان بەو رێگایە نییە و وادەزانن لەبەر ئەوەی ئاو هیچ دەرمانێکی تێدا نییە، سوودی نییە، بەڵام راستییەکەی وا نییە.

4- ئەوەی راستی بێت پێویستە کاتێک سپرا بەکاربهێنرێت کە مرۆڤەکە لەشساخ بێت و زوو زوو نەخۆش نەکەوێت، زۆر پێویستیش بێت، ئەگەرنا زیانبەخشە.

5- سپرای ئاسایی دژی حەساسیەت بەکار نایەت لەبەرئەوەی دەبێت ماددەی دژە هیستامینی تێدا بێت، ئەوسا بەکاردەهێنرێت. ئەگەر نەخۆش حەساسیەتێکی هەیە دەبێت سپرایەک بەکاربهێنرێ کە ماددەی کۆرتیزۆنی تێدابێت کە دژی پەنمان و سووربوونەوەیە.

6- هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان سپرا و قەترەدا بۆ کونەلووتەکان، لەبەر ئەوەی هەمان ماددەی کیمیاییان تێدایە.

7- دەتوانین سپرای یەکێک بۆ یەکێکی دیکە بەکاربهێنین لەبەرئەوەی مەترسی تووشبوون زۆر کەمە، بەڵام باشتر وایە بۆ سەلامەتیی خۆت، سەری سپرایەکە وشک و پاک بکرێتەوە، ئینجا بەکاربهێنرێتەوە.

8- هیچ سپرایەک یان قەترەیەک کە کۆرتیزۆن یان دژە هیستامینی تێدا بێت، ناتوانێت کاریگەری باش و بەسوودی هەبێت لەسەر هەڵامەت (پەسیو).

9- ئەگەر جارێک مرۆڤ تووشی ئاڵوودەیی بوو بە سپرای کونەلووتەکان، نابێت جارێکی دی بەکاری بهێنێتەوە، لەبەرئەوەی نێوپۆشی ئەو کونەلووتانەی کە گیراون وەک ئەوە نییە کە ئاو یان قەترە قەترە شلەیەکی لێ دێتە خوارەوە.

10- ئەگەر مرۆڤ سەرکەوتووانە توانی واز لە ئاڵوودەیی بهێنێ، ئەوا زۆر باشە. چونکە بەرێژەیەکی کەم زیان بە نێوپۆشی کونە لووتەکانی کەوتبێت، هەندێکجار پێویستە نەشتەرگەریی کونە لووت یان کەوی بۆ نەخۆش بکرێت یان ئەوەتا بۆ ماوەیەکی درێژ دەرمانی کۆرتیزۆن بەکاربهێنێ. نیشانەی لاوەکیی کۆرتیزۆنیش بریتییە لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و رێژەی شەکری نێو خوێن و قەڵەوی.

ئاواتەخوازین کەس تووشی ئەو نەخۆشییانە نەبێت لەبەر ئەوەی ئەو نەخۆشییانە هیچیان ئاسان نین. هەروەها هیوادارین لە کاتی کڕینی دەرمانی بێڕەچەتەدا هەموان ئامۆژگارییەکانی دەرمانخانەکان وەربگرن، دەرمانخانەکانیش بۆ قازانجێکی کاتی و شەخسی لە خۆڕا و بەبێ رەچەتەی پزیشک هەموو دەرمانێک نەدەنە کڕیارەکانیان.

*** پسپۆڕی نەخۆشییە گشتی و درمییەکان**

# 12 گروپی ئۆپۆزسیۆنی سووریا هاوک لە ئیسرائیل وەرگرتووە

**ڕووداو – هەولێر**

سەردەمانێک دایکی هانی بۆ قایلکردنی منداڵەکانی دەیگوت: "ئەگەر نانەکەتان نەخۆن، زایۆنییەکان دێن و خوێنتان دەمژن". ساڵانێک دواتر کە هانی بە گوللەی هێزەکانی ڕژێمی سووریا بریندار بوو، داوای کرد بۆ چارەسەری بیبەنە ئیسرائیل. وەک لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمریکیدا هاتووە، هانی یەکێکە لە هەزاران برینداری شەڕی نێوخۆی سووریا کە لە ئیسرائیل چارەسەری وەردەگرێ، بەڵام پەیوەندییەکانی تەلەڤیڤ و سوورییەکان تەنیا لە ئاستە مرۆییەکەدا نەبووە.

حکومەتی سووریا هیچکات دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نەناوە، هەڵگرانی پاسپۆرتی ئیسرائیلیش مافی سەردانی سووریایان نییە. سووریا لە ساڵی 1948ەوە بە ئاشکرا و ژێربەژێر دژایەتی ئیسرائیلی کردووە، بەڵام لە سەرەتای شەڕی نێوخۆی سووریاوە، ئیسرائیل سیاسەتی "دراوسێی باش"ی پەیڕەو کردووە کە لەلایەکەوە ڕێگەی گرتووە لەوەی پریشکی ئاگری شەڕی نێوخۆی سووریا ئیسرائیلیش بگرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بۆچوونێکی جیاوازی لای بەشێک لە خەڵکی سووریا بەرامبەر ئیسرائیل دروستکردووە.

هانی، کە ماوەی دوو ساڵە چارەسەری وەردەگرێ، بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ: "لە سوورییەکانی دیکەشم بیستووە کە ئیسرائیل زۆر بە باشی ئاگای لێیانە، ئەمەش بە پێچەوانەی وڵاتە عەرەبەکان". شادی مارتینی، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (هاوپەیمانیی باوەڕە جیاجیاکان بۆ پەنابەرانی سووریا)، پێیوایە "ئەمە کرانەوەیەکی بێوێنەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و سووریا، بە بڕوای من بەردەوامیش دەبێ".

لە ساڵی 2013ەوە، ئیسرائیل زیاتر لە 5000 برینداری سووری لە نەخۆشخانە گشتییەکانی وڵاتەکەیدا چارەسەر کردووە، 7000 کەسیش لە نەخۆشخانە مەیدانییەکانی ئەو وڵاتەدا چارەسەریان وەرگرتووە. لەو 12 هەزار بریندارە، زیاتر لە 2500 هەزار کەسیان لە بنکەی تەندروستیی گالیلی چارەسەرکراون، واتە ئەو نەخۆشخانەیەی هانی سەردانی دەکات. ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتی ئیسرائیل بۆ (نیوزویک)ی ئاشکرا دەکەن کە تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە 31 ملیۆن دۆلار هاریکاری مرۆیی بۆ سووریا ڕەوانە کراوە.

بەشێک لە هەوڵی حکومەتی ئیسرائیل بۆ وەرگرتنی بریندارە سوورییەکان پەیوەندی بەو پلانە بەرفراوانەوە هەیە کە حکومەتی تەلەڤیڤ بۆ گۆڕینی تێڕوانینی خەڵکی ناوچەکە بەرامبەر دەوڵەتێکی جوو هەیانە. ئەیال سێلا، پزیشکی نەشتەرگەری لە بنکەی تەندروستی گالیلی دەڵێت، خەڵکانی وەکو هانی و ئەوەی ئەوان لەبارەی ئیسرائیلەوە دەیڵێن، تێڕوانینی خەڵکانێکی زۆری گۆڕیوە، لەبەر ئەوەی ئەوان بە چاوی خۆیان دەبینن: "پزیشکی عەرەب و جوو لە نەخۆشخانەکان پێکەوە کار دەکەن، قسە دەکەن و پێدەکەنن"، جیا لەمە هەموو ڕاپۆرتە پزیشکییەکانیان بە زمانی عەرەبی بۆ دەنووسرێ نەک زمانی عیبری، بۆ ئەوەی لە سووریا کێشەیان بۆ دروست نەکەن.

لە ساڵی 2013ەوە، ئیسرائیل زیاتر لە 12 هەزار برینداری سووریی چارەسەر کردووە

بەڵام هاوکارییەکانی ئیسرائیل بۆ سوورییەکان تەنیا لە ئاستە مرۆییەکەیدا نەماوە و تاکە ئامانجیشی گۆڕینی تێڕوانینی خەڵکی ئەو وڵاتە نەبووە، بەڵکو هاوکارییەکان لەسەر ئاستی سەربازی و ئەمنیش بوون. وەکو ئێلیزابێس تسورکۆف، لێکۆڵەر لە ناوەندی کۆڕبەندی بیرکردنەوەی ناوچەیی ئیسرائیل، ئاماژەی بۆ دەکات، تەلەڤیڤ هاوکاریی 12 گروپی ئۆپۆزیسیۆنیشی لە باشووری سووریا کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی تسورکۆف، هاوکارییە سەربازییەکانی ئیسرائیل بۆ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئۆتۆمبێلی سەربازی، هاوەن و تفەنگ و چەکی مامناوەندی لەخۆدەگرت. هاوکارییەکان لە سەرەتای مانگی تەمووزی ئەمساڵ و لەدوای کەوتنی درعا وەستێنراون.

ڕاپۆرتەکەی تسورکۆف کە لە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) بڵاوکراوەتەوە، ئاشکرای


ئیسرائیل دەیەوێ لە ڕێگەی یارمەتی سەربازی و مرۆیی، تێڕوانینی سوورییەکان بەرامبەر جوو بگۆڕێ (فۆتۆ: AFP)

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی سوید..

# دژەکۆچبەرەکان پارتەکانی سوێد بە ئاگا دێننەوە

**ڕووداو– هەولێر**

هەڵبژاردنەکانی هەفتەی ڕابردووی سوید و ئەنجامەکانی ئاهێکی وەبەر پارتە کلاسیکەکاندا هێنایەوە، پاش ئەوەی تووشی ئەو داڕووخانە نەبوون کە چاوەڕێیان دەکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا نیگەرانیشی کردوون لەوەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی سوید ئاسان نابێ. پارتی ڕاستڕەو و دژە کۆچبەری ئەو وڵاتە هەرچەند سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی بەدەستنەهێنا، بەڵام توانیویەتی پێگەیەکی بەهێز لە پەرلەماندا بۆ خۆی مسۆگەر بکات و کۆمەڵێک کێشەی نوێشی لە گۆڕەپانی سیاسی سویددا زەقکردووەتەوە.

### حکومەتی داهاتووی سوید

لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی نۆی ئەیلوولدا پارتی سۆسیالدیموکراتی سوید 28.4%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و دەنگەکانی 3% لەچاو هەڵبژاردنی ڕابردوو کەمی کرد. پارتی مۆدێرات (موحافزکارەکان)یش دەنگەکانیان 3.5% دابەزی و 19.8%ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. ڕێژەی پشتگیریی دەنگدەران لە پارتی دژەکۆچبەری دیموکراتەکانی سوید 4.7% بەرزبووەتەوە و ئەو پارتە توانیویەتی 17.6%ی دەنگەکان بۆ خۆی بەرێ، لە کاتێکدا سەرکردایەتی پارتەکە چاوەڕێی 20 بۆ 25٪ی دەنگەکانیان دەکرد.

دوو بەرەی سەرەکی وڵاتەکە بە سەرۆکایەتی سۆسیالدیموکرات و مۆدێراتەکان نزیکەی 40%ی دەنگەکانیان هێناوە، هەر بۆیە هیچکام لە بەرەکان ناتوانن حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن. زۆربەی چاودێرانی سویدی پێیانوایە وڵاتەکەیان لەبەردەم سێ سیناریۆدایە بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە، لە کاتێکدا حکومەتی کەمینە لە چوار ساڵی ڕابردوودا (بە بەشداریی سۆسیالدیموکرات و سەوزەکان) کێشەی سیاسی و ئیداریی گەورەی بۆ سوید دروستکردبوو.

سیناریۆی یەکەم بە سیناریۆی ئەڵمانی ناسراوە کە تێیدا هەردوو پارتی کلاسیکی و ڕکابەری سوید (واتە سۆسیالدیموکرات و مۆدێراتەکان) و ژمارەیەک هاوپەیمانی بچووکتر حکومەت پێکدەهێنن. ئەم سیناریۆیە حکومەتێکی زۆرینەی میانڕەو بۆ سوید دەستەبەر دەکات، بەڵام دەشێ لە درێژخایەندا ئۆپۆزیسیۆن، واتە چەپە ڕادیکاڵەکان و دیموکراتەکانی سوید، بەهێزتر بکات، وەکو چۆن لە ئەڵمانیا هاوپەیمانێتی نێوان مەسیحییە دیموکراتەکان و سۆسیالدیموکراتەکان بە یەکێک لە هۆکارەکانی بەهێزبوونی پارتی ئەڵتەرناتیڤی ئەڵمانیا دەزانرێ کە پارتێکی ڕاستڕەوی دژە کۆچبەرە.

سیناریۆی دووەم بە سیناریۆی دانیمارکی ناوی دەرکردووە کە تێیدا مۆدێراتەکان و هاوپەیمانە ڕاستە میانڕەوەکانیان بەهاوکاریی دیموکراتەکانی سوید حکومەت پێکدەهێنن. ئەم سیناریۆیە ناکۆکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە نێوان هەردوو جەمسەری ڕاست و چەپی سوید قووڵتر دەکاتەوە. تاوەکو ئێستا هەموو پارتە ڕاستە میانڕەوەکان ڕایانگەیاندووە کە ئامادە نین لەگەڵ دیموکراتەکانی سوید حکومەتی هاوپەیمانی پێکبهێنن، بەڵام دوور نییە درێژەکێشانی دانوستاندنەکان هاوکێشەکان بگۆڕێ.

لەم سیناریۆیەدا پارتی دیموکراتەکانی سوید ناچار دەکرێ دەست لە بەشێک لە توخمەکانی ئەجێنداکەی هەڵبگرێ، بەتایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەندییان بە هاوکارییەکانی سوید و ناتۆ لەبواری ئاسایشی سنوورەکان هەیە، وەکو چۆن سوید ناتوانێ چاوپۆشی لە بازاڕی ئەوروپی بکات، بەڵام کاریگەریی گەورە لەسەر یاسا نێوخۆییەکانی سوید دادەنێ، بەتایبەتیش یاسا و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە کۆچبەران، پەروەردە و کولتوور.

لە سیناریۆی سێیەمدا کە بە سیناریۆی ئەمریکی ناسراوە، سۆسیالدیموکراتەکان و چەپە میانڕەوەکان هەوڵی ڕاکێشانی پارتە هەرە میانڕەوەکانی ڕاست دەدەن. وەکو چۆن دیموکراتەکانی ئەمریکا لە 2016ەوە هەوڵی ڕاکێشانی دەنگدەر و کەسایەتییە میانڕەوەکانی ناو کۆمارییەکان دەدەن. ئەم سیناریۆیە مۆدێراتەکان و دیموکراتەکانی سوید دەخاتە پەراوێزێکەوە کە لە درێژخایەندا زەمینەی دروستبوونی هاوپەیمانێتی ئۆپۆزیسیۆن بە بەشداری ئەو دوو پارتە دەڕەخسێنێ.

### دیموکراتەکانی سوید شەڕەکەی بردەوە

جیمی ئۆکێسۆن، سەرۆکی پارتی دیموکراتەکانی سوید، بەڵێنی بە هەوادارانی پارتەکەی دابوو لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەماندا ببن بە پارتی یەکەمی سوید. ئەم خەونە بەدی نەهات، بەڵام سەرکەوتنێکی لە ڕووە ئایدیۆلۆژییەکەوە بەدەستهێنا کە دەکرێ کاریگەرییەکەی لە کاتی پێکهێنانی حکومەت و ساڵانی داهاتوودا هەستی پێبکرێ. پارتی دیموکراتەکانی سوید لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەستیان بەسەر دیبەیتەکاندا گرتبوو، بە جۆرێک هەموو تەوەرە سەرەکییەکانی دیبەیتەکانی ئەمجارەی سوید ئەوانە بوون کە پارتەکەی ئۆکێسۆن دەستی لەسەر دانابوون.

ئاننا سوندستڕۆم، ئەمینداری گشتیی ناوەندی نێودەوڵەتی ئۆلۆف پالمێ، لەوبارەیەوە بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) دەڵێ: "ئەوان (واتە دیموکراتەکانی سوید) ئەو خاڵ و بابەتانەیان دیاری دەکرد کە دەبوو باس بکرێن". یەکێک لەو پرسانەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا پارتە سەرەکییەکان بە وریاییەکی زۆرەوە باسیان دەکرد پرسی کۆچبەران بوو، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا پارتی دیموکراتەکانی سوید پارتە ڕکابەرەکانی خۆی ناچار کرد بەشێوەیەکی جدیتر و ڕاشکاوانەتر باسی ئەو پرسە بکەن. تۆبیاس ئەندێرسۆن، سەرۆکی باڵی لاوانی دیموکراتەکانی سوید، پێیوایە پارتەکەی ئەو وایکردووە "خەڵک پەی بەو کێشە و سەختییانە بەرن کە تووشی سوید بوونە".

بەو پێیەش دەستکەوتی گەورەی پارتە ڕاستە توندئاژۆکە ئەوەیە پارتە میانڕەوەکانی سویدیشی ناچار کردووە بۆ پارێزگاری لە بنکە جەماوەرییەکەی خۆیان ئاماژە بەو پرسانە بکەن کە پێشتر بە پرسی "ڕاسیستەکان" ناسرابوو. مارکۆس ڤیکڵ، پەرلەمانتاری دیموکراتەکانی سوێد لە دیمانەیەکی (فۆرین پۆڵسی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەموو پارتەکان جگە لە دووانیان (واتە سەوزەکان و چەپەکان) خەریکن لە ڕوانگەی ئێمە نزیک دەبنەوە".

پارتی دیموکراتەکانی سوید وەکو زۆربەی پارتە ڕاستە توندئاژۆکانی سوید لە دوو دەیەی یەکەمی دامەزراندنیدا بەدەست قەیرانی مەشرووعییەتی کۆمەڵایەتییەوە دەیناڵاند، بۆیەش سەیر نییە کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا پارتەکە هەوڵیداوە گوتاری سیاسی خۆی نەرمتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی نەک هەر مەشروعییەتە کۆمەڵایەتییەکە بەدەست بهێنێتەوە، بەڵکو خۆی وەکو نۆرمێکی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی سوید بناسێنێ. هەر لەو چوارچێوەیەدا پارتەکە ژمارەیەکی زۆر ئەندامی خۆی دەرکرد کە گوتارەکەیان بۆنی ڕاسیزم و دژایەتی بێگانەی لێدەهات.

لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا، زۆربەی پارتەکانی سوید لەسەر ئەوە کۆک بوون کە دەبێ ژمارەی کۆچبەران لە وڵاتەکەیان کەم بکرێتەوە، نەک هەر ئەمە، حکومەتەکەی سۆسیالدیموکراتەکان لە ساڵی 2016ەوە بڕیاری داوە ڕێوشوێنی توندتر بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی کۆچبەران بەو ئاسانییەی جاران نەتوانن ڕوو لە سوید بکەن. ڤیکڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە سۆسیالدیموکراتەکانیش "خەریکن خۆیان لەگەڵ داواکانی ئێمەدا دەگونجێنن".


هیچکام لە بەرەکانی سوێد (سۆسیالدیموکرات و مۆدێراتەکان) ناتوانن حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن

(فۆتۆ: AFP)

## کەمپی زەبەلاح

# چین مێ

**ڕووداو– هەولێر**

ماوەی زیاتر لە ساڵێکە فەرخاد هیچ هەواڵێکی مەریەمی هاوژینی نازانێ، دوایینجار کە قسەیان لەگەڵ یەک کردبێ لە مانگی حوزەیرانی 2017 بوو، کاتێک مەریەم لە نامەیەکی ئینتەرنێتیدا نووسی "هیچم بۆ مەکە، مەیە بۆ چین و بە شوێنمدا مەگەڕێ". مەریەم لە ئاداری 2017 دا سەردانی شارۆچکەی ئارتوشی لە ناوچەی شینجیانگ لە باکووری ڕۆژئاوای چین کردبوو، هەر لەوێش پۆلیس دەستگیری کردبوو. ئێستا فەرخاد و سێ منداڵەکەیان بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی هەواڵێکی مەریەم دەکەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی، مەریەم، تەمەن 31 ساڵ، یەکێکە لەو یەک ملیۆن موسوڵمانە ئەویگورە چینییەی لە کەمپەکانی "پەروەردەکردنەوە"ی چین لە شینجیانگ دەستبەسەرن. ئەم کەمپانە بەشێکن لە هەڵمەتی "زەبری سەخت" کە بە گوتەی حکومەتی چین بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕیشەکێشکردنی بیری ڕادیکاڵ دامەزراون، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوای ئازادکردنی هەموو ئەو خەڵکە دەکات و حکومەتی ئەمریکاش تاوتوێی کۆمەڵێک سزا دەکات لەسەر ئەو کەسانەی لە دانان و جێبەجێکردنی بیرۆکەی ئەو کەمپانە بەشدارن.

عەبدولسەلام محەممەد، تەمەن 41 ساڵ، بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی بەریتانی باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی خوێندنەوەی ئایەتێکی قورئان دەستگیرکرابوو. پاش دوو مانگ، هێزە ئەمنییەکانی کەمپەکە داوایان لە عەبدولسەلام و 30 بەندکراوی دیکە کردبوو ئیدانەی ژیانی ڕابردووی خۆیان بکەن، ئەویش ناچار بە قسەی کردبوون، هەرچەند لە دڵی خۆیدا تووڕە بوو.

بەگوێرەی هەردوو ڕۆژنامە بەریتانی و ئەمریکییەکە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا چین سەدان کەمپی لەو جۆرەی دروستکردووە،

شەڕ زیانی 338 ملیار دۆلاری لە ژێرخانی سووریا داوە

# ئەمریکا و ئەوروپا ئەگەری هێرشی کیمیایی لە ئیدلب تاوتوێ دەکەن



بەرپرسانی کۆشکی سپی دەڵێن بەشار ئەسەد مۆڵەتی داوە لە ئۆپەراسیۆنی ئدلیبدا چەکی کیمیایی بەکاربهێنرێ (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو - هەولێر**

ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیا خەریکی تاوتوێکردنی بژارەکانی بەردەستیانن لە حاڵێکدا ئەگەر هێزەکانی ڕژێمی سووریا لەکاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگای ئدلیب، پەنایان بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی برد. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاش خەریکی ئامادەکردنی پلانێکە کە تێیدا کۆمەڵێک بژارە دەخرێتە بەردەستی کۆشکی سپی. ئەم هەوڵە دیپلۆماسی و سەربازییانە لەکاتێکدان کە هەفتەی پێشوو بەرپرسانی کۆشکی سپی گوتیان سەرۆککۆماری سووریا مۆڵەتی داوە چەکی کیمیایی لە ئۆپەراسیۆنی ئدلیبدا بەکاربهێنرێ.

بەرپرسانی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی کۆشکی سپی بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە کۆبوونەوەیەکی ئەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر هێزەکانی لایەنگری ڕژێمی سووریا دەست بۆ کۆمەڵکوژی بەرن، ئەوە هێرشێکی چڕوپڕیان دەکەنە سەر، بەڵام ترەمپ دیاری نەکردووە چ ژمارەیەک لە کوژراو بە کۆمەڵکوژی دادەنێ و جۆری هێرشەکان چۆن بێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا فەرماندەکانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی خەریکی ئامادەکردنی پلانێکن بۆ ئەوەی بژارەکانی بەردەم ئەمریکا لەکاتی شەڕی ئدلیبدا بخەنە بەردەستی ترەمپ.

ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی سەرۆکی ئەمریکا، لە گوتارێکدا لە واشنتن وێنەیەکی ڕوونتر لە کاردانەوەی ئەمریکای بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنی ئدلیب خستەڕوو کاتێک گوتی: "ئێمە لەگەڵ فەرەنسی و بەریتانییەکان لە ڕاوێژ و گفتوگۆداین، هەردوو وڵات پێیانوایە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کاردانەوەیەکی زۆر بەهێزتر لەوەی جاری پێشووی لێدەکەوێتەوە".

لە مانگی نیسانی ئەمساڵ، هەر سێ وڵاتەکە لە هێرشێکی مووشەکیی هاوبەشدا کۆمەڵێک بنکەی سەربازی و ئاسمانیی ڕژێمی سووریایان کردە ئامانج، دوای ئەوەی هێزەکانی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، بەوە تۆمەتبار کران لە هێرشەکانی دوما چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە. ساڵێک پێشتر ئەمریکا بە تەنیا بنکەی ئاسمانیی شوعەیراتی بۆردومان کرد کە بە گوتەی ئەمریکییەکان هێرشە کیمیاییەکەی سەر شارۆچکەی خان شێخۆن لەوێوە کرابوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ)ی ئەمریکی، بۆڵتن و مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ هاوتا ڕووسییەکانی خۆیان لە دانوستاندندا بوون و هەوڵیان داوە لایەنی ڕووسی قایل بکەن بەوەی نەهێڵن ڕژێمی سووریا لە ئۆپەراسیۆنەکەی ئدلیب چەکی کیمیایی بەکاربهێنێ، بەڵام لێدوانەکانی بۆڵتن سەبارەت بە هەوڵە هاوبەشەکەی ئەمریکا و ئەوروپییەکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕووسەکان وەڵامێکی دڵخۆشکەریان بە ئیدارەی ئەمریکی نەداوەتەوە.

لە دوای هێرشە کیمیاییەکەی سەر دوما، تیمی ئاسایشی نیشتمانی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن لەسەر جۆری کاردانەوەکەیان کۆک بوون، بەڵام لەسەر قەبارە و ئامانجی هێرشە مووشەکییەکان هاوڕا نەبوون، بەرپرسانی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی جەختیان لە لێدانی بنکە سەربازییەکانی ئێران و ڕووسیا لە سووریا دەکردەوە، بەڵام پێنتاگۆن و بەتایبەتی جەمیز ماتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، سوور بوون لەسەر ئەوەی هێرشەکان دەبێ تەنیا بنکە سەربازی و کیمیاییەکانی ڕژێم بکاتە ئامانج.

فەرەنسا بەشێوەی پێشوەخت هۆشداری بە حکومەتی سووریا داوە کە کاردانەوەی توندی دەبێ ئەگەر هێزەکانی لایەنگری ئەسەد چەکی کیمیایی بەکاربهێنن، نوێنەرێکی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لەمبارەیەوە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی گوت: "فەرەنسا هێڵە سوورەکەی خۆی لەدژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەپارێزێ و ئەگەر بۆمان بسەلمێت کە ئەم جۆرە چەکە کوشندانە بەکارهێنراوە، ئەوە ئامادەین کاردانەوەی توندمان هەبێ".

هەفتەی ڕابردوو، ئەلیستەر بێرت، وەزیری حکومەتی بەریتانیا بۆ کاروبار ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە لەندەن، پاریس و واشنتن پەیامی زۆر ڕوونی خۆیان بۆ هاوپەیمانەکانی ئەسەد ناردووە و "کاردانەوەی خێرا و گونجاو"یان دەبێ ئەگەر ڕژێمی ئەسەد جارێکی دەست بۆ بەکارهێنانی "چەکی قێزەوەنی کیمیایی بەرێ".

ترەمپ لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسان و فەرماندەکانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکادا جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەبێ بژارەی سەربازیش لە پاڵ بژارە دیپلۆماتیکەکان بەردەست بن، بەڵام بەرپرسانی پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ژێر بە ژێر جەخت لەسەر بژارە دیپلۆماتیکەکان دەکەنەوە.

هەر چەشنە هێرشێکی مووشەکی فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمریکا بۆ سەر سووریا هاوشێوەی دوو هێرشەکەی دیکە سنووردار و سیمبۆلیک دەبن، لەبەر ئەوەی ئەم هێرشانە پێویستیان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕووسیا هەیە. هەر سێ وڵاتە هاوپەیمانەکە دەزانن لێدان لە بنکە و دامەزراوە سەربازییەکانی ڕووسیا لە سووریا کاردانەوەی توندی مۆسکۆی بەدواوە دەبێ و دۆخی ناوچەکە لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر دەکات.

لەلایەکی دیکەوە کۆشکی سپی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا گڵۆپی سەوزی بۆ مانەوەی هێزەکانیان لە سووریا بۆ ماوەیەکی "نادیار" داگیرساندووە. مانەوەی ئەو هێزانە لە سووریا و پاراستنی گیانیان وەها دەخوازێ ئەمریکییەکان خۆیان لە ئەگەری پێکدادان لەگەڵ ڕووسەکان بپارێزن. ئەمریکا نزیکەی 2000 سەرباز و ڕاوێژکاری لە سووریا هەیە کە بەشی زۆریان لە ڕۆژهەڵاتی و باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا جێگیرن.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە ئەمری واقیعی مانەوەی ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات ڕازی بوون، هەر بۆیەش ئەولەوییەتی ئەو هێزانە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە لادانی ئەسەدەوە بۆ تێکشکاندنی داعش و کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران گۆڕاوە، لەم سۆنگەیەشەوە یەکجار ئەستەمە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی هیچ دەستتێوەردانێکی سەربازی بەرفراوان لە ئدلیب بکەن، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنی ئدلیب، شەڕی نێوخۆی سووریاش بە کردەوە کۆتایی دێ و قۆناغی دانوستاندنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەبارەی داهاتووی سیاسی و ئیداری سووریا دەستپێدەکات.

## ...ـاریيان

دەکات ئیسرائیل مانگانە 75 دۆلار مووچەی بە هەرکام لە چەکدارانی ئەو 12 گروپە داوە، جیا لەوەش پارەی داونەتێ بۆ کڕینی چەک لە بازاڕی ڕەشی سووریا.

یەکێک لەو گروپانە فورسان ئەلجۆلان بووە، چەکدارێکی ئەو گروپە بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە، ئەوان و گروپەکانی دیکە چاوەڕێیان دەکرد ئیسرائیلییەکان لەکاتی هێرشی سەر درعا یارمەتییان بدەن، بەڵام ئیسرائیل پێچەوانەی پێشبینییەکانی ئەوان جووڵایەوە. چەکدارێکی فورسان ئەلجۆلان لەوبارەوە دەڵێ: "ئیسرائیل وانەیەکی پێداین کە نابێ لەبیری بکەین، ئەوان خەمی خەڵکیان نییە، بەڵکو تەنیا خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە".

فورسان ئەلجۆلان نزیکترین گروپ بووە لە ئیسرائیل و بەهۆی هاریکارییە دارایی و سەربازییەکانی تەلەڤیف سەدان چەکداری لە گروپەکانی دیکە بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، هەر ئەو گروپەش ئەرکی دابەشکردنی چەک و هاوکارییە سەربازییەکانی بەسەر گروپەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە ئەستۆ بووە.

ژمارەیەک لە فەرماندەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەو ناوچەیە بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەیان ڕاگەیاندووە کە جاروبار بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ بەرپرسانی ئیسرائیلدا کردووە و هەندێکجاریش بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو لە ناوچەکانی نزیک جۆلان لەگەڵ بەرپرسانی ئیسرائیل کۆبوونەتەوە.

ئەو پرۆگرامەی ئیسرائیل دوو ئامانجی سەرەکیی لە پشت بووە، یەکەمیان بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە سنوورەکانی باشووری سووریا و دووەمیشیان ڕێگەگرتن لەوەی داعش بگاتە سنوورەکانی نێوان سووریا و ئیسرائیل. ئەو پرۆگرامە سەربازی و ئەمنییەش هاوکات لەگەڵ پرۆگرامە مرۆیی و دەرمانییەکان دەستی پێکردووە.

بەدرێژایی یەکساڵی ڕابردوو، حکومەتی ئیسرائیل لە هەوڵی دیپلۆماتیکدا بووە بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێ ڕووسیا و ئەمریکا قایلبکات بەهۆی ڕێککەوتنێکی فرەلایەنەوە ڕێگە لە هێرشەکانی سەر هەردوو پارێزگای درعا و قونەیترە لە باشووری سووریا بگرێ. ئەو هەوڵانە شکستیان هێنا، بەڵام ڕووسەکان بەڵێنیان بە ئیسرائیلییەکان دابوو ڕێگە نەدەن ئێرانییەکان و میلیشیاکانیان لە 80 کیلۆمەتر زیاتر لە بەرزاییەکانی جۆلان نزیک ببنەوە. هەر ئەم بەڵێنەش بەس بوو بۆ ئەوەی ئیسرائیل هاوکارییەکانی خۆی بۆ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی باشووری سووریا بوەستێنێ.

سەرۆک هۆزێک بەناوی ئەبوو خالد لە ڕۆژئاوای درعا بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە "بڕوام پێبکەن ئیسرائیل لەو بێدەنگییەی خۆی بەرامبەر ڕووداوەکانی باشووری سووریا پەشیمان دەبێتەوە. ئێمە لە شار و شارۆچکەکانی خۆمان لەگەڵ ڕژێم پێکدێین، بەڵام ئەم پێکهاتن و ئاشتەواییەی ئێمە و ڕژێم لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریگەری لەسەر ئیسرائیل دەبێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هێزەکانی ڕژێم، ژمارەیەک لە فەرماندەکانی ئۆپۆزیسیۆن پەیوەندییان بە لایەنە ئیسرائیلییەکانەوە کردبوو و داوای مافی پەنابەرێتییان لە حکومەتی ئەو وڵاتە کردبوو، ئیسرائیل لە شەوی 22ی تەمووزدا، سنوورەکانی خۆی بەڕووی ژمارەیەکی کەم لە فەرماندەکان و خێزانەکانیان کردبووەوە و ئەوانی دیکەی پشتگوێ خستبوو.

ڕاپۆرتەکەی (نیوزویک) لەسەر زاری خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵکی باشووری سووریا هەستێکی ناڕوونیان بەرامبەر ئیسرائیل هەیە، هەندێکیان هەست بە خیانەت دەکەن، هەندێکیشیان پێیانوایە ناکرێ هاوکارییە مرۆیی و دەرمانییەکانی ئیسرائیل لەبیر بکەن، هەرچەندە پرۆگرامەکە وەستێنراوە.

## ...ـی پەروەردەی بۆکردوونەتەوە

# ...ـشکی یەک ملیۆن موسوڵمان دەشواتەوە

ڕەخنەگرانی پرۆگرامەکە پێیانوایە ئەو کەمپانە بۆ شۆردنەوەی مێشکی بەندکراوە موسوڵمانەکان دانراون. شایەتحاڵان ئاشکرای دەکەن کە لەو کەمپانەدا، بەندکراوەکان ناچار دەکرێن گوێ لە وانەکان بگرن، سروودی ستایشی پارتی کۆمۆنیستی چینی بڵێنەوە و وتاری "ڕەخنەئامێز" لەبارەی خۆیانەوە بنووسن.

عەبدولسەلام بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "ئەو شوێنە هی ئەوە نییە تێیدا بیری توندئاژۆیی ڕیشەکێش بکەیت، بەڵکو شوێنێکە بۆ چاندنی هەستی ڕق و تۆڵە و ناسنامەی ئەویگورەکان دەسڕێتەوە".

لە 10 ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک خۆپیشاندان و هێرش لە ناوچەی شینجیانگ لەدژی حکومەتی چین و پارتی دەسەڵاتدار ڕوویانداوە و لە ساڵی 2014 گەیشتە لوتکە. شی جینپینگ، سەرۆکی پارت و سەرۆککۆماری چین، داوای کرد دەست بە هەڵمەتێکی چڕوپڕ بکرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی کەمینە موسوڵمانەکەی چین. حکومەتی چین ڕەتیدەکاتەوە هیچ چەشنە "دەستگیرکردنێکی هەڕەمەکی" یان "ناوەندی پەروەردەکردن" لە چین هەبێ.

بەڵام لێدوانی بەندکراوەکان، شایەتحاڵان و خزم و کەسی بەندکراوەکان بۆ (تایمز) و (گاردیەن) ئاماژەن بۆ ئەوەی کەمپی لەو جۆرە هەن و ڕێوشوێنی یەکجار سەختیش لەدژی بەندکراوەکان دەگیرێتەبەر.

گولی، تەمەن 23 ساڵ، لە حوزەیرانی 2018 لەلایەن پۆلیسی ئورومچی، پایتەختی هەرێمی شینجیانگ، دەستگیرکرا و بە تۆمەتی نەبوونی ناسنامە بڕیاری مانەوە لە یەکێک لە کەمپەکان بۆ ماوەی 15 ڕۆژی بۆ دەرچوو. گولی کە بۆ (گاردیەن) دواوە باسی ئەمبارێکی درێژ دەکات کە تێیدا 230 ئافرەت دەستبەسەر بوون و دەبووایە ڕۆژانە دوو کاژێر سروودە نیشتمانییەکان بڵێنەوە، 10 خاڵی یاسای دیسیپلینی چین لەبەر بکەن و لە کۆمەڵێک دانیشتندا خۆیان ڕەخنە لە بۆچوونەکانی پێشتری خۆیان بگرن.

شەوان ئافرەتەکان خۆیان دەبووایە پاسەوانی بکەن بۆ ئەوەی هیچ ئافرەتێک دەموچاوی خۆی دانەپۆشێ یان پشت لە کامێراکانی چاودێری نەکات. گولی پاش هەشت ڕۆژ دیپۆرتی کازاخستان کرابووەوە، بەڵام بیریەتی ئافرەتێک بۆ ماوەی چوار ڕۆژ دەستەکان و پێیەکانی بە زنجیر پێکەوە بەسترابوونەوە.

ڕۆژە دوور و درێژەکانی کەمپ بە ڕاکردن بە دەوری حەوشەی کەمپەکە و ڕاهێنانی جەستەیی دەستیان پێدەکرد. بە گوتەی عەبدولسەلام، ئەگەر کەسێک لەکاتی ڕاکردنەکە دواکەوتبا زللە یان پاڵێکی توندی پاسەوانەکانی بەردەکەوت. پاشان سرودە نیشتمانییەکان دەستیان پێدەکرد، لەوانەش "بێ پارتی کۆمۆنیست، چینی نوێ نەدەبوو". ئەگەر کەسێک نەیتوانیبا وشەکان لەبەر بکات نانی بەیانی پێنەدەدرا.

حکومەتی هەرێمی شینجیانگ لە ساڵی 2017دا یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی ڕادیکاڵیزمی دەرکرد، دوای ئەمەش کۆمەڵێک ڕێنمایی بۆ دامەزراندنی کەمپەکانی دەستبەسەری دەرچوون. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، هەندێک لە کەمپەکان بۆ ئەو کەسانە دروستکراون کە ڕێگەیان پێدەدرێ شەوانە بچنەوە لای ماڵ و منداڵی خۆیان، هەندێکیشیان بۆ ئەو ئەو گیراوانەن کە بە بەردەوامی لە کەمپەکان دەمێننەوە.

1.5%ی دانیشتووانی چین لە هەرێمی شینجیانگ دەژین، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتی گروپی بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤی چیندا هاتووە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 21٪ی حاڵەتەکانی دەستگیرکردنی چین لەو هەرێمە بوون، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لە کۆی ئەو کەسانەی لە نێوان 2013 بۆ 2017 دەستگیرکراون، 70٪ی حاڵەتەکان لە ساڵی 2017دا بوون. ئەم ژمارانەی گروپە چینییەکە خەڵکانی ناو کەمپی "پەروەردەکردنەوە" ناگرێتەوە.

لە یەکێک لە ڕێنماییەکاندا باس لە 75 نیشانەی "توندئاژۆیی ئاینی" دەکرێ، کە لە مادەی ژمارە 10یدا ئاماژە بە وازهێنانی کتوپڕی کەسەکە لە خواردنەوەی مەشرووب و جگەرەکێشان و وازهێنان لە هاوڕێ و کەسوکار و دایک و باوکی جگەخۆر یان مەشرووبخۆر دەکرێ، لە مادەی 29 باس لە پۆشینی جلوبەرگێک دەکرێ کە "مانگ" یان "ئاڵای تورکستان"ی پێوەبێ.

هەڵمەتەکەی حکومەتی چین تەنیا بە کردنەوەی کەمپەکانی "پەروەردەکردنەوە" نەوەستاوە، بەڵکو پرۆگرامێکی بەرفراوانی چاودێری و سیخوڕیش لەسەر خەڵکی ناوچەکە دانراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)، ساڵی ڕابردوو حکومەتی پەکین نزیک 7.5 ملیار دۆلاری بۆ پۆلیس، دادگاکان و هێزی ئەمنی شینجیانگ تەرخانکرد، ئەمەش دوو بەرامبەری بودجەی 2016 بۆ هەمان مەبەست بووە.

بەڵام سیاسەتی نوێی حکومەتی چین دووبەرەکی لەناو کۆمەڵگای ئۆیغورەکان و کازاخەکانی چیندا دروستکردووە. زۆرینەی پۆلیس و ستافی ئەمنی هەرێمەکە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن، جیا لەمەش خەڵکانێکی زۆر ڕاپۆرت لەسەر خزم و کەسوکاری خۆیان دەنووسن و ڕادەستی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانیان دەکەن.

ئافرەتێکی دیکە بەناوی گول لە دیمانەیەکی (تایمز)دا باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی پۆشینی لەچک، خوێندنەوەی کتێبی ئایینی و مێژووی ئۆیغور خرابووە ژێر چاودێری سەختەوە، بە جۆرێک کامێرای چاودێری لەبەر دەرگای ماڵەکەی و لە ژووری دانیشتنەکەیان دانرابوو. گولیش ماوەیەکی لە کەمپی "پەروەردەکردنەوە" بەسەر بردووە، دوای ئازادبوونی بڕیاریدا چین جێبهێڵێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، گول پاش جێهێشتنی چین نامەیەکی بۆ براکەی ناردبوو بۆ ئەوەی لە بارودۆخیان ئاگادار بێتەوە، براکەی بە ئایکۆنێکی گریان وەڵامی دایەوە، پاش ماوەیەک دایکی گول نامەیەکی بۆ کچەکەی نارد کە تێیدا هاتبوو: "تکایە پەیوەندیمان پێوە مەکەوە، ئێمە خۆمان لە کێشە داین".



بەندکراوەکان ناچار دەکرێن سروودی ستایشی پارتی کۆمۆنیستی چینی بڵێنەوە و ڕەخنە لە خۆیان بگرن



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دیدێکی راشکاوانە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار

> ئەگەر لە هەردوو دەرفەتەکەی پێشووتر یەکێتی غەدریان لە دکتۆر بەرهەم کردبێ، ئەمجارە ئەو غەدر لە کورد و لە یەکێتی و لە خۆشی دەکات، ئەگەر ئامادە نەبێت ببێتەوە یەکێتی

لەدوای کەوتنی سەدام، لەلایەک بەهۆی ئامۆژگاریی ئەمریکییەکان بۆئەوەی سیستەمێک دابرێژن کە جۆرێک لە هاوبەشیی پێکهاتە عێراقییەکان تێیدا رەنگبداتەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی کە پێشتر لە سەردەمی سەدام حوسێندا، هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆککۆماردا بوو، ئەو تێڕوانینە زاڵ بوو کە دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار کەمبکرێنەوە و جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان هەر سێ دەسەڵاتەکە (سەرۆکایەتیی کۆمار، سەرۆکایەتیی پەرلەمان، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران) دروست بکرێت، بەڵام ئەم پرەنسیپە لە واقیعدا پێچەوانە کرایەوە. دەستە و پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار کرایە پۆستێکی نیمچە تەشریفاتی و زۆرینەی دەسەڵاتەکان گواسترانەوە بۆ سەرۆکوەزیران.

ئەمەش بەشێکی بەهۆی ئەوەوە بوو کە دوای ئەوەی لەنێوان یەکێتیی و پارتی جۆرێک لە رێککەوتن و لێکتێگەیشتن دروستبوو بەوەی مام جەلال ببێتە سەرۆک کۆمار و کاک مەسعود ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. لە نووسینەوەی دەستووردا بەهۆی لێکەوتەی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و بەدیاریکراویش کێشەکانی نێو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانەوە، پۆستەکە بەو ئاراستەیە برا کە زیاتر دەسەڵاتەکانی رووکەش بن. هەروەها شیعەکانیش خوازیاری ئەوەبوون رێگەیەک بدۆزنەوە کە بیانکات بە دەسەڵاتداری فیعلی، بۆیە زوو ئەوەیان قۆستەوە و دەسەڵاتەکانیان لە دەستووردا بەو جۆرە دارشت کە لە دوورمەودادا زەمینەی حوکمی شیعە زامن بکات.

سەرباری ئەوەی لە دەستووردا دەسەڵاتەکان بەو جۆرە رێکخران، بەڵام لەبەر دوو هۆکار ئەمە بە راستەوخۆ لەسەر ئەرزی واقیع دەرنەکەوت. لەلایەک بەهۆی ئامادەیی ئەمریکا لە عێراق و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پێگە و تواناکانی مام جەلالەوە لەو پۆستە، دیمەنەکە بەجۆرێکی دیکە رەنگیدایەوە. هەریەک لە پێکهاتەکان ئەو هەستەیان لا دروست بوو بوو کە بەشداری راستەقینەن لە دەسەڵات و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هاوبەشن. ناهاوسەنگیی دەسەڵاتەکان و زاڵبوونی هەژموونی شیعە بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە دوای ئەوە دەرکەوت و رەنگی دایەوە کە لە کۆتاییەکانی 2011 ئەمریکا پابەندی کشانەوە بوو لە عێراق و کۆتایی ساڵی 2012 مام جەلال بەهۆی نەخۆشکەوتنییەوە لە پرۆسەی سیاسی دابرا. ئیدی عێراق بووە گۆرەپانێکی کراوە بۆ تەراتێنی ئێران و بۆ زاڵبوونی هەژموونی شیعە بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا.

یەکێتی رۆڵی لەوەدا زۆربوو کە هاوکێشەکانی عێراق بەو جۆرەی لێبێت پرەنسیپی سازان و هاوبەشی فەرامۆش بکرێت و شیعە حوکمی تاکرەوانەی عێراق بکات. چونکە ئەوکاتەی مام جەلال نەخۆش کەوت، هێشتا زەمینەی واقیعی، بۆ حوکمی تاکلایەنەی شیعە نەرەخسابوو، بگرە بەهۆی دابرانی مام جەلالەوە ئەو زەمینەیە رەخسا کە پێکهاتەکانی دیکە فەرامۆش بکرێن. ئەگەر یەکێتی بە زوویی کەسێکی گونجاوی بۆ شوێنی مام جەلال دیاریبکردایە، رەنگە تا ساڵانێکی زۆر دوورتر سیمای حوکمرانی عێراق رەنگدانەوەی هاوبەشی پێکهاتەکانی پێوە دیار بووایە. ئەو دوو ساڵە بەچۆڵی هێشتنەوەی پۆستی سەرۆککۆمار، خزمەتێکی گەورەی بە پرۆسەی تەشەیوعی حوکمڕانی شیعە کرد.

بەڵام لەساڵی 2014 بەهۆی پەیدابوونی داعش و شکستی سەربازیی و سیاسیی حوکمی شیعەوە، دەرفەتێکی دیکە دروستبوو کە کورد بەهۆی پۆستی سەرۆککۆمارەوە، وێنای عێراق بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکانی دوای کەوتنی سەدام، بەڵام کورد پێچەوانەی ئەمەیکرد. جارێکی دیکە ئاوی کردە ئاشی زاڵبوونی هەژموونی شیعەوە و پێگەی خۆی و سوننەشی بە ئەندازەیەک لاوازکرد کە تەنیا وەک رووپۆش و ماکیاجی پرۆسەی سیاسی پێویستیان بە بەشدارییان بێت لە حوکمڕانی عێراقدا. رۆڵ و پێگەی سەرۆککۆمار و سەرۆکی پەرلەمان وەک نمایندەی کورد و سوننە لە چوار ساڵی رابردوودا شایەتی ئەو راستییەن. هەروەها رووداوەکانی خورماتوو و کەرکووک، ئەوەی دەرخست کە شیعە تا چ ئاستێک کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کردووە.

ئێستا بەهۆی ناتەبایی نێو ماڵی شیعەوە، هەروەها بەهۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئەو پێشهاتانەی چاوەڕوان دەکرێن بەهۆی لێکەوتەکانی گەمارۆی ئەمریکا لەسەر ئێران، لە ناوچەکە رووبدەن، جارێکی دیکە دەرفەت بۆ کورد رەخساوەتەوە عێراق لێرەدا رابگرێت. پرسیار ئەوەیە کورد چی دەکات، ئایا وەک ئەو دوو دەرفەتەی رابردوو بەجۆرێک مامەڵە دەکات ئاو بکاتە ئاشی نەیارەکانی، یان ئەمجارە رێگەیەک دەگرێتەبەر کە کورد هەست بەوە بکات لە بەغدا بوونی هەیە؟

ساڵی 2012 لە نەخۆشکەوتنی مام جەلال و ساڵی 2014 لە دانانی سەرۆکێک لە شوێنی مام جەلال، یەکێتیی چانسی ئەوەی هەبوو کارەکتەری وەک دکتۆر بەرهەم بۆ شوێنی مام جەلال دیارییکات کە نەیانکرد، زوڵمیان لە کورد و لە یەکێتیی و لە دکتۆر بەرهەمیش کرد. بۆ ئێستاش لەناو هەموو ئەو ناوانەی کە باس دەکرێن بۆ سەرۆککۆمار، دکتۆر بەرهەم لە هەموویان گونجاوتر و شیاوترە بۆ ئەو پۆستە، بەڵام ئەو رێکارانەی بۆ دیاریکردنی کارەکتەری پێویست دەگیرێنەبەر بەجۆرێکە ئەو مافە دەکاتە موڵکی حیزبە براوەکان و بە ئیستحقاقی هەڵبژاردن پڕدەکرێتەوە نەک لەسەر بنەمای شایستەیی و کەسی لێوەشاوەی ناو کۆمەڵگا. پارتی و یەکێتیی وەک براوەی هەڵبژاردن ئەو پۆستە پڕ دەکەنەوە. هەر یەک لەم دوو حیزبەش دەیان ناویان هەیە کە دەتوانن بۆ ئەو پۆستە کاندیدی بکەن. هەرچەندە دکتۆر بەرهەم لەهەموو ئەو ناوانەی دیکە بۆ ئەمڕۆی کورد، پێویستترە.

کەواتە دەبێ یەکێک لەم دوو حیزبە ئامادەبێت بەرهەم ساڵح بکات بە کاندیدی خۆی. مەعلومە پارتی ئەوە ناکات، یەکێتیش لە کاتێکدا جێگری سکرتێری گشتی حیزبەکەی بووە بە پاساوی ئەوەی لە هەڵبژاردن کاری بۆ یەکێتی نەکردووە لە دوو دەرفەتەکەی دیکە رێگەیان پێی نەدا، ئەی ئێستا کە ئەو لە دەرەوەی یەکێتییە و سەنگەری لێگرتوون و لە دوای هەڵبژاردن زۆر ئازاریشی داون، ئایا چاوەڕوان دەکرێت یەکێتی کاندیدی بکات؟ دیارە گرێی بەختی کورد کراوەتەوە و ئێستا قسەوباسێکی گەرم لەناوەندەکانی بڕیاری یەکێتی و تەنانەت لەناو ماڵباتی تاڵەبانیش هەیە بۆ ئەوەی دکتۆر بەرهەم بکرێتە کاندیدی یەکێتی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە. بەتایبەتیش خەریکە لێکگەیشتنی ئەوە لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست دەبێت ئەو پۆستە بە کاندیدی یەکێتی بدرێت.

ئەوانەی لەناو یەکێتیی ئەو مەیلەیان هەیە بەرهەم ساڵح بکرێتە سەرۆککۆمار، گرفتی ئەوەیان لە پێشە چۆن ئەمە بکەن لەکاتێکدا ئەو لە دەرەوەی یەکێتییە؟ دەگوترێت بۆ ئەمە نەیارەکانی مەرجی ئەوەیان هەیە بەرهەم ساڵح بگەڕێتەوە ناو یەکێتی و یەکێتی ئامادەیە بیکات بە کاندیدی خۆی. ئەگەر لە هەردوو دەرفەتەکەی پێشووتر یەکێتی غەدریان لە دکتۆر بەرهەم کردبێ، ئەمجارە ئەو غەدر لە کورد و لە یەکێتی و لە خۆشی دەکات، ئەگەر ئامادە نەبێت ببێتەوە بە یەکێتی. قسەی ئەوانەش لەسەر دۆستەکانی زاڵ دەکات کە دەڵێن ئەو ئامادە نەبێت یەکێتی بێت، بۆچی یەکێتی ئامادەبێت ئەو پۆستەی بداتێ لەکاتێکدا بەهۆی بەخشینی ئەو پۆستەوە دەبێت دەستبەرداری چەند پۆستێکیش بێ بۆ پارتی.



زریان رۆژهەلاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# کۆدی قۆناخێکی تازە: پێکدادانی کورد - ئێران!

> ئێران لەڕێی لێدانی کورد و لاوازکردنی و تەنانەت هەوڵدان بۆ دووبارەکردنەوەی سیناریۆی دەرکردنی موجاهیدین، دەیەوێت رێ لەوە بگرێت کە کوردەکان بە پاڵپشتی دەرەوە، شەڕێکی چەکداری گریمانەیی دژی ئێران دەستپێبکەنەوە

دوای زیاتر لە دوو دەیە، گۆمە مەنگەکەی مەیدانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو شڵەقان دەچێت. رەنگە پێکدادانی کورد–ئێران، کۆدی ئەو قۆناخە تازەیە بێت کە بۆ تاران و ناوچەکە دەستیپێکردووە.

ئێستا ئیدی پێویست ناکات شارەزاییەکی زۆرت هەبێت هەتا بزانی گۆڕانێک لە ئێران بەڕێوەیە. گوشاری دەرەکی، کێشەی ناوخۆیی و دۆخی نالەباری ئابووری و ناکۆکیی بەرپرسانی دەوڵەت، رێگایان بۆ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت کردەوە. لە ئێرانیش ئەو سێ فاکتۆرە هەیە، بەڵام هێشتا روون نییە کە ئایا تووشی هەمان چارەنووسی یەکێتی سۆڤیەت دەبێت یان نا؟ رەنگە بەرپرسانی تاران لە خولەکی کۆتاییدا رێگەی دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا بگرنەبەر و بەوجۆرەش مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن یان لەڕێگەی رووبەڕووبوونەوەی زیاتری وەک تەهدیدی بازاڕی نەوت، تێکدانی ئەمنی ناوچە پەراوێزییەکان، هەوڵی مانەوەی زیاتری خۆیان بدەن. ئەگەر لەم دەلاقەیەوە سەیر بکەین، دەتوانین بڵێین کە رەنگە پێکدادان لەگەڵ کورد، کۆدی قۆناخێکی تازە بێت، چونکە: ئێرانییەکان بۆ داپۆشینی کێشە ناوخۆییەکان و گلێرکردنەوەی ناوەند، پێویستیان بە زەقکردنەوەی پرسی کورد هەیە و دەشێ نەیارانی ئێرانیش وەک فاکتەرێکی گرنگ بۆ لاوازکردنی تاران تەماشای کورد بکەن.

## ئێران و پێکدادان لەگەڵ کورد

ئەگەر واز لە مێژووی دوورتر بێنین، لەدوای گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە ئێرانییەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا و زیاتر لەجاران، رێگەی بەریەککەوتنیان لەگەڵ کورد لە ناوچەکە گرتەبەر. دەشێ هەندێک فاکتەری وەک ناکۆکی و ململانێی ئەتنی لەو سیاسەتەی ئێراندا رۆڵیان هەبووبێت. بۆ نموونە حوسێن باقری، سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران، عەلی شەمخانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و حەسەن دانایی فەر، کە لە رووخسارە دیارەکانی بەرەنگاربوونەوەی گشتپرسیی هەرێمی کوردستان بوون، یان ئازەرین یان عەرەبن کە کێشەی ئەرزی و ناسنامەییان لەگەڵ کورد زیاترە!

لەم قۆناخە تازەیەشدا کە کۆیە مووشەکباران کرا، هەرئەو کەسانە لە پۆستە گرنگە ئەمنی و سیاسییەکانی ئێراندان. جێی خۆیەتی ئەوەشمان بیربکەوێتەوە کە کاتی خۆی حوسێن باقری یەکێک بوو لە ئەندازیارانی هێرشەکەی ساڵی 1996ی ئێران بۆ سەر کۆیە! حەسەن دانایی فەر، باڵیۆزی پێشوی ئێران کە لەگەڵ عەلی شەمخانی بە رەچەڵەک عەرەبن، رۆڵێکی کارای لە دەرکردنی موجاهیدنی خەڵق لە عێراق گێڕا. عەلی شەمخانی لە سیاسەتی ئێران بۆ هاتنە پێشەوە لە سنوورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014دا، دەوری کاریگەری هەبوو.

بەڵام جگە لەوە، درکی بەرپرسانی تاران لە پرسی مانەوەی رژێمی سیاسی وایکردووە تا لەم قۆناخە تازەیەدا پێکدادان لەگەڵ کورد بە پێویست بزانن. ئەوان سەربەخۆیی گریمانەیی هەرێمی کوردستانیان بە تەهدیدێکی راستەوخۆ لەسەر مانەوەی رژێمی سیاسیی ئێران هەژمارکرد. بۆیە خۆیان لەگەڵ بەغدا و تورکیا یەکانگیرکرد هەتا دژی راوەستن. ئێستاش کە ترەمپ لە ئێرانی گیرکردووە و لەڕێی گەمارۆکانەوە دۆخێکی سەختی بۆ تاران خوڵقاندووە، پێکدادان لەگەڵ کورد سوودی بۆ ئێران هەیە، چونکە:

لەڕێی گەورەکردنەوەی قەبارەی "هەڕەشەی کورد" دەیانەوێت یەکانگیرییەکی گشتی لە ناوەندی ئێران دروستبکەن. لەڕێی زەقکردنەوەی ئەو باسانەی کە "ئەوە کوردەکان خەریکن ئێران دابەشدەکەن" دەیانەوێت کێشە ئابووری و سیاسییەکانی دیکە لەبیری خەڵکی ببەنەوە! ئەمە هۆکارێکی گرنگی لەسێدارەدانەکان و ئەو هێرشە مووشەکییانە بوو کە لە رۆژانی رابردوودا کرایە سەر کۆیە. ئەگینا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە هەندێ چالاکیی سنووورداری پرۆپاگەندەی چەکداری، بە کردەوە شەڕیان لەدژی ئێران دەستپێنەکردووەتەوە تا سوپا تینی بۆ بێت و مووشەکبارانیان بکات! جگە لەو پەیامە مووشەکییەی کە بە نەیارەکانی دا، کە ناڕۆکەکەی ئەوە بوو: "دەتوانم ئاسایشی ناوچەکە تێکبدەم"، ئێران لەڕێی لێدانی کورد و لاوازکردنی و تەنانەت هەوڵدان بۆ دووبارەکردنەوەی سیناریۆی دەرکردنی موجاهیدین، دەیەوێت رێ لەوە بگرێت کە کوردەکان بە پاڵپشتی دەرەوە، شەڕێکی چەکداری گریمانەیی دژی ئێران دەستپێبکەنەوە.

## هەڵوێستی کورد

بەشێوەیەکی گشتی، چوار ساڵی رابردوو بۆ کورد ساڵی نەهات بوون. لەلایەک دنیا وەک پاڵەوانەکانی جەنگی داعش پەسنی کوردی دەدا و بە پەڕو باڵیدا دەهاتەوە، لەلایەکی دیکەش دەیکردە قۆچی قوربانیی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی!

کارەساتەکەی کۆیە و لە سێدارەدرانی سێ لاوی کورد، ئەڵقەیەکی دیکەی زنجیرەیەک کارەساتی ناخهەژێنی وەک شەنگال و کەرکووک وعەفرین بوون کە لەماوەی چوارساڵی رابردوودا بەسەر گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی ئەم ناوچەیەدا بێت.

هەڵبەت مووشەکبارانەکەی کۆیە چەندەی زەربەیەکی گورجکبڕ بێت، مانگرتنە واتادارەکەی خەڵکی رۆژهەڵات و خەمخۆریی و پشتیوانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەستانەوەیەکی شکۆمەندانە بوو.

لە شارە گەورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک سنە و کرماشان (کە ئەمەیان واتادارە) مانگرتن کرا و پێچەوانەی ئەوەی کە گوتاری رەسمی دەوڵەت لە ئێران بانگەشەی "هەڵوەشاوە" بوون بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکات و پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک لە حیزبە کوردستانییەکان، هێزەکانی رۆژهەڵات بە هێزی کلاسیکی بێ جەماوەر ناودەبەن، خەڵک ئەو پەیامەی دا کە هێشتا خاوەندارییی لە حیزبەکان و رۆڵەکانی خۆی دەکات. بێشک ئێرانیش پەنا بۆ سەرکوتکردنی ئەو خەڵک دەبات، بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا زەحمەتە تەنها بە سەرکوتکردن بتوانێت رێ لەو هێزە جەماوەرییە گەورەیە بگرێت. دۆخی خراپی ئابووریش، وەک کاتالیزۆرێک، رۆڵی لە بەرهەمهێنانەوەی نارەزاییە سیاسییەکاندا دەبێت و ئەمەش بەستێنێکی باش بۆ بووژاندنەوەی جووڵانەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵات دروستدەکات.

هەڵبەت هێشتا دیارنییە کە ئەحزابی کوردی رۆژهەڵات بە تەمای چین. ئایا دوای هێرشەکەی کۆیە، 1968ێکی دیکە دووبارە دەکەنەوە و قۆناخێکی نوێ دەستپێدەکەن کە ئەمە بە قەڵا و بارەگای جێگیر ناکرێت، یان هاوشێوەی 1996، سەردەمێکی دیکەی بێدەنگیی سیاسی و سەربازی هەڵدەبژێرن؟!



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# پلانی B ی بەرهەم ساڵح چییە؟

1

لەماوەی رابردوودا، دکتۆر بەرهەم ساڵح، سەرۆکی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، بابەتی سەرەکیی زۆربەی هەواڵ، راپۆرت و لێکدانەوە میدیاییەکانی کوردستان بووە. بایکۆتی هەڵبژاردنی کوردستان لە 30ی ئەیلول و دواتر ئاگادارکردنەوەی پارتی لەلایەن کورە گەورەی تاڵەبانی (هەڵبەت لەوەدا قوبادی برای و لاهوری زڕئامۆزاشی پشتیوانن) بەوەی کە دکتۆر بەرهەم بەربژێری یەکێتییە بۆ پۆستی سەرۆککۆماری لە بەغدا، وایکردووە کە هەموو سەرنجەکان پتر لەسەر شەخسی ئەو بێت تا ئەو هەموو کاندیدانەی کە لەناو یەکێتیدا ناویان دێت. بە واتایەکی دیکە دکتۆر بەرهەم لەلایەک و ئەوانی دیکەش هەموویان لەلایەک.

دوای یەکلابوونەوەی پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، بەکورتییەکەی دەرکەوت کە پارتی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری ناوێ. سەرباری ئەوەی کە پێداگیرییەکی بەهێزی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی (لە هەموو ئەتراڤی شیعە و سوننە) هەبوو بۆ ئەوەی نێچیرڤان بارزانی وەک بەربژێری بێ ڕکابەر ببێتە سەرۆککۆماری وڵاتی بەناو عێراق و پۆستەکە بەر پارتی بکەوێت (کە هەڵبەت پارتی وەکو حیزب پێیانخۆش بوو، بەڵام نێچیرڤان بارزانی رەتیکردەوە)، ئەو پۆستە لەلای یەکێتی مایەوە، بەڵام بە مەرج. چونکە ئەگەر یەکێتی بیەوێ کاندیدێک لە دەرەوەی ویستی پارتی پێشنیاز بکات، پارتیش وەکو کورد (چونکە پۆستەکە ئیستیحقاقی کوردە نەک یەکێتی) بەربژێری دەبێت، لەوەشیاندا پارتی مەبەستییەتی ئەو بەربژێرەی یەکێتی ئەوە بێت کە ئەو رازییە لەسەری. تا ئێرە روونە و پێناچێ هەموو یەکێتی بتوانن لەسەر کەسێک ڕێکبکەون، چونکە ماڵی تاڵەبانی بوونەتە دوو بەش، بە نسبەت دکتۆر بەرهەمیشەوە کارەکە قورسە. چونکە پارتیش لەو مەسەلەیەدا بووەتە دوو بەش، تەنانەت بۆچوونێک هەیە کە پارتی بەهیچ شێوەیەک پشتیوانی لە دکتۆر بەرهەم ناکات. تەنانەت ئەگەر تاکە کاندیدی یەکێتیش بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پارتی ئامادەیە پشتیوانی لە هەر پۆستێکی دیکە بکات بۆ دکتۆر بەرهەم (بۆنموونە وەزیری دەرەوە یان وەزارەتێکی سیادی) کە بەر یەکێتی بکەوێت، یەکێتی دکتۆر بەرهەمی بۆ کاندید بکات. بۆیە پێدەچێ لە داهاتوودا پلانی B بۆ زۆر پۆست و پایە هەبێ، جا چ لەلایەن دکتۆر بەرهەمەوە (کە داهاتووی سیاسیی خۆی و قەوارەکەی پێوە گرێدراوە) یان لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە.

## کێ بەربژێری یەکێتییە؟

2

لەمڕۆوە تا سێشەممەی داهاتوو دەرگای گفتوگۆ تا دوا ساتەکان بۆ دیاریکردنی پۆستی بەربژێری کورد بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار و هاوکات سەرۆکوەزیرانی داهاتووی بەغدا کراوەیە. پرۆسەکە بە دوو ئاراستەدا هەنگاودەنێت، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە وەکچۆن هەموو لایەنەکان بە زۆرینە لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی ڕێککەوتن، ئاواش بۆ ئەو دوو پۆستە ڕێکبکەون. یان ئەوەتا بیخەنە کێبڕکێوە. یەکێتی ئەگەر بەربژێرێک پێشنیاز بکات کە بەدڵی پارتی بێت، پارتی خۆی لە کاندیدکردنی کەسی دیکە دەگرێت (هەڵبەت ئەوەش پەیوەستە بە ئایندەی حوکمڕانی لە کوردستان، بە کەرکووکیشەوە). ئەگەر دکتۆر بەرهەم بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی قەوارەکەی بدات (کە ئەوە مەرجێکی قورسی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە بۆ دکتۆر بەرهەم)، ئەوە دکتۆر بەرهەمیش دەبێتە یەکێک لەو بەربژێرانەی کە یەکێتی دەیبین. لەو حاڵەتەدا دوور نییە پارتیش (فازڵ میرانی یان دکتۆر فوئاد حوسێن) بۆ کێبڕکێ بخاتە مەیدانەوە، بەوەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەربژێرە لاوازەکانی ناو یەکێتی دوور دەخاتەوە. سیناریۆی دووەمیش ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی هەریەکە و بەربژێری خۆیان هەبێ، دکتۆر بەرهەمیش (ئەگەر تا ئەو کاتە قەوارەکەی نەچووبێتەوە ناو یەکێتی) لەدەرەوەڕا بە پشتیوانی بەشێکی یەکێتی و کوتلەکانی دیکە (وەک تاقیکردنەوەکەی ئەحمەدی حاجی رەشید) بێتە نێو ململانێکەوە.

هەموو ئەو سیناریۆیانە لەکۆتاییدا بەوە خەتم دەبێ کە بەربژێرێک کە پشتیوانیی تەواوی ماڵی تاڵەبانی لەپشت بێت، دەبێتە سەرۆککۆماری داهاتوو. چونکە لە هەڵبژاردنی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەماندا، دەرکەوت لایەنە شیعە و سوونەکان پتر پابەندی ڕێککەوتنن تا لایەنە کوردییەکان لە ناوخۆیاندا. بۆیە هەر بەربژێرێک کە سەد دەر سەد لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە پشتیوانیی لێ نەکرێت، شانسی نابێت.

## ئاگر لە بەسرە و دووکەڵ لە کۆیە

3

گوتاری سەرۆک بارزانی لە مەراسیمی دەستپێکی هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول و پێشتریش سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ لای هەر یەک لە یەکگرتوو، کۆمەڵ و گۆڕان، تا رادەیەکی زۆر تانسیۆنی سیاسیی کوردستانیان خاوکردەوە. پێدەچێ بە پێچەوانەی هەموو رەشبینییەکان، پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارە ئەهوەنتر و هێمنتر بێت لە جاران. ئەڵبەتە دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆی جەنابی سەرۆک بارزانی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەیە. یەکیان بەو ئاراستەیە کە لە غیابی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا، پارتی شەڕێکی ناعادیلانە لەگەڵ بەرامبەرەکانی دەکات. پێویست نەبوو سەرۆک بارزانی خۆی بەو باسەوە خەریک بکات، بەڵام بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە وجودی بەڕێزیان و ئەو کاریگەرییەی ئەو لەسەر دەنگدەر و بەربژێرەکانی پارتی هەیەتی (بە تایبەتیش کە لەلایەن یەکێتیشەوە کاک کۆسرەت سەرپەرشتیی پرۆسەکە دەکات)، وادەکات بە هەردووکیان وابکەن هەڵبژاردنێکی بێ تەشەننوج و دوور لە گرژی بەڕێوەبچێت.

پارتی لەو ماوەیەدا بڕیاریداوە بەهیچ شێوەیەک نەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی دیکە بە شەڕە قسە و موهاتەرات، دەنگی پێ کۆبکەنەوە. چونکە دەنگدەرانی پارتی لە هەموو بارودۆخێکدا دەچنە سەر سندووقی دەنگدان. ئەوەی ئێشی بەرامبەرەکانی پارتیی قورسکردووە، ئەوەیە کە چۆن بتوانن دەنگدەرانی خۆیان لەوپەڕی بێهیواییدا و بێ شەڕفرۆشتن بە پارتی، ببەنە سەر سندوقی دەنگدان!



کاوە ئەمین

# دیسان بارزانی!

وشەی داگیرکەر لە هەموو زمانەکاندا، وشەیەکی قێزەونە، بەتایبەتی لە زمانی ئەو نەتەوانەی وڵاتیان لەلایەن دەوڵەتێک یان نەتەوەیەکەوە داگیرکراوە، ئەو شتەی کە پاڵنەری داگیرکارییە، لوتبەرزی، هێز، دەسەڵات و بەرژەوەندییە، رۆژئاواییەکان رچەشکێنی داگیرکارین. ئەگەرچی داگیرکاری یان کۆلۆنیالیزم لە هەموو سەردەمەکاندا هەبووە، بەڵام لە سالانی 1400 بەدواوە ئەو فۆرمەی ئێستای وەرگرتووە، ئەوەی ئەوروپییەکان پێیاندەگوت "دۆزینەوە"، بۆ نموونە دۆزینەوەی ئەمریکا لەلایەن کریستۆفەر کۆلۆمبۆسەوە، ئەگەرچی ئەمریکا پێش چوونی کۆلۆمبۆسیش هەر هەبوو. چەوساندنەوەی دانیشتووە رەسەنەکانی ئەمریکا و ئەفریقا و ئاسیا بوو بە فاکتەرێکی بنگەیی کۆلۆنیالیزم، دواتر دەیان شەڕی بەدوای خۆیدا هێنا. لەناو وڵاتە تازە بنیاتنراوەکانی ئاسیا و ئەفریقاشدا جۆرە کۆلۆنیالیزمێک داهێنرا کە کۆبییەکی خراپتری کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بوو، زۆر دوورنەڕۆین کوردستان کە بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشکرا و خەڵکانێک بوون بە حاکم بەسەر وڵاتەکەدا کە لە دانیشتووە رەسەنەکە نەبوون. لێرەدا من نامەوێت مێژووی سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزم بنووسمەوە، بەڵکو دەمەوێت باسی دیوێکی دیکەی کۆلۆنیالیزم بکەم، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی نەتەوە داگیرکراوەکان و بەتایبەتیش کورد. لێرەدا باشووری کوردستان وەکو میناک دەهێنمەوە کە زیاتر لە سەد ساڵە خەباتی چەکداری بۆ وەدەرنانی داگیرکەر تێیدا بەردەوام بووە، بە ئێستاشەوە. پارساڵ کە باشووری کوردستان ریفراندۆمی کرد، ئیدی ئەوە گەیشتن بوو بە دروێنەکردنەوەی بەرهەمی سەد ساڵ خەبات و ماندووبوونی گەلێک، کە تەنیا پشتی بە شاخەکانی خۆی بەستبوو، ئاخر بەرژەوەندی گەلە سەردەست و وڵاتە زلهێزەکان وای کرد کە ئێمە "سەد ساڵ تەنیا" بین. کۆلۆنیالیستەکان بۆ سەرکەوتنی خۆیان پشتیان بە سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە" بەستبوو، دیارە ئەو مۆدیلەیان بۆ میراتگرەوەکانیان بەجێهێشتووە، تورک و عەرەب و فارس بە جوانی لە کوردستاندا بەکاریانهێناوە، باشترین نموونەش خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرە کە پاش ریفراندۆم هات.

یەکەمینجار بوو لە مێژووی کوردستاندا سەرکردەیەک بە دوژمنە سەرەکی و لاوەکیەکانمان بڵێت نەخێر، ئێمە ئیدی لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، راوێژ و پرسیش بە دۆستەکانمان بکەین، ئەگەر ئامۆژگاریەکانتان لەبەرژەوەندی ئێمە نەبێت، شەرت نییە بەقسەتان بکەین، ئێمەش بەرژەوەندیەکمان هەیە وەکو ئێوە کە ناوتان ناوە بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئەو کەسەش سەرۆک مەسعود بارزانی بوو کە بەدەنگی بەرز گوتی نەخێر گوێتان لێناگرین، چیدیکە خۆمان شەرمەندەی لای گەل و مێژوومان ناکەین! ئیدی ئێمە کورنوش نابەین و خۆمان ناچەمێنینەوە. خۆزگە بارزانی لە ساڵی 2004 ئەو بڕیارەی بدایە.

لە دەمی زۆرێک لە بەرپرسەکانی کاژیکم بیستووە، لە ساڵانی شەستەکاندا هەندێک بەرپرسی خۆبەکەمزان ئەوەندەی بانگەشەی عێراقچێتی و دژە دەوڵەتبوونی کوردستانیان کردووە، زۆر لەوە کەمتر باسی فشەمافێکی کولتوورییان بۆ کورد کردووە، بۆیە بەبەردەوامی دژایەتیان کردوون و تەنانەت شکاتەکانیان گەیاندووەتە لای مستەفا بارزانی، ئەویش لێی پرسیون ئەم کاژیکانە چین وا بەخراپە باسیان دەکەن و چییان گەرەکە! لە وەڵامدا پێی دەڵێن: قوربان، ئەمانە شۆڤێنین و داوای دەوڵەت دەکەن و هەمووشیان دە دوانزە کەسێکن! ژەنراڵ بڕۆکانی تێکدەنێت و پێیان دەڵێت: مەگەر من بۆچی خەبات دەکەم، زەحمەت نەبێت ناوی منیش لەدوای ناوەکانی ئەوانەوە بنووسن.

ئەحمەد تۆفیق، سەرکردەی دیاری حیزبی دیموکرات و رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی ئەوانەی دژی ژەنراڵ بارزانی بوون، لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، لەگەڵ مەلا جەمیل مەردۆخی و چەند کەسێکی دیکە گۆڤارێکی لۆکاڵییان لە سلێمانی دەرکردووە بەناوی "دیسان بارزانی"، باسی خەبات و ماندووبوونی بارزانییان کردووە، دواتر کەوتوونەتە بەر تانەوتەشەری کالڤام و کاسەلێسەکانی داگیرکەری عێراقی. دیارە نە من خۆم بە ئەحمەد تۆفیق دەچوێنم و نە کاک مەسعودیش پێویستی بە پەسەندانی منە، بەڵام ئەم وشانە بە قەناعەت و بڕواوە دەنووسم، چونکە من لەوەتای بیرم کردووەتەوە، کەسێکی سەربەخۆخوازم و لە پاریشەوە ریفراندۆمچییەکی سەرسەختم. مێژوویش ئیسپاتی کردووە کە تەنیا سەربەخۆیی دەتوانێت کەرامەتی نەتەوەیەک بپارێزێت، ئەوەی کە لە کەرکووک و خورماتوو دوای 16 ی ئۆکتۆبەر روویدا و بەردەوامە، ڕاستیی ئەو قسەیە دەسەلمێنێت، بۆیە ئەگەر کەرامەتمان دەوێت نابێت رێگا بە دووبارەبوونەوەی خیانەت بدرێت، بێگومان ئەوەش بە کەسانێک دەکرێت کە خۆناچەمێنن.

ئەو کەسانەش تا دێت ژمارەیان زۆرتر دەبێت.



فەریق حەبیب

# ئایا سەردەمی زێڕینی حیزبی دەعوە کۆتایی هات؟

حیزبی دەعوەی ئیسلامی کە لە ساڵی 1957 دامەزرا، نزیکەی 50 ساڵی پێچوو ئینجا لە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی قەدەغەکراوەوە بووە پارتی دەسەڵاتدار، بەڵام دوای 13 ساڵ لە مانەوەی لە لووتکەی دەسەڵاتێکی ئیفلیج و شکستخواردوودا و لەنێو قەیران و ململانێیەکی توندی نێوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، وا خەریکە خۆری دەسەڵاتی بەرەو ئاوابوون دەچێت، ئەوەش دوای ئەوەی لەچەند رۆژی رابردوودا و لە گۆڕانکارییەکی دراماتیکیدا هەردوو هاوپەیمانی سائیرون (موقتەدا سەدر) و فەتح (هادی عامری) لەسەر هێڵە گشتییەکانی پێکهێنانی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی و سەرئەنجام پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق جۆرێک لە لێکتێگەیشتنیان نواند.

دەبێت مەسەلەی دووركەوتنەوە یاخود دوورخستنەوەی حیزبی دەعوە لە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی عێراق، لەسەرووی هەمووشیانەوە لە پۆستی سەرۆک وەزیران، لە سێ ڕەهەندەوە لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، یەکەمیان تێڕوانینی مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان و دووەمیان ڕەهەندی ناوخۆیی و ئەوی تریشیان ڕەهەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە.

مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان لە نەجەف لەدوای 2003 وە قسەی یەکلاکەرەوەی هەیە لە تەواوی بابەتە سیاسییەکانی عێراقدا، زۆر جار یەک فەتوای سیستانی کە لەڕێی مەهدی کەربەلایی گوتەبێژییەوە پەخش دەکرێت، هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق تەواو سەرەوژێر دەکاتەوە. لەچەند رۆژی رابردوودا ئەو مەرجەعیەتە کۆمەڵێک مەرجی قورسی دانا بۆ ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش تەواوی ئەو کەسایەتییانەی رەتکردەوە کە پێشتر تاقیکراونەتەوە، ئەوەش گورزێکی کەمەرشکێن بوو لە حیزبی دەعوە و چەند لایەنێکی تری شیعەکانیش، بۆیە فاکتەری مەرجەعیەت رۆڵی گەورەی هەبوو لەوەی دەبێت جۆرێک لە تەوافوقی سیاسی نوێ دروست بکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، جیاواز بێت لەو ڕێکارانەی لە 13 ساڵی رابردوودا تاقیکراونەتەوە، ئەوەش ڕەنگە بە بەلاوەنانی هەژموونی حیزبی دەعوە کۆتایی بێت.

لەسەر ئاستی نێوخۆش، ئەو دەسەڵاتەی ماوەی 13 ساڵە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن دەعوە-وە بەڕێوەدەبرێت، بە هەرسێ باڵەکەی جەعفەری و مالیکی و عەبادییەوە، مۆدێلێکی تایفەگەری و شکستخواردووی دەسەڵاتی نیشانی عێراقییەکان دا، مۆدێلێکی ئەوەندە خراپ کە خەڵک بەهۆیەوە بەناچاری خۆزگەیان بە دەسەڵاتەکەی سەدام حوسێن دەخواست، لەو 13 ساڵەدا پێکدادانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق گەیشتە ئەوپەڕی و شیعە و سوننە و کورد بوون بە دوژمنی یەکتر، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو پێکدادان و ململانێی سەخت خودی شیعەکانیشی گرتەوە، بۆیە گۆڕینی ئەو چەشنە لە دەسەڵات بووەتە پێویستی و داواکارییەکی جەماوەریی عێراقی.

لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش، ململانێی سەختی نێوان ئێران و ئەمریکا لەلایەک و تورکیا و سعودیە و قەتەر و چەند لایەنێکی دیکە لەلایەکی تر لەسەر خستنە سەر دەسەڵاتی ئەو کەس و لایەنانەی سەر بە هەر یەکێک لەو وڵاتانەن، ڕەوشێکی ئەوەندە سەخت و قەیراناوی لەدوای هەڵبژاردنەکەی 12 ی ئایارەوە دروستکردووە کە ئەستەمە هەروا بەئاسانی حکومەت لەنێو ئەو کێشمەکێشەدا پێکبهێنرێت و زۆر کەس پێیوابوو عێراق بەرگەی ئەو دۆخە ناگرێت و دوور نییە لەو نێوەندەدا بپچڕێت، بۆیە هەر پێویست بوو هەردوو لایەنی سەرەکی جەمسەرگیرییە ئیقلیمیە- نێودەوڵەتییەکە، ئێران و ئەمریکا، بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر داڕشتەیەکی هاوبەشی پەیوەست بە دەسەڵاتی داهاتووی عێراق ڕێکبکەون، چونکە ئەگەر لایەنگرانی تەوەری ئێران حکومەتی نوێی عێراق پێکبهێنن، لایەنگرانی تەوەری ئەمریکا هەوڵی شکستپێهێنانی دەدەن، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەوجۆرەش عێراق لەنێو هەمان بازنەی بەتاڵی 13 ساڵی رابردوودا دەخولایەوە و زیاتر دەبووە فاکتەرێکی ناسەقامگیری لەم ناوچە هەستیار و روو لە گۆڕانکارییە گرنگەدا، بۆیە چارەسەری مامناوەند و لۆجیکی ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت حکومەت لە لایەنگەلێکی جیا لەو داڕشتانەی پێشوو پێکبهێنرێت و لایەنگرانی هەردوو تەوەرەکەی تێدابێت. ئەوەش وا دەخوازێت دوو لایەنی سەرەکی وەکو سائیرون و فەتح پێکهێنەری سەرەکی حکومەتەکە بن، کە ڕەنگە دواتر بەشێوەیەکی پەراوێزئامێزانە لایەنگرانی عەبادی و مالیکیش بەشداری تێدا بکەن.

بەپێی نوێترین زانیاریش، مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان لایەنگری ئەوەیە سائیرون و فەتح کۆڵەکەی حکومەتی داهاتووی عیراق بن و کوردیش هاوبەشێکی کارابێت. لەوانەیە هەر ئەوەش پاڵی بە عەبادییەوە نابێت لە دوایین لێدوانیدا بڵێت: "دەست بەکورسیی دەسەڵاتەوە ناگرم و پابەندی ڕێوشوێنە دەستوورییەکانی پێکهێنانی حکومەت و ڕێنماییەکانی مەرجەعیەتی ئاینی دەبم"، بەڵام پرسیاری جەوهەری ئەوەیە، ئاخۆ حکومەتێک کە کەرەستە خاوەکانی هەمان ئەو کەرەستانە بن کە 13 ساڵە ڤایرۆسی گەندەڵی و تایفەگەری و لەخۆباییبوون لەنێو سەرتاپای جەستەیاندا تەشەنەی کردووە، دەتوانێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خۆی چارەسەر بکات و تەندروستانە ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ و مەینەتیی عێراقییەکان کەم بکاتەوە؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی روودا و نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## ڤیرۆنیکا
## ترسی لە کوردستان شکاوە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕ... هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەن... ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : ...رجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتە... سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

# هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان:








